# گزنگ

زانست
ئاشتی
ئاوەدانکردنەوە

ساڵی دووهەم / ژمارە ١١و١٢ / بایی: ١٥٠ تومەن



هاوین و پاییزی ٢٦٩٥/ی کوردی

گۆڤارێکی وەرزییە،
لقی ئاوارەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق
دەری دەکات.

**سەرنووسەر: رێبوار**

........................................

*** هەر وتارێك تەنیا بیروڕای نووسەرەکەی دەگەیێنێ.**

........................................



**رووبەرگ:** وێنەی خوالێخۆشبوو
تەحسین تەها




**پشت بەرگ:** ئافرەتێکی ئاوارە لە ئۆردوگای زێوە

**نیشانی:** کرج، رسالت شرقی، مهرگان، پلاك ١٢٨

**تەلەفۆن:** ٠٢٦١ـ٢٢٠٦٢٤     **فاکس:** ٠٢٦١ـ٢٢٠٦٢٦

*** گزنگ هیچ بەرهەمێك بۆ خاوەنەکەی ناگێڕێتەوە**

# پێرست


دەسپێك ........ سەرنووسەر ........ ٥

ئاوارەکۆڵنەدەرە ........ ساڵح مەحموود ........ ٦

سیاسەت ........ ساڵح مەلاعومەر ........ ١١

زانیاری زانستانە ........ عزەت مەلاعەلی ........ ١٥

سەرنجێکی کوردناسی ........ فوئاد فەیلی ........ ١٦

ئافرەتان میوانانی زەوی‌نین ........ شەهلا ........ ٢٢

کام چیرۆك و چۆن ........ مەزلووم ئەرگۆشی ........ ٢٣

رژیانا ستێرەکێ ........ رەفیق مەستەفا ........ ٢٧

لهیڤیا ئازادییێ ........ سەبری چاوشین ........ ٢٩

بنەمالێد ناڤدارا ........ ئینزار ئەحمەد ........ ٣٠

دیمانە ........ ٣٣

دەمەتەقەی خێلو و گێلۆ ........ ٣٧

وڵامی کاك رێبوار ........ سدیق بۆرەکەیی ........ ٣٩

بەکوری خەڵك وەجاخ ........ حەکیم ساڵح ........ ٤٤

لە یادم ناچێت ........ حەمید مەجید گەردی ........ ٥٠

تیرۆرە گرنگەکانی رامیاری ........ ٥١

دل هەر دلە ........ مامۆستا هەژار ........ ٥٢

رچە رێگا ........ عەبوڵڵا ئەحمەد کەرکووکی ........ ٦٠

وێرانە وڵات ........ مقداد شاسواری ........ ٦٣

وڵامی نامەی خوێنەران ........ ٦٨

هەواڵ و چالاکی ........ ٦٩

بۆ زارۆکا ........ رێبوار ........ ٧١

یەکێتی و مافی مرۆڤ ........ چارچەل ........ ٧٤

هۆنراوە ........ ٧٧

چاو پێکەوتن ........ ٨٠

# دەسپێك

بەناوی کرگاری بێهاوتا.

هەرچەندە گەلێ کەیفخۆشین کە وا توانیمان ئەمجارەش (گزنگ) بگەیێنینە دەست خوێنەران، بەلاَم دەزانین کە بزەی سەر لێوانمان ناتوانێ هێمای شەرمەزاری روخسارمان لە خوێنەر بشارێتەوە.

بەڵێ، دان بە شەرمەزاری خۆمان دادێنین. ئاواتمانە بمانتوانیبا، لە کاتی دیارکراو، بێدرەنگ‌و زوویی گۆڤارەکەمانتان پێشکەش بکەین. بەلاَم چی بکەین. برواتان بێ هەرچی هەوڵماندا، نەکراو نەبوو.

هەر جارەو گرفتێك‌و هەر رۆژەو لەمپەرێك. تا وای لێهات کە ئێستا دەیبینین.

دیسان ناچار بووین دوو ژمارەی (١١و١٢) پێکەوە بلاَو بکەینەوە، کە تایبەتن بە هاوین‌و پائیزی ٢٦٩٥/ی‌کوردی. ئەگەر لێمان بپرسن بۆ وای لێدێ؟ عەرزتان دەکەین کە دەربەدەری‌و ئاوارەیی‌و بێ‌پارەیی، ئەو دیاردەیانەشی هەر دەگەڵ دەبێ. هەر باش نییە ئەوەندەشمان پێ دەکرێ.؟

بە هەرحاڵ لەم بارەیەوە، هیچی ترمان پێ نییە عەرزتان کەین، جگە لەوەی دەست بکەینە گیرفانی پانتۆڵە بێرەنگە تاناکۆڕایەکەمان‌و دەستە سرێ کۆن‌و دڕاو، کە پارچە پەڕۆی کراسی بەرپرسی بەشی داراییمانە، دەربێنین‌و ئارەقەی شەرمەزاری توێڵمان بسرینەوەو ئەم بەڵێنەش بدەین کە بەتەمای خوا، ئیتر دووبارە نابێتەوە.

قەوارەی ئەم ژمارەیەی گزنگ، دەگەڵ ژمارەکانی پێشوو تەوفیری هەیەو کردمانە (ئا٤). لە راستیدا ئەم کارەشمان هەر لە ناچاری بوو. قەوارەی ژمارەکانی پێشوو بڕێك نارێك بوو و کاغەزەکەمان دەست نەدەکەوت. بۆیە بڕیارماندا بیگۆڕین. هیوادارین پەسەندی خوێنەران بێ.

هەر دەگەڵ ئەم ژمارەیە زنجیرە چاوپێکەوتنێکمان چاپ کردووە، کە بە داخەوە ئەوانەش هەر بەلاَی (گزنگ)یان بە سەر هات‌و وا بە درەنگی بلاَو دەبنەوە. بە تایبەت کە هەندێ مەسەلەی باسکراو لەم وتووێژانە، رەنگە ئێستا تا رادەیەك چارەسەر کرابن‌و بۆیەش باسەکان، ناوەخت بێنە بەرچاو. ئێمە سەرەڕای ئاگادار بوون لەم راستی‌یە، لەبەر ئەوەی چاوپێکەوتنەکان داگری هەندێ شتی بە بایەخ‌و سوودمەند بوون، دڵمان نەهات بلاَویان نەکەینەوە. تەنیا هەندێ باس کە ئیتر بەهۆی دوواکەوتن لە رادەبەدەر بێ وەخت دەبینران، لە چاوپێکەوتنەکان دەرهێنران‌و ئەوی تریشمان لە کۆتایی گۆڤار لە چاپ داون.

لە دووماهی بە پێویستی دەزانم. سپاس‌و پێزانینی خۆم، ئاراستەی هەڤاڵ دەهام چاوشین بکەم کە بۆ چاپ کردنی (گزنگ) چ ژمارەکانی رابردوو و چ ئەم ژمارەیە، گەلێ خۆی ماندوو کردووە، دەستی خۆشبێ‌و ئێوە خوێنەرانی بەڕێزیش هەر خۆش و شادبن.

سەرنووسەر

# ئاوارە كۆڵنەدەرە.

سالّح مەحموود



دووای نەكسەی (٧٥)، ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی كوردستانی عێراق، بۆ ئەوەی نەكەونە دەستی رژێم، لە سنووری ئێران تێپەڕینو خۆیان بە دەستی چارەنووسێكی نادیار ئەسپارد.

هەندێك بەو هیوایەی، بەزوویی چارەسەرییەك دەدۆزرێتەوەو دیسان دەگەڕێنەوەو چەندێكیش بەو هزرەكە هەر نەكەونە دەستی رژێم، هەرچی بە سەریان بێ قەیدی نییە، لە ئۆردووگاكانی سەر سنوور گیرسانەوە.

پاش ماوەیەك، بەهۆی گوزەرانی نالەباری ژیان لە ئۆردووگاو هەوڵی رژێم بۆ گەڕاندنەوەی خەڵك كە چەندین وەفدی رەوانەی ئێران كرد. ژمارەیەك لەو ئاوارانە گەڕانەوەو ئەوانی تریش ژیانی پەڕەوازییان لەگەڕانەوەی بە سەرشۆڕی بۆ باوەشی دوژمن باشتر زانیو ئەوجا رژێمی كۆنەپەرستی شای گۆڕ بەگۆڕیش، بە دڵی خۆی ئەوەی لەدەستی دەهات لەگەڵیانی كردو پێشانیداكە بەخشینی مافی پەنابەری بەو خەڵكە نەك لە رووی دڵسۆزی، بەڵكوو بۆ تواندنەوەو لەناو بردنیان بووە.

شا، كوردە پەنابەرەكانی، وا لە سەرتاسەری ئێران پرشوبڵاوكردەوە كە بە خەیاڵی خۆی، دووای ماوەیەك نەك شۆڕشو شۆڕشگێڕی، تەنانەت زمانەكەشیان لەبیر نەمێنێو بە تەواوی لەناو كۆمەڵگای ئێراندا بتوێنەوە. لە دابەشكردنی پەنابەران، بۆ سەر شارو شارۆچكەكانی ئێران، كە هەوڵ دەدرا بە رەنگێكی دڵسۆزانەو مرۆڤدۆستانە بەڕێوە بچێ!

كاری وا دەكرا كە مرۆڤ واقی وڕ دەما!

زۆر لە بنەماڵە كوردەكان، لێك ترازێندرانو مشەبوون ئەوانەی وا دابەشكران، كە كوڕو باوك هەزار كیلۆمەتر لێك دوور بكەونەوەو كەسیش مافی سەفەرو سەرەدان كردنو لە حاڵی یەكتر پرسینی نەبوو.

لەلای ترەوە، كوردە پەنابەرەكانیش بۆ بەرپەچ دانەوەی ئەم هەوڵەی رژێم، دەست لە ئەژنۆ دانەنیشتنو لە دوو رێگەوە خەباتی خۆیان درێژەپێدا.

رێگەی هەستی سروشتی، بەڕاستی زۆر كاریگەر بوو. كوردی پەنابەر هەرچەندە لە چارەنووسی براو باوكی بێئاگابوو. بەڵام هەر كوردێكی تری، بە برای خۆی دەزانیو

ئــەو خــەڵکە دوور لە هــەستی عــەشایێرو جیاوازی زاراوەیی، هەموو ببوونە برای راستەقینەی یەکتر! من بەخۆم ژمارەیەکی زۆری ئەو خەڵکەم دیـون کە پەیمانی برایەتییان بەستووەو تا ئێستاش هەر پێی وەفادارن. بە تایبەت یەکێکیانم قەت لەبیر ناچێ کە کابرایەکی خانەقینی لەگەڵ یەکێکی تری زاخۆیی ببوون بە برای یەکترو کەس هەستی نەدەکرد کە ئەوانە لە دوو دایكو باوك هەڵکەوتبن!

رێگەی تریش، گەیاندنی دەنگی ناڕەزاییو چۆنیەتی زۆرداری رژێم، بە کەرەج بوو.

سەرەڕای قەدەغە بوونی سەفەرو هاتو چۆ، بەتایبەت بۆ دەوروبەری تارانو کـەرەج، مـاوە بـەماوە پـەنابەرانـی شارێك بە هەزار دەردە سەریو ترسو لەرزەوە، یەکێکیان رەوانەی کەرەج دەکرد. تا براگەورەو خەمخۆرەکەیان لە بارودۆخو ژیانی پڕ لە چەرمەسەری ئەو خەڵکە، ئـاگـادار بکاتەوە. جاکاك ئیدریسی رەحمەتیش بەخۆی چەند تووشی ئەزیەتو ئازارو بگرەوبێنەی (ساواکی) رژێم دەبوو، چەند جار دەڕۆییشت، بێ ئەوەی ئومێدی گەڕانەوەی هەبێ با هەر بمێنێ.

ئێستا، کە ساڵی ١٩٩٥/ه. زیاتر لە بیست ساڵ بەسەر ئەم کارەساتە تێپەڕیوە. کارەساتێك کـە بـمانەوێو نـەمانەوێ، رەنگی تاقی کردنەوەیەکی زۆر سـەختی بـۆ ئـەم خـەڵکە پەنابەرە بەخۆوە گرت.

ئێستاش سەربڵندین بەوەی کە دەبینین زۆربـەی هـەرە زۆری ئــەم جـەماوەرە دڵسۆزە بـە دو رووی سپی، لەم ئەزموونە بوونەوەو ئیسباتیان کرد کـە بـەڕاستی رێـرەوی راســتەقینەی سـەرکردەکـەیان، بـاوکی نـەمریان، مستەفا بارزانین.

پەنابەری کورد لەبـەر ئـەوەکـە دەربـەدەری لەپێناو ئازادیی گەلەکەشی، بە شێوەیەکی خەبات دەزانی. بە باخەڵی فراوانو پشوو درێـژی بـێوێنە، گشت کـۆڵەواریو رەنـجو مـەینەتی دەربـەدەریی بـەگـیان کـڕیو بـەیادی نـیشتمانە پیرۆزەکەی ژیا. دیسان سەر لەنوێ خەباتی خـۆی دەست پێکردەوەو هێندەی پێ نەچووکە ئەو خۆراگرییە بە ئاکام گەییو دەنگی دوژمن تۆقێنی چەکی پێشمەرگە چیاو دۆڵو ئەشکەوتەکانی کوردستانی هێنایە سەما.

ئەو پەنابەرانەی مانای شۆڕشگێڕیو خەباتیان دەزانی، بە چەنگو ددان کەوتنە پاراستنو بەرگری لە خۆو رەوشتو دابو نەریتی ئەژدادی خـۆیانو بـۆ ئـەوەی لە سـۆنگەی ئەوانەوە ناوبانگی کـورد بـە خـراپـە نـەچێو بـە گـەلێکی دوواکەوتوو و بێفەرهەنگ نەناسرێن، بـە یـادی دەورانـی پێشمەرگایەتی، شەوو رۆژی زۆریان بە برسیاتی بردە سەرو دەنگیان لێوە نەهاتو ژمارەیەکی زۆریان لەوکاتەوە تا ئێستا دوورلە نیشتمان، ژیانیان بەسەر هاتو چوونە رێزی نەمرانو گەلێکیش سەر لەنوێ چاویان بـە جـیهان هـەڵێناو شـوێنی رۆییشتووەکانیان گرتەوەو ئێستاش بـەختەوەرن بـەوە کـە نازناوی هەوێنی شۆڕشیان پـێ دراوەو کـەسیش نـاتوانـێ نکۆڵی لەو راستیە بکات کە هـەر ئـەو پـەنابەرانـە، هـۆی سەرەکـی سـەرکەوتنەکـانی ئـەم چـەند سـاڵەی دووایـی گەلەکەمان بوون.

دووا بــە دووای دامـەزرانـی پـارلەمانو حکـوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم خەڵکە پەنابەرە چـاوەڕوان بـوون حکـوومەتی هـەرێمو بـەتایبەت فـراکسیۆنی زەرد، رێگەیەك بۆ گەڕانەوەیان دیار بکاتو ئەم خەڵکە جارێکیتر بە نیشتمانە پیرۆزەکەیان شاد بینەوە.

ئەوەی راستی بێ ئەم داوایەی ئاوارەکانی کورد لە ئێران لە ئاست ئەو هەموو فیداکاریو دەردو مەینەتەی لەو بیست ساڵە بە نسیبیان بووە، داخوازێکی نابەجێ نییەو مافی خۆیانە نەك هەر هەوڵی گەڕاندنەوەیان بۆ بدرێت، بەڵکوو شـایانی ئەوەن وەکـوو قـارەمانێك پـێشوازیـیان لێ بکـرێتو بـە رێزوشکۆ لەسەر خاکی نیشتمان دابمەزرێنەوە.

بەداخەوە تا ئێستا بەرنامەیەکی ڕێکوپێك و دیارکراو بۆ ئەمکارە دانەڕێژراوە یا رانەگەیێندراوەو هەرچەندە لەلایەن پارتی دێموکراتی کوردستان لێژنەیەکی تایبەتی بۆ پێشوازی لەو پەنابەرانەی دەگەڕێنەوە پێکهاتووەو هەندێ ڕێکخراوی خێرخوازیش هەوڵی یارمەتیدانیان دەدەن. بەڵام دیسان بێبەرنامەیی بووەتە هۆی پەرشوبڵاو بوونەوەی ئەم خەڵکەو تا ئێستا نەتوانراوە وەکوو پێویست، لە توانایی و زانیارییەکانی ئەوانە کەڵك وەربگیرێت.

پێویست بە باس نییە کە ئەم پەنابەرانە بەگشتی، یا ئەندامی پارتی دێموکراتی کوردستانن یا لایەنگری ئەو حزبەن و هەر بۆیەش بەداخەوە لایەنەکانی تری دەسەڵات لە کوردستان قەت ئاوڕێکیان لێ نادەنەوەو تەنانەت ڕەنگە هەندێ لایەن لە گەڕانەوەی ئەم خەڵکە بۆ وڵات دڵخۆش و خۆشنوود نەبن. هەر بە هۆی ئەم تێڕوانینە بوو کە حکوومەتی هەرێم و پارلەمان، نەیتوانی بەرنامەیەك بۆ ڕزگارکردنی ئەم جەماوەرە دڵسۆزە لە ئاوارەیی دابڕێژێ و بارەکە هەمووی کەوتە سەر ملی پارتی دێموکراتی کوردستان و ئەم حزبەش بە هۆی باری ئاڵۆزی کوردستان و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ نەیتوانیوە وەکوو پێویست ئەم داوایەی ئاوارەکان بەجێ بێنێ.

تا ئێستا چەندین جارو لە بۆنەو چاخی جۆراوجۆر

**● حزب پێیخۆشە ئەم خەڵکە بزانێ کە پارتی، پەنابەرێتی ئەوان، بە خەباتێکی پیرۆز دادەنێ و مردووەکانیان بە شەهید دەزانێ و پەنابەران هەمیشە شایانی ڕێزو تەقدیری سەرکردایەتیەکەیانن.**

کاربەدەست و بەرپرسانی پارتی و خودی کاك مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان، باسی مەسەلەی پەنابەرانی ئێرانی کردووەو ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە قەت نابێ ئەو خەڵکە وا هزر بکەن کە پارتی ئەوانی لە بیر بردۆتەوە. بەڵکوو ئەگەر وەکوو پێویست کاریان بۆ نەکراوە، ئەوە بەهۆی نەبوونی ئیمکانیات و نالەباری دۆخ و بەتایبەت گرفتی شەڕ بووەو پارتی بەڵێنی داوە ئەوەی لەدەستی بێت بۆ ئەم پەنابەرانە تەخسیری نەکات.

بە هەرحاڵ تێڕوانینێکی وردو دوورلە تیژ ڕەوی و زێدەخوازی ئەوەمان بۆ ئیسپات دەکات کە هەردوولا واتە حزب و جەماوەری پەنابەر، ئێستا ئەم چاوەڕوانییەیان لە یەکتری هەیە کە ڕەچاوی بارودۆخی لایەنی خۆیان بکەن بە شێوەی خوارەوە:

ئەلیف ـ پەنابەران:

١ـ چاوەڕوانی جەماوەری ئاوارە لە پارتی ئەوەیە کە سەرکردایەتی لە بیریان نەکات و وا هزر نەکەن کە ئەم خەڵکە بە نیسبەت ڕووداوەکانی ناوخۆ بێخەیاڵن و خوانەکردە هەستی شۆڕشگێری و کوردایەتیان دابەزیوە، هەروەها پەنابەران دەیانەوێ کەس ئەو هزرە نەکات کە خەڵکی ئاوارە لێرە فێری ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی تاکی بووەو ئەگەر پاش چەند ساڵ گەڕانەوەی سەرکردایەتیەکەیان هێشتا ئەوان هەر لێرە ماون، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە نایانەوێ لەم دۆخە نالەبارە گرفتێکی تر بۆ پارتی بێننە پێش و دەڵێن هەر کاتێك سەرکردایەتیمان هەستی بەوە کرد گەڕانەوەی ئێمە بارێکی گران ناخاتە سەرملی پارتی، ئەوە با فەرمانی گەڕانەوە بدەن و ئێمەش ئەوکاتە بەگشتی دەگەڕێینەوە.

٢ـ ژمارەیەکی زۆری ئەم خەڵکە لەم چەند ساڵە بە سەختی توانایی دابین کردنی ژیانی خۆیان بووەو ئێستاش ژیانێکی هەژارانەو دەستکورتانە دەبۆرینن. بۆیەش توانای ماڵییان بۆ گەڕانەوە نییەو وێڕای ئەوەی چاوەڕوانن پارتی لە دەرفەتێکی لەبار بیان باتەوە ئەو داوایەشیان هەیە کە سەرکردایەتیەکەیان هەست بەوگرفتەی ئەوان بکات و هەقیان پێ بدات کە ئەگەر تائێستا ماونەتەوە تەنیا لە ناچاری بووە.

٣ـ بەداخەوە بارو دۆخی شەڕ مەجالی کارکردنی بۆ خەڵك نەهێشتووەو بۆیەش ژمارەیەکی زۆر لەو پەنابەرانە، وا هەست دەکەن کە لە کاتی گەڕانەوە بە هۆی بێکاری دەبنە سەربارێك بۆ پارتی و بۆیەش دوو دڵن و حەز دەکەن سەرکردایەتی لەو هەست و بیرەی ئەوان تێ بگات.

ب ـ حزب:

١ـ هەر وەکوو بەر لەوەش باسمان کرد. پارتی لە ڕێگەی کاربەدەستەکانیەوە تائێستا چەندین جار دووپاتی کردووەتەوە کە پەنابەرانی کوردی نیشتەجێ لە ئێرانی لەبیر نەکردۆتەوەو قەت نابێ ئەو خەڵکە هزربکا سەرکردایەتیەکەیان ئەوانی پشت گوێ خستووە. هەربۆ ئیسپات کردنی ئەم بیروڕایە بووە کە هەردەم ڕێزو تەقدیری خۆیان بۆ پەنابەران دەربڕیوەو هەرکاتێ کەسێك یا وەفدێك لە لایەن ئەم خەڵکە رووی دە ئەوان کردبێ، بە پیریانەوە هاتوونو ڕێزیان لێ گرتوونو ئەوەی لەتوانایاندا بووە بۆیانی ئەنجام داون.

٢ـ حزب پێی خۆشە ئەم جەماوەرە بزانێ کە ئەگەر تا ئێستا بە ڕەسمی داوایان لێ نەکراوە بگەڕێنەوە، لەبەر ئەوە بووە کە پارتی پێی خۆشە پەنابەران زۆر ڕێکوپێکترو جوانتر بگەڕێنەوەو لە کوردستانیش کارێکی وایان بۆ بکرێ کە ئیتر نەکەونە تەنگو چەڵەمەو دووای هێندە ساڵ دەربەدەری، ژیانێکی بەختەوەرانە لە وڵاتی خۆیان بەرنە سەر.

٣ـ حزب حەز دەکا پەنابەران هەست نەکەن کە سەرکردایەتیەکەیان لە گرفتی ئەوان ئاگادارنییەو هەست بە هزرو بۆچوونی شۆڕشگێڕو خێرخوازانەی ئەوان ناکات. بەڵکوو هیواو ئومێدێکی زۆری بەو جەماوەرە هەیەو هەوڵیش دەدات ئاواتو ئامانجە پیرۆزەکانی ئەم خەڵکە دڵسۆزە بێنە دی.

٤ـ حزب پێیخۆشە ئەم خەڵکە بزانێ کە پارتی، پەنابەرێتی ئەوان بە خەباتێکی پیرۆز دادەنێو مردووەکانیان بە شەهید دەزانێو پەنابەران هەمیشە شایانی ڕێزو تەقدیری سەرکردایەتیەکەیانن.

٥ـ پارتی بە ئاواتە ئەم خەڵکەش هەست بە گیروگرفتی حزب لە کوردستان بکاو بزانێ کە ئەگەر تا ئێستا وەکوو پێویست خزمەتیان نەکراوە، لەبەر ئەوە بووە کە حزب، لەوە زیاتری لە تواناداد نەبووەو دڵنیابن هەوڵ دەدات بە هەر شێوەیەك بووە ئاواتی گەڕانەوەیان بەجێ بێنێ.

ئەمانەی سەرەوە چەند خاڵێکی چاوەڕوانی هەردوولا، واتە پارتیو جەماوەری پەنابەر لە یەکتری بوون کە بە بڕوای من هەموویان بەجێو هەقنو دەبێ هەردوولا ڕەچاوی بکەن.

بەڵام من شتێکی ترم لە دڵو مێشکدایە کە لێرە بۆ ئێوەش دەیڵێمەوە:

خوشکی ئاوارەم، برای پەناهندەم. پێم وایە کەس ئێمە لە خۆمان باشتر ناناسێ. خۆ دەزانن ئێمە کێین؟ ئێمە خەڵکێکین کە بیست ساڵ لەمەوبەر جۆرێ ڕێگەی پەنابەریمان هەڵبژارد کە تەنانەت ئومێدی ژیانیشمان نەبوو. بە خوا نەمانبوو. تەنیا دڵخۆشیمان ئەوەبوو کە ئەگەر مەلا مستەفا لەبرسان مرد، لە ئاوارەیی مرد، با ئێمەش بمرین. دەمانکوت با لەبرسان بمرین بەڵام ناچینەوە ژێر دەسەڵاتی بەعسی. خۆ هەمووتان لەبیرتانە ئەو کاتەی بانگ دەکرانو لە هۆدە کە نوێنەری (U.N)و عێراقو ئێران لێیان دەپرسین دەگەڕێنەوە عێراق یا لە ئێران بە پەنابەری دەمێننەوە؟ دەزانم لەبیرتان نەچووە. من چاك وەبیرم دێتەوە. لە یادمە کە کوردێك وتی:

ـ دەمێنمەوە!

ئەوجا نوێنەری حکوومەتی عێراق، لێی پرسی:

ـ چەند مناڵت هەیە؟

کوردەکە وڵامی دایەوە:

ـ حەوت مناڵم هەیە.

نوێنەری عێراق قیراندی:

هەی قوڕبەسەر، بە خوا تۆ بە حەوت مناڵ لێرە هەر لەبرسان دەمری.

کوردەکە سەربڵندانە وڵامی دایەوە:

ـ ئەگەر هەموو مناڵەکانم لەبرسان بمرن، دیسان ناگەڕێمەوە ژێر حوکمی ئێوە فاشیستانی بەعسی!

لە بیرمە ئەو کاتەی وەفدێکی حکوومەت هاتە ئۆردووگایەکی پەنابەران بۆ ئەوەی ڕازییان بکات بگەڕێنەوە. پیرەمێردێکی ڕدێن سپی هەستایە سەرپێو روو لە وەفدی حکوومەت وتی:

ـ پێویست ناکا ئەوەندە خۆتان ماندووکەنو لە ئۆردووگاکان بگەڕێنو ئەو هێندە خەڵکە ڕازی کەن. ئێوە ئەگەر ڕاست ئەڵێن بڕۆن تەنیا یەك کەس، تەنیا مەلامستەفا ڕازی کەن. دڵنیابن ئەو خەڵکە هەمووی بە یەك ڕۆژ دەگەڕێتەوە.

بەڵێ، ئێمە زۆر چاك خۆمان ئەناسین. ئێستا دووای هێندە

ساڵ دەربەدەری، نەك منالّە کانمان لە برسان نەمردن. بەلّکو هەموویان دکتۆرو ئەندازیارو پسپۆرو پیشەسازنو شوکر هەر یەکەیان دەتوانن ببنە خزمەتکارێکی بەتوانای گەلە کەیان. ئێمە لە پەنابەریش کۆلّمان نەداو لە هەر چرکەیەکی کات کەلّکمان وەرگرت، تا لە کاروانی پێشکەوتنی گەلانی تر دووا نەکەوین. بۆیەش خاوەنی وزەو توانایەکی گەلەك زۆرین و ئەگەر بە بەرنامە بجوولّێینەوە دەتوانین گەلێ کاری گەورە ئەنجام بدەین کە جێگەی واق ورمانی خەلّکانی تر بێ.

بە دلّنیاییەوە دەلّێم. ئێمە دەتوانین ولاّتەکەمان ئاوەدان کەینەوە. ئێمە دەتوانین بیچمی فەرهەنگی ئێستای ولاّتەکەمان کە گەلێ نیشانەی داگیرکراوانی پێوە دیارە، بگۆڕین و رەنگێکی کوردانەی پێ ببەخشین. ئێمە دەتوانین هەستی کوردانەو برایانەی ناوخۆمان لە هەموو کوردستان بلاّو بکەینەوە. بەلاّم ئەم کارە مەرجی خۆی هەیە. بەرنامەی دەوێ. یەکدلّی و یەکرەنگی و یەکدەنگی گەرەکەو پێم وایە من و تۆی ئاوارە، چاك فێری بووین و باش لێی شارەزاین.

گەلۆ قەت لە خۆتان پرسیوە کە ئەرێ بۆ خۆمان لە دەوری یەکتر کۆ نەبینەوەو هێزو تواناییەکانمان نەخەینە سەر یەك و بەم چەشنە هەم گرفتی خۆمان چارەسەر کەین و هەم بارێك لە سەر شانی حزبەکەمان هەلّگرین؟

من رای خۆم لەم بارەیەوە دەردەبڕم و تۆ خۆشك و برای ئاوارەش ئازادی چۆنی دەخوازی بیری لێ بکەیەوە:

بە بڕوای من زۆر جوان دەبێ ئەگەر ئێمەی ئاوارە بە تایبەت ئەوانەی شارەزای کارو پیشە یا خاوەن سەرمایەن لە دەوری یەکتر کۆ بینەوەو بەرنامەیەك بۆ داهاتوومان دابڕێژین. ئێمە دەتوانین بە دامەزراندنی بەشگە (شرکت)ەکی دابین کردنی کارو ئاوەدانکردنەوە هەم گرفتی نەبوونی کار لە ولاّتەکەمان چارە سەر کەین و هەم نیشتمانەکەمان بە پێی بەرنامەی رێکوپێك لەم وێرانییە رزگار بکەین.

دلّنیام ئەگەر کارێکی وا بکرێ پارتیش زۆر چاك هاوکاریمان دەکات و ئاکامەکەشی بریتی دەبێ لە سەربلّندی خۆمان و سەرکردایەتییەکەمان.

چاکیش دەزانم کە ئەم کارە زۆر لەوە چاکترە کە هەرکەسەو لەلای خۆی بڕواتە لای کاربەدەستانی پارتی و داوای چەند هەزار دینارێك بۆ پەنابەران بکات و پێشم وایە چەند هەزار دینارێك هیچ گرفتێکی ئەم خەلّکە چارەسەر ناکات. جاکەیفی خۆتانە □

تێبینی:

گۆڤاری (گزنگ) ئامادەیە بۆ رێکخستنی کۆبوونەوەیەك بۆ ئەو خۆشك و برا پەنابەرانەی بیانەوێ بەشداری بەرنامەیەکی وەکوو پێشنیاری ئەم وتارە بن. تکایە بە نامە یا تەلەفۆن لە ئامادە بوونی خۆتان ئاگادارمان بکەنەوە.

□ □ □

# سیاسەت

بەریوە بەرانی هیژای گوثاری گزنگ:
زور سپاس، کە لەو بارودوخە هەولی زور دەدەن، بو ئەوەی لاوانی ئاوارە لە هەندەران، تووشی بوشایی روشنبیری نەبن، سەرەرای ئەو بی ئیمکانیاتەی هەمووەمان ئاگادارین. هیوادارین هەروا بەردەوام بن لە دریژە پیدانی ئەم کارە پیروزە.

ئەوە وتاریکتان بە زمانی فارسی لە ژیر سەردیری "سیاسەت" بو دەنیرەمو بە تەمای خوا لە ژمارەی داهاتوو مەسەلەی هیز(قودرەت) لە سیاسەت، دەخەمە بەر باس‌و لیکولینەوە. کە هیوادارم بتوانم بە زنجیرە، بوتانی رەوانە بکەم...

نووسینی: سالح مەلا عومەر
وەرگێران لە فارسییەوە: هەژار سالح

## أ- سیاسەت چییە؟

سیاسەت بریتییە لە هەر چەشنە بیرلێکردنەوەو تەلاش‌و جموجۆڵ‌و لێوردبوونەوەو هزروکردەوەی تاکی‌و کۆمەڵ لە پێناو بەدەستەوە هێنانی دەسەڵات‌و بە ئەستۆ گرتنی بەڕێوەبردنی کاروباری ولات بە شێوەیەك کە کۆمەڵگاو ئەندامانی بکەونە ڕێچکەی گەیشتن بە ئاوات‌و داواکانی خۆیان.

بەو پێناسەیە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە سیاسەت، سەرنج ڕاکێشن:

١- پێویستی تەلاش‌و لێوردبوونەوەو بیر لێکردنەوە.

لە سیاسەتدا کۆشش‌و بیر لێکردنەوەو لێوردبوونەوەو هزرو جموجۆڵ پێویستە. هیچ کردەوەیەکی سیاسی بەبێ هەبوونی بۆچوون‌و بێبزاڤی‌و بێدەنگی‌و بێخەیاڵی مومکین نییە. لەسیاسەتدا جۆش‌و خڕۆش‌و کردەوەو جموجۆڵ خۆ دەنوێنێ. هەرکەس قەندیلەی دەسەڵات ڕەچاو دەکاو خۆی بەشایانی ڕاوەستان لە پێلیسکەیەکی ئەم قەندیلەو توانامەند بۆ بەڕێوەبەرایەتی بزانێ، دەبێ توانایی ڕاکێشانی ئەندامانی کۆمەڵگای هەبێ‌و دەبێ پێی بکرێ هاوبیرانێك کۆ کاتەوەو ئەم هاوبیرانە بڕوایان بە ئەوبێ‌و لێی دڵنیابن.

٢- پێویستی کۆمەڵ:

جموجوڵی سیاسی پێویستی بە کۆمەڵ هەیە. سیاسەت پێویستی بە گۆڕەپان هەیەو ئەوەی لە کۆمەڵگابێزاربێ یاپێی نەکرێ لەگەڵ خەڵکانیتر بژیێ، ناتوانێ کاری سیاسی بکاو جموجوڵی سیاسی خەڵك لە دەرەوەی کۆمەڵگا لە ئاقل بە دوورەو کۆمەڵگا شوێنی پێشکەوتن‌و پەرەگرتنی بیری سیاسییە. سیاسەت پێویستی بە جەماوەرو کۆمەڵگاو هاوبیری‌و یەکبوون‌و خەبات هەیە.

ئاڵوگۆڕو دانوستاندنی بیروڕاو بۆچوون‌و ڕوانگە لە کاروبارەکاندا بە سیاسەت واتا دەبەخشن.

٣ـ له بواری به دەستەوە هێنانی دەسەڵات:

جموجوڵێك سیاسییە كە لە پێناو بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات و هێزی بەڕێوە بردنی كاروباری وڵات بێ. هیچ كۆمەڵگایەك بە بێ زلهێزێك شایانی ناوی وڵات نییەو هەر هزرو بیركردنەوەیەكیش سیاسی نییە.

كاتێ سیاسییە كە لە پێناو بە دەستەوە هێنانی هێزی زل بێ. ئەوانەی جموجوڵی بازرگانییان هەیە هەموو هزرو تواناو زانیاری خۆیان بۆ هەرچی زیاتر سوود بردن دەخەنە كار. جموجوڵی ئەوها سیاسی نییە.

ئەوكاتەی لە ڕێگەی فێركردن تێدە كۆشن، بەڵام ئاواتی بە دەستەوە هێنانی دەسەڵاتیان نییە، جموجۆڵیان تەنیا پەروەردەییە. بەڵام هەر ئەو جموجۆڵە بازرگانی یا پەروەردەیی‌یە هەندێجار بە ئامانجی بە دەستەوە هێنانی دەسەڵات و بەشداری لە حكومەتە كە لەو حاڵەتە جموجۆڵ سیاسییە.

كە وایە لە تایبەتمەندییەكانی سیاسەت هانەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات حەشار دراوە. ئەگەر لە كۆمەڵگایەك خەڵك بە تەواوی‌و لە هەمووكارەكان گوێڕایەڵی یەككەس بن‌و فەرمانەكانی ئەو بە تاكە بڕیاری دروست بزانن‌و خوازیاری گۆڕانی دۆخ نەبن. لەو كۆمەڵگایە جموجوڵی سیاسی نییە. چونكە لە شوێنێكی ئەوها تاكەكان ئیرادەی پێویستیان نییەو جیاوازی بیروڕاش لە نێوانیاندا نابینرێت.

٤ـ بەهرەمەندی لە دەسەڵات:

زانستی سیاسەت تەنیا وەدەست هێنانی دەسەڵات‌و پاراستنی نییە، كەڵك وەرگرتن لە دەسەڵاتیش بەشێكی بنچینەیی پێناسەی ئەم زانستەیە.

دەسەڵاتداران‌و فەرماندەران، دەسەڵات دەگرنە دەست بۆ ئەوەی كۆمەڵگا بەرەو خێرو چاكە ڕابەری بكەن. ڕەنگە ئەوەی كە دەسەڵاتدار لە مێشكی دایەو بۆ بەدەستەوە هێنانی هەوڵی دەسەڵات دەدات، بلی ئەوەبێ كە دەری دەبڕێ. ئامانجی زانستی سیاسەت دابینكردنی ئاسایش‌و دەستەبەری دادگەری‌و ڕاستی بەخشین‌و پیشاندانی هێز لە قاڵبی خێری گشتی‌یەو هەر لێرەیە كە جیاوازی نێوان دەسەڵاتداری بەئیمان‌و بڕوای دروست‌و پێبەند بە سەرەتاكانی دین‌و ئاكارو ئەو زۆرمەندەی كە دەسەڵاتی بەبێ سەرنجدان بەم سەرەتایانە دەگیرێ ئاشكرا دەبێ.

سیاسەت لە هەندێ ڕووەوە شیاوی بەرامبەرێنی لەگەڵ یاری شەترەنجە. گشت ژیانی سیاسی بەربەرەكانێیە. هەرواكە یاری شەترەنج بەربەرەكانێیە. سیاسەت‌و شەترەنج هەردوو لە ڕێساگەلێك كەڵك وەردەگرن، بەڵام شێوەی یاری سیاسی زۆر پێچیدەترو دژوارتر لە ڕێسای یاری شەترەنجە. چونكە یاریكەرانی گۆڕەپانی سیاسەت هەردەم ڕەنگە ئەرك‌و كاری خۆیان بگۆڕن. لە حاڵێك كە ئەركی مۆرەكانی شەترەنج نەگۆڕە.

گشت سیاسەتناسان لەوەكە هێز ناوەندو ناڤۆكی ئەسڵی تۆژینەوەو لێكۆڵینەوەی زانستی سیاسەتە هاودەنگن. بەڵام لە گۆڕەپان یا چارچێوەی كە ئەم هێزە، بە هێزی سیاسی قبوڵ دەكرێ جیاوازی بیروڕاگەلەك زۆرەو بەو هۆیەیە كە ناكرێ مەسەلەگەلی سیاسی دەقاودەق بەرینی بكرێن.

## ب ـ مێژووی پەیدابوونی یەكەمین بیری سیاسی:

ئاتێنی یەكانی سەدەی پێنجی بەر لە زایین (٢٥٠٠ ساڵ بەرلە ئێستا) بەناوبانگی باس لە سیاسەت بوون. ئاتێنی یەكان دە هاوبرێك (محیط) لە باس‌و توویژ دەژیان كە بیر لێكردنەوەی بۆ مرۆڤی سەدەی نوێ دژوارە.

بارودۆخی ئەوكات، یوونانییەكانی ناچار كردبوو كە دەرهەق بەو شتەی كە ئەوڕۆ بەرامبەرێنی حكومەتەكانی پێ دەوترێ بیر بكەنەوەو هەر لەوكاتەش جیاوازی زەق لە شێوەگەلی ئەوان دیارە. لەناو دوو حكومەتی ئاتێن‌و حكومەتی ئسپارت كە یەكێ نموونەی پێشكەوتوویی‌و دێموكراتیك‌و ئەویتر نموونەی حكومەتی پارێزكارو مێرچاكان دەژمێردرا. باس

لە مەسەلەگەلی سیاسی خەباتێکی توندو دژواری هەبووە. سەرکەوتنی دێموکراسی لە ئاتێن ئەوکاتە بەدیهات کە ئەگەرو هۆگەلی ئابووریو گۆڕانکاری سیاسی لە ئارادابووە.

ج ـ خاوەن بۆچوونانی سەرەتایی زانستی سیاسەت:

١ـ ئەفلاتوون:

راو بۆچوونەکانی ئەفلاتوون لە سەر سێ کۆڵەکەی دادگەری، یەکبوون، پەروەردە، دامەزراوە. ئەفلاتوون حکوومەتی بە پاشایەتیو فەرمانڕەوایی مێرچاکێکو دەسەڵاتداری چینێکی کۆمەڵو دێموکراسی بەدەسەڵاتدارێتی پرانی خەڵك دابەش دەکاتو باشترین شێوەی حکوومەت لە تێکەڵاوکردنی هەر سێ چەشنی سەرەوە دەزانێ.

٢ـ ئەرەستوو:

سەرنجێکی تەواوی داوەتە ئەو شتەکە بە هێزی دەسەڵاتداری کاری یەکجار زۆر دەکرێو ئەوانەی هێزی دەسەڵاتیان لە دەست بێ توانایی رێکوپێكو چاك کردنەوەی کۆمەڵگایان دەبێو ئەوانن کە دەتوانن کۆمەڵ بەرەو چاکە رێبەرایەتی کەنو بۆیەش لەخەڵکانیتر شیاوترن.

٣ـ مەکیاڤێلی:

مەکیاڤێل سیاسەت لە دین جیا دەکاتەوەو لەدەسەڵاتی کلیسا رادەپەڕێو لەو دۆخەی کە بۆ ئیتالیا هاتووەتە پێشو لە ئاگری پاشاگەردانی دەسووتێ، دڵگیرەو گشت ئەم دۆخە تێکەڵاوە بە هۆی دەسەڵاتدارێتی کلیسا دەزانێ.

مەکیاڤێل پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی پێشنیار دەکا کەکەسێك بەناوی شا حکوومەت دەکاو ئەندامانی تەنیا لەهاو وڵاتیانی ئیتالیابن. فەرمانڕەوا بۆ گەیشتن بە ئامانج رەواکار بە ئەنجامی هەر کارێکە.

٤ـ جان بوودێن:

دژی بیروڕای مەکیاڤێلییە. جان بوودێن بۆ وڵاتداری قاییل بە هەندێ خاڵی بنچینەییەکە شا دەبێ بە رێوەیان بباتو ئەم خاڵە بنچینەییانە لە مێژووی هزری سیاسی بەناوی (سەرەتاو یاساگەلی بنچینەیی پاشایەتی پەتی) بەناوبانگە. ژان بوودێن سەبارەت بە دەسەڵاتی شا خاڵێك بەگرنگو بنچینەیی دەزانێو ئەویش دەسەڵاتدارێتی پەتی شایە. خاڵەکانیتر بە لقو پۆپ دەزانێو لە رێزی دابو نەریت دەژمێرێت.

٥ ـ ژان ژاك رۆسۆ.

بە بڕوای ئەم زانایە، تەنیا حکوومەتی رەوا بریتییە لە دێموکراسی راستەوخۆ. واتە ئەو دێموکراسییەی کە لە ئەودا هێزی یاسادارێژ لە دەستی هەموو هاو وڵاتیان بێ. ئەم هاو وڵاتیانە هەرکات مافی ئەوەیان هەبێ کە کاربەدەستانی بەڕێوەبەری یاسا هەڵبژێرن. دەبێ ئەوەش بڵێین کە بە بڕوای رۆسۆ کۆمەڵگا، ناتوانێ دەسەڵاتی خۆی پێشکەشی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو بکا. بۆیەش ئەوکاتەی باس لە دامو دەزگای حکوومەتی ئینگلستان دێتە گۆڕێ، ئەو وا هزر دەکاکە ئینگلیسیەکان خۆیان بە ئازاد دادەنێنو لە راستیدا هەر حەفت ساڵ یەك رۆژ ئازادییان هەیەو ئەویش رۆژێکە کە نوێنەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن.

## د ـ پێناسەی زانستی سیاسەت لەڕوانگەی زانایان:

١ـ ئەبوو نەسر فاڕابی:

ئەو زانایە ئیسلامییە پێوەندی فەرماندەییو فەرمانبەریو خزمەتەکانی حکوومەتی چاك بە سیاسەت دەزانێو لە روانگەی ئەوا ئاکامی خزمەت سیاسەتە. بە تێڕوانینی فاڕابی حکوومەتی باش ئەو حکوومەتەیە کە بتوانێ کردەوەو دابو نەریتو چاکەگەلی خزمەتگوزاری، کە بکرێ لە ژێر تیشکی ئەوانەوە بە بەختەوەری راستەقینەگەییشت، لە ناو خەڵك جێگیر بکاو ئەو حکوومەتەی کە بەختەوەری خەیاڵی بەدی بێنێ بەڕێوە بەرایەتی نەزانی یا حکوومەتی (جاهلییەتە).

٢ـ لاسۆل:

مامۆستای زانستگەی سیاسی ئەمەریکا. بەم شێوەیە پێناسەی سیاسەت دەخاتە روو:

ـ سیاسەت زانستێکە کە فێرمان دەکات. کێ دەبا، بۆ کوێ دەبا، وە بۆ دەبات؟

٣ـ ئێرنیگ فیچێر:

مامۆستای زانستگەلی سیاسی زانکۆی فرانکفۆرت لە ئاڵمان سیاسەت پێناسە ناکاو تەنیا لە ئەرکی سیاسەت ناو دەبا:

ـ ئەرکی سەرەکی زانستی سیاسەت لەوەکۆ دەکرێتەوەکە رەخنەگرانەو لە دەرەوەی چوار چێوەی سیاسەت و هەروەها هاوکات لەگەڵ کارو جموجوڵی سیاسی بکەوێتە شیکردنەوەو شەن و کەوکردنی بیروڕای (سونەتی) و رێکخراوەکانی سیاسی و شێوە جۆراوجۆرەکانی ئاکاری سیاسەتوانانی بەرپرس.

٤ـ مۆریس دووڤێرژێ:

مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی پاریس. هێز بە ناڤۆکی ئەسڵی گۆڕەپانی سیاسەت دەزانێ و هێز لە روانگەی ئەوا خاوەنی دوو بیچمە:

گەوهەرو ناوەرۆکی سیاسەت، سروشتی تایبەتی و واتای راستەقینەی ئەوەیەکە هەمیشەو لە هەموو شوێنێك خاوەنی دوو بیچمە. وێنەی زانووس، خوای دوو بیچمە، پێشاندەری راستەقینەی دەوڵەتە. چونکە قووڵترین راستی دەردەبڕێ.

دەوڵەت، بەشێوەیەکی بەرفراوان، هێزی رێکخستو لە کۆمەڵگایەك هەمیشەو لە هەموو شوێنێك وێڕای ئەوەکە ئامێری دەسەڵاتدارێتی هەندێ چین بەسەر چینگەلی ترەو چینەکانی دەسەڵاتدار بەقازانجی خۆیان و بە زیانی چینەکانی فەرمانبەر کەڵکی لێ وەردەگرن، ئامێرێکە بۆ دابینکردنی چەشنە رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی و چەشنەیەکگرتنێکی تاکەکانی کۆمەڵگا. لە پێناو بەرژەوەندی گشتی.

٥ ـ ژان ڤیلیام لاپیر:

مامۆستای کۆمەڵناسی لە یەکێ لە زانکۆکانی فەڕانسە، هێزی سیاسی وا پێناسە دەکات:

ـ هێزی سیاسی بریتییە لە چەشنە هێزێکی کۆمەڵایەتی، کە تایبەتە بەو چەشنە گرووپانەی بەناوی کۆمەڵگاگەلی شارستانی بەناو بانگن □

□ □ □



خەدیجە شێخ محەممەد لە رەفسنجان لە پۆلی سێی سەرەتایی بە ناوەندنومرەی ١٩/٢٥ قبووڵ بووە.



سیروان محەممەد ساڵح لە رەفسنجان لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بە ناوەندنومرەی ١٨/٠٩ قبووڵ بووە.



بەیان محەممەد ساڵح لە رەفسنجان لە پۆلی دووی ناوەندی بە ناوەندنومرەی ١٩/١٦ قبووڵ بووە.



پەیمان محەممەد ساڵح لە رەفسنجان لە پۆلی سێی ناوەندی بە ناوەندنومرەی ١٩/٨٨ قبووڵ بووە.

# زانیاری[1] زانستانە[2]
# سەرچاوەی بڕیاری دروست

نووسەری وتاری خوارەوە، هەڤاڵ عزەت مەلاعەلی لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی بابکێ سەر بە ناوچەی مێرگەسۆرەو خوێندنی سەرەتایی لە تەمەنی پێنج ساڵی لە شاری شاهروود دەست پێکرد.
- دیپلۆمی لە لکی ئابووری وەرگرت و پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.
- ساڵی ١٣٧٣/ی کۆچی هەتاوی (لیسانسی) خۆی لە لکی بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی - پیشەسازی لە زانکۆی تاران وەرگرت.
- ئێستا لە ساڵی دووی ماجستێر خەریکی خوێندنە.

ڕۆژ نییە چەندین بڕیار دەرنەچێ لە بوارەکانی رامیاری، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و... کە ئاکامی لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵدا دەرئەکەوێ.

یەکێك لە شێوازەکانی دابەشکردنی بڕیار، بڕیاری تاکی[3] و بڕیاری بەکۆمەڵە[4]. بڕیاری تاکی چوارچێوەیەکی تەسك دەگرێتە خۆی و ئاکامی لە ژیانیدا خۆ دەنوێنێ. بەڵام بڕیاری ڕێکخراوەیی کە لەلایەن ڕێبەرو بەرپرسی ڕێکخراوە[5] کە دەرئەچێ چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر (ڕێکخراوو خەڵکی پەیوەندیدار بە ڕێکخراو) ئەگرێتەوە. باش و خراپ بوونی بڕیارەکەش، شوێنەواری تایبەتی خۆی بەدووادایە. بۆیە جێی بایەخدان و گرنگی پێدانە.

هەر بڕیار[6]ێك بەستراوە بە بڕیاردەر یا بڕیاردەران و بە زانیاری بڕیار. سەبارەت بە بڕیاردەر یا بڕیاردەران شێوازەکانی تاکی و هاوبەشێتی لە ئارادایە. لە شێوازی تاکی، یەك کەس بە تەنیایی و یەك لایەنەو بێ ڕاوەرگرتن، بڕیار دەدات. واتە یەك کەس (بڕیاردەر) بۆ کۆمەڵێك خەڵك بەبێ ڕێگەدان بە پشکداری بیروڕای ئەوان (خەڵك) بڕیار دەر ئەکات. بە واتایەکیتر بە شێوەیەکی دیکتاتۆریانەو لە ڕێی ترس و تۆقاندن خەڵکە کە ناچار بە جێبەجێ کردنی بڕیارەکە دەکات. بەڵام لە شێوازی هاوبەشێتی، بڕیاردەر یا بڕیاردەران لە ڕێی ڕاوەرگرتن و ئاڵوگۆڕ کردنی بیروڕای خەڵك، بڕیاردەر ئەکەن. بۆیەش بەهەست بە لێپرسراوەتی و پابەندی ئاکاریەوە، خەڵك بۆ جێبەجی کردنی تێئەکۆشن. هەربۆیەش ئەم بڕیارە بە هێزترەو ڕۆژ بەڕۆژیش ئەم شێوازەی دێموکراتیانە بەرفراوانتر ئەبێ.

فاکتۆر[7]ی دووەمی بڕیار، زانیاریە. لەمەڕ دوو شێوازی بڕیاردان، گرنگی زانیاری دیارە. هەرچەند پلەو چۆنیەتی وەك یەك نییە. کە ئەمەش کار ئەکاتە سەر دروست و نادروست بوونی بڕیارەکە. ئەگەر زانیاری دروست[8] و تەواو[9] بێ و لە کاتی پێویست[10] بگاتە سەرچاوەی بڕیاردان، ئەوە گومانی تێدا نییە کە ئەو بڕیارەش بە سوودو بەهێز دەبێ. بە پێچەوانەش دیارە ئاکامی چاوەڕوان نەکراوو بێسوود دەبێ. (هەڵبەت بەڕێوەبردنی بڕیار دەگەڕێتەوە بۆ کاناڵەکانی بەڕێوەبردن و چۆنیەتی چەسپاندنی).

بە هەرحاڵ، ئەبێ لە بیر نەکەین کە زانیاری، بنچینەی بڕیاردانەو یەکێك لە شێوەکانی بەدیهێنانی زانیاری، (ئوسلووبی) زانستییانەو ڕاوەرگرتنی خەڵك بە تایبەتی پسپۆڕەکانی هەر بوارە. چونکە ئوسلووبی زانستییانە دەبێتە هۆی دروست و تەواو بوونی زانیاری کە ئەمەش ئەبێتە هۆی بەهێزبوونی بڕیار لە ڕووی چەسپاندن و کارپێکردندا. ڕا وەرگرتن و بەشدارکردنی خەڵکیش ئەبێتە هۆی زیاتر بەهێزبوونی بڕیار، بە تایبەتی لە ڕووی بەڕێوەبردندا. چونکە ئەو خەڵکەی کە لە خاڵێکی پرۆسەی بڕیاردان لە زانیاری سەرەتایی[11] و (ئانالیز)ی زانیاری بگرە تا ئەگاتە بڕیار بەشداربن، زیاتر هەست بە بەرپرسایەتی ئەکەن بەرامبەر بەم بڕیارە. هەر بۆیەش بەرپرسایەتی ئەکەوێتە سەر شانیان. جا ئاکامەکەی باش بێ یان خراپ □

ڕاقـە:

1- Information. 2- scientific.
.3- Indivitual. 4- participational
.5- Organization. 6- Desition.
7- Factor. 8- Right.
9- Complete. 10- Uptodate.
11- Data.

# ئافرەتان میوانانی زەوی نین!

شەهلا

کۆتایی مانگی ٨ و سەرەتای مانگی ٩/ی ساڵی ١٩٩٥، شاری "پێکەن"ی چین، میوانداری ژمارەیەکی زۆری کەسایەتیی و ناودارو نوێنەرانی ئافرەت لە سەرانسەری جیهان بوو. کە بۆ بەشداری لە چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی ئافرەتان، لە دووبەشی دەوڵەتیو بلی دەوڵەتی لەو شارەو شارۆچکەی "خوایرۆ" کۆ ببوونەوە. بەشی دەوڵەتی لە رێکەوتی ١٩٩٥/٩/٤ بە ئامادە بوونی بیست هەزارکەس، لە پێکەن کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبردو ئافرەتانی ناوداری وەکوو: هاوسەری کلینتۆنی سەرۆکی ئەمەریکاو سەرۆك وەزیری پاکستانو...هتد. بەشداری ئەم کۆبوونەوە بیوون.

کۆبوونەوەی رێکخراوە بلی دەوڵەتییەکان (N.G.O١ ) لە ١٩٩٥/٨/٢٩ تا ١٩٩٥/٩/٩ بە ئامادە بوونی ٣٥ هەزارکەس لە شارۆچکەی خوایرۆ لە ٥٠ کیلۆمەتری پێکەن بەرێوەچوو. کە بەگوێرەی هەواڵەکان چەند ئافرەتێکی کوردیش بەشداری ئەم کۆنفرانسەیان کردبوو[٢].

رێزدار "گرترود مونگلا" ئەمینداری گشتی چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی ئافرەتان" لە وتارەکەی بۆ کردنەوەی کۆنفرانس وتی:

"...ئافرەتان میوانانی زەوی نین. ئەم هەسارەیە هی ئەوانیشە..."

شایانی باسە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٥ باسی پێکهاتنی رێکخراوێکی جیهانی ئافرەتان هاتە گۆڕێو ئەنجومەنی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بلاوونامەیەکدا ساڵی ١٩٧٥/ی بە ساڵی جیهانی ئافرەت دیار کردو دووای ئەوە یەکەمین کۆنفرانسی جیهانی ئافرەت لە ساڵی ١٩٧٥ لە

مێکزیکۆسیتی بەڕێوە چوو. لەم کۆنفرانسە دەیەی ١٩٧٥_١٩٨٠ بە دەیەی یەکسانی، پەرەگریو ئاشتی، بۆ ئافرەتان ناودار کرا.

دووەمین کۆنفرانسی جیهانی ئافرەتان لە ساڵی ١٩٨٠ لە کۆپێنهاکی پێتەختی دانمارك بەڕێوە چوو. لەم کۆنفرانسە لابردنی هەر چەشنە جیاوازی لە دژ ئافرەتان لە ساڵی ١٩٨١ پەسەند کرا.

سێهەمین کۆنفرانسی جیهانی ئافرەتان لە ساڵی ١٩٨٥ لە نایرۆبی پێتەختی کێنیا رێکخرا. کە تێیدا پێداگری ئافرەتان بۆ وەرگرتنی مافەکانیانو هەوڵ بۆ دابینکردنی یەکسانیو لابردنی زۆرداری کۆمەڵایەتی لە دژ ئافرەتان راگەیێندرا.

چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی ئافرەت کە لە ژێر دروشمی یەکسانی، پەرەگری، ئاشتی، بەڕێوە چوو.

سەرەڕای ئەوە کە لە لایەن حکومەتی چین خرایە ژێر گوشار، بەڵام گەلێ دەسکەوتی بۆ ئافرەتان وەدەست هێنا.

بەشی ( N.G.O ) لەم کۆنفرانسە، توانی زیاتر ئافرەتانی جیهان بە یەکتر بناسێنێ و ئەم کۆبوونەوەیە دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ گەلانی ژێر چەپۆکی وەکوو گەلی کورد. کە بتوانێ دەنگی زۆر لێکراوی خۆی بە جیهان بگەیێنێ.

چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی ئافرەت بە دەرکردنی بڕیارنامەیەکی ٢٠٠ لاپەڕەیی کە داگری ١٢ سەردێر بوو کۆتایی بەکارەکانی هێنا. سەردێرەکان بریتین لە:

١ـ نەداری؛ ٢ـ خوێندن؛ ٣ـ تەندروستی؛ ٤ـ توندی و زۆرداری لە دژ ئافرەتان؛ ٥ـ شوێنەواری شەڕی چەکداری؛ ٦ـ سیاسەت و پێکهاتەی ئابووری؛ ٧ـ نابەرابەری ئافرەت و پیاو لە بڕیاردان؛ ٨ ـ بەرابەری نێرو مێیی ( جنسیت)؛ ٩ـ مافی مرۆڤی ئافرەتان؛ ١٠ـ ئافرەت و راگەیێنەرەکان؛ ١١ـ ئافرەت و ژینگە؛ ١٢ـ کیژۆڵەکان.

لەم(١٢) سەردێرە بیروڕای ئافرەتانی جیهان و راو بۆچوونیان بۆ چارەسەری گرفتەکان باسکراوەو بڕیاری پێویست دراوەو دەوڵەتانی جیهان هاندراون کە لێی دەرنەچن.

سەرۆکی کۆمیتەی ئەسڵی چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی ئافرەتان لە پەیامی خۆی بۆ ئافرەتانی جیهان وتی:

"... خەباتی ئێمە درێژەی دەبێ..." □

پەراوێز:

1) N.G.O = Non Governmentay Organizatoin.

ریکخراوی بلی دەولەتی.

٢) بو ناوی ئافرەتە کوردەکانی بەشدار لەم کونفرانسە، داوای زانیاریمان کرد لە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکیتی ئافرەتانی کوردستانی عیراق. کە بە داخەوە ولامیان نەدایەوە!

# کام چیرۆک و چۆن چیرۆک بنووسین؟

مەزلووم ئەرگۆشی

لەوانەیە ئەگەر سەرەتا پەنابۆ پرسیارێك ببەین کە ئایا هیچ جیاوازییەك لە نێوان (کورتە چیرۆك و چیرۆکی کورت)دا هەیە؟

ئەوجا زۆرکەس لەوانەی کە دەست بۆ نووسینی چیرۆك دەبەن و زۆرکەس لەوانەی حەزلە چیرۆك خوێندنەوە دەکەن، ئەم پرسیارەمان لە لا سەیربێت و وا وڵاممان بدەنەوە کە ئەم پرسیارەی تۆ لەگەڵ ئەو نوکتەیەی کە دەڵێن: (چ حەسەن کەچەل و چ کەچەل حەسەن) هیچ جیاوازییەکی نییە. کەواتە (حەسەن کەچەلەو) تەواو. چیرۆکی کورت و کورتە چیرۆکیش بە هەمان شێوە. تەنیا جێ گۆڕکێیان بە وشەکان کردووەو بەس...

بەڵام لە راستیدا وا نییەو ئەگەر تۆزێ لێی ورد بینەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە جیاوازیەکی بەرچاو لە نێوانیاندا هەیەو چەندین هۆی سەرەکی هەن کە ئەوانە لە یەکتر جیادەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش وەك ئەوڕۆ دەبینین، لە بواری بایەخ پێدان لە لایەن دەزگا ناوەندی و بڵاوکراوەکان، چ رۆژنامەو چ رادیۆ...هتد. گرنگییەکی زیاتری پێ دەدرێ و لە لایەن خەڵکیشەوە رۆژ بەرۆژ داواکاری چیرۆکی کورت زیاتر دەبێت. کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چیرۆکی کورت، کورترەو ئەتوانێ جێی خۆی باشتر لە رۆژنامەکاندا بکاتەوەو ماوەی کەمتر بۆ پێشکەش کردن لە رادیۆدا دەگرێ و بۆ خوێنەرو گوێدەریش ماوەی کورتتر دەبات. چونکە چیرۆکی کورت ٥٠٠ ـ ١٥٠٠ وشەیەو لەبارتریشیان ١٢٠٠ وشەیە.

بەڵام کورتە چیرۆك کە درێژترەو لە نێوان ٥ ـ ٦ هەزار وشەدا ئەتوانێ جێی خۆی بکاتەوە. واتە لێرەدا دەردەکەوێ کە کورتە چیرۆك درێژترەو ماوەی زیاتربۆنووسەرەکەی ئەرەخسێنێو ئەتوانێ لە دیمەنە لابەلاو سەربەخۆیەکان کەڵك وەربگرێو لە پێناو کردنەوەی گرێکاندا ماوەی زیاتر تەرخان بکات. بەڵام چیرۆکی کورت هەرگیز ئەو مەجالانەت بۆ تەرخان ناکات. بۆیە ئەبێ بەو کەمی ماوەیەوە چیرۆکەکەت بەبێ کەڵك وەرگرتن لە دیمەنی سەربەخۆو ماوەی زیاتر تەواو بکەیت. جاسەختی چیرۆکی کورت بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە. کە تۆ بتوانیت بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە چیرۆکەکەت کۆتایی پێ بێنی.

ئەو هۆیە سەرەکیانەی کە دەبنە ئەگەری جیاوازی چیرۆکی کورت و کورتە چیرۆك ئەمانەن:

١) چیرۆکی کورت ئەبێ پێشەکیەکەی کورت و گازەر(ناوەندە)کانی لە سێ تا چوار رووداوی تیژ تێنەپەڕێ. کە ئەمانە ببنە رووکاری تەواوکردنی مەبەستی چیرۆك. هەروەها ئەبێ کۆتایی چیرۆکی کورت یەکجار کورت بێت و هەموویان لەیەك چاوگەدا کۆ بکرێتەوەو کۆتایی پێهێنانەکەی ناکاوی بێت.

بەڵام بۆ کورتە چیرۆك واتە چیرۆکی درێژتر پێشەکی واتە (سەرەتا) زۆر پڕبایەخەو نووسەر هەموو شارەزایی خۆی بەخت ئەکاو دەگەی تاسەکاری لە سەر دەچەقێنێ. بەڵام لەولا (واتە چیرۆکی کورت) لە ناکاوی چیرۆکی کورت دەکەوێتە کۆتاییکە بۆی دەبێتە لووتکە.ـ"ولتەرکامیل"

٢) لە کورتە چیرۆکدا ئەتوانی دیمەنی سەربەخۆ بێنیتە ئاراو پێویست ناکات هەموو ئەوانە بێنیەوە سەریەك و لە یەك چاوگەدا کۆ بکەیتەوە.ـ"زنتول"

بەڵام لە چیرۆکی کورت نابێ دیمەنی سەربەخۆ هەبێ.

٣) گۆڕان لە کەسایەتی لە چیرۆکی کورتدا ناگۆڕێت. ئەمما لە کورتە چیرۆکدا ئەتوانی گۆڕانیان بە سەردا بێنی.

٤) چییەتی کەسەکان. بۆ چیرۆکی کورت گەرەك نییە، کە دیاری بکەی (مامۆستا، ئەندازیار، کاسبکار،...) بەڵام بۆ کورتە چیرۆك چییەتی کەسەکان باشە ئەگەر دیار بکەیت.

٥) لە بواری دەرفەت، چیرۆکی کورت ئەو دەرفەتە نییە کە وێنەی کەسەکان بکێشرێ. کەچی لە کورتە چیرۆکا مەجالی ئەوەت پێ ئەدرێ.

٦) لە بواری خاڵەکانی تری وەکوو (کات، شوێن، رووداو)، ئەبێ لە چیرۆکی کورت، کات یەك ساعەت تا هەفتەیەك (ئەگەر زۆر پێویست بوو زیاتریش قەیدی نییە)و شوێنەکەش روون و ئاشکرابێت. روودانیش تەنیاو بێ لق. بەڵام کورتە چیرۆك کاتی زیاترو مەجالی زیاترت بۆ تەرخان ئەکا.

٧) پێویستە چیرۆکی کورت لە سەر یەك کەسی سەرەکی، یەك دیمەن یا یەك کات دابنرێ. لەگەڵ هەموو ئەو ئالوگۆڕەکانی پێویست. ئەممابۆ کورتە چیرۆك نابێ لە سێ کەس و سێ دیمەن و ئالوگۆڕ تێپەڕێ.ـ"وەلیمە.ئی.هایس".

ئەمەو چەندین هۆکاری تری سەرەکی هەن کە کورتە چیرۆك لە چیرۆکی کورت جیا دەکاتەوە. بەوردبوونەوە هەر کەسێ لێی تێئەگات کە چەند چیرۆکی کورت سەخترەو تاچرادەیەك شارەزایی گەرەکە. هەربۆیە لەم بارەیەشەوە زۆرکەس وەکوو (ترنتول، میسیو دایت، پارك کەمینکز...) ئاگادارییان بەو کەسانە داوە کە ئەگەر لە چۆنیەتی نووسینی چیرۆکی کورت تەواو شارەزا نەبن و متمانەی تەواوتان بەخۆ نەبێ لە هەموو بوارێکەوە، قەت سەرەتا دەست بۆ نووسینی چیرۆکی کورت مەبەن. بەڵکوو هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەن سەرەتا لە کورتە چیرۆکەوە دەست پێ بکەن... تا شارەزایی تەواو لەسەر نووسینی چیرۆکی کورت پەیدا دەکەن. ئینجا هەوڵی نووسینی بۆ بدەن. چونکە نووسینی چیرۆکی کورت نەرمترە.

بەڵێ خوێنەری بەڕێز:

تا ئێرە هاتین و ئەوەی پێویست بوو بە پێی ئیمکان، هۆکارە سەرەکیەکانی کە دەبنە هۆی جیاوازی نێوان کورتە چیرۆك و

چیرۆکی کورت، بۆتانمان باسکرد. بەو هیوایە کە سوودبەخش بێت بۆتان.

بۆ ئەوەی کە بتوانم زیاتر هاوکاریتان لە گەڵ بکەم. بە پێی ئیمکانیەتی خۆم لە مەڕ چۆنیەتی نووسینی چیرۆك واتە(کورتە چیرۆك) بۆتان باس ئەکەم.

من لە ژمارەی پێشووی هەمان گۆڤارە خۆشەویستە کەماندا لە پێشەکی خۆم لەسەر چیرۆکی(شەڕەسەگ) هەڵوێستی خۆمم دیارکردووە. کە حەز ئەکەم چیرۆکی کوردی، بە تایبەتی ئەوانەی کە لاوانمان دەستی بۆئەبەن، چۆن بن و لە چییەوە سەرچاوە وەربگرێت و بەرەو کوێ بچێ و لە پێناو چیدابێ باشە. کە لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوەیان ناکات.

ئەوەی لێرەدا گەرەکمە ئەوەیە کە چۆن چیرۆك بنووسین. واتە چۆنیەتی نووسینی چیرۆك یا هۆنەری چیرۆك نووسین چییەو لە چییەوە دێت و چۆن دەتوانیت چیرۆکێك دروست بکەی. پێش ئەوەی بێمە سەرباسەکەی خۆم حەز ئەکەم ئەم تێبینییە بەنرخەی بەڕێز (باوك کەمینکز) کە شارەزایەکی لێهاتووە لەبواری لێکولینەوەو چیرۆك نووسیندا، بۆتان بگێڕمەوە کە دەڵێ:

(هونەری چیرۆك نووسین هەوڵێکە بۆ نواندنەوەی ژیانی ئەوکەسانەی رۆڵی ئاوێنە دەبینن. بۆ نموونە ئەگەر یەکێك بەرەو رووت هات و لە سەر شانتەوە روانی و نیشانەی ترسان لە چڕو چاوی نیشت. ئەوکەسە بۆتۆ دەبێتە ئاوێنەیەك. وریات دەکاتەوە کە مەترسی لە پشتەوە هەیە. وا چیرۆك گێڕانەوە ئەم واتایەت پێ دەڵێ.)

جا لێرە سروشت، ژیان، مردن، رووداوە راست و خەیاڵییەکان. بە بیردا چوونەوەو بە بیردا هێنانەوە. دیمەنە جۆراوجۆرەکانی نێوان جوان و ناشرین، پاك و ناپاك، خۆش و ناخۆش، شەڕو ئاشتی، زوڵم و ستەم و عەدالەت و بەرابەری، بەسەرهاتە خۆش و ناخۆشەکانی چەرخی رۆژگار، حەزو ناحەز، کارەساتە گەورەو گچکەکان، لێکترازان، لە دەست چوون، بە دوواداگەڕان. واتە ئەوەی لە ژیانی خۆتدا چ راست و چ خەیاڵی بێ. کە ئەمانە بەرەو رووت دێن و دەبنە هۆکارو هەستت دەبزوێنن و خامەی چیرۆك دەگەیێنن، بەڵام گێڕانەوەو چۆنیەتی نووسینی هەر یەکە لەوانەی سەرەوە، بۆ تۆ دەگەڕێتەوە. ئەبێ وابکەی کە هەمیشە دەوری گێڕانەوە لە وانەدا ببینی. واتە ئەبێ وا پێشان بدەی کە ئەمانە قەوماون یا لە حاڵەتی قەوماندان و تۆ دەیگێڕیەوە. نابێ بە هیچ شێوەیەك شتی وابکەی کە مادەیەك بۆ چیرۆکەکەت دروست بکەی، وا دیاربکەی کە ئەمە نەقەوماوەو تۆ لە گێڕانەوەکە دەوری پێش بینی دەکەی. کەپاش چەند ماوەیەکیتر ئەو شتە دەبێ. قەیدی نییە ئەگەر مادەیەك بۆ خۆت دروست بکەی ناوەرۆکی مادەکە لە گەڵ جیهانی ئێستاماندا نەگونجێ و وا پێش بینی بکرێ کە پاش ١٠٠ ساڵیتر ئەوە دێتە دی. بەڵام تۆکاتێ دەینووسیەوە ئەبێ وادیاربکەی ئەوانەی نێو چیرۆکەکەو خودی ناوەرۆکی مادەکە لە حاڵەتی قەومینەکەی دایەو تۆ بۆمانی دەگێڕیەوە. ئەبێ هەمیشە لە دروستکردن یانووسینی چیرۆکدا دەوری گێڕانەوە ببینی و بەس. هەر لەو بارەیەشەوە (تۆماس...) دەڵێ:

( چیرۆك بۆیە چیرۆکە کە یەکێك وای لێدەکا.)

ئەمە لەلایەك و لە لایەکی تریشەوە هەوڵی ئەوە بدە هەمیشە کەسانی وا لەنێو چیرۆکەکاندا دروست بکە کە لە گەڵ ناوەرۆکەکەی بگونجێن و مادەکان با لەوانەبن کە سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆی رابکێشێ و کاری (ئیجابی) بکاتە سەر خوێنەرەکەی. هەوڵ مەدە شتی وا بێنییە ئاراکە لە هەڵوێستی چیرۆکەکەکەم بکاتەوە. واتە نابێت ترسنۆکێك لە نێو چیرۆکەکە لە پڕێکا بیکەیە قارەمان و شێر بە گوێ بگرێ. یا(نەگریسێك) (خراپێك) یەکسەر بکەیە باشترین و خۆڕەوشترین کەس لە نێو چیرۆکەکە. واباشترە کەسانی لەوجۆرە تەنها هەقی خۆیان پێ بدەی. ئەگەریش ویستت ئەمە بکەی، پێویستە هۆیەکی سەلمێنەر بوێ بدۆزیەوە کە لێی دڵنیابی نابێتە جێگەی رەخنەی خوێنەران. ئەگەر بزانی ئەمەت پێ ناکرێ. ترسنۆك با هەر دەوری ترسنۆکی ببینێ و (نەگریس) یا خراپیش با هەمیشە بەرامبەر چاکە...سەرەنجام وای لێ بێ کە تێك بشکێ و چاکە با سەرکەوێ. کە زۆرجار ئەم حاڵەتانەش دەبنە گرێی نێو چیرۆکەکە. بۆیە پێویستە هەموو هونەرو شارەزایی خۆت لێرەدا سەرف بکەی. چونکە هەمیشە تامی چیرۆکەکە بۆکاتی کردنەوەی گرێکانی نێو چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە. چونکە ئەوکەسانەی کە سەرەکین و دەکەونە

هەڵوێستێکەوە کە پێویستی بە چارەسەرکردن لە نێو چیرۆکەکەو مادەی ئەسڵی چیرۆکەکەت هەیە. هەمیشە تامو خۆشیەکەلەو هەوڵو تەقەللایەدایە کەتۆ بۆ کردنەوەی گرێکان یا دۆزینەوەی چارەی پێویست بۆ مەسەلەکە دەکەی. کە ئەویش سێ خاڵە.

یەکەم سەرەتایەو دووهەم ئامانجو چارەکردنی کێشەکەو سێیەم ئەو کۆسپەیەکە ڕێگای لە بەئامانج گەیشتنی گرتووە.

لە چیرۆك نووسیندا خاڵی دووەم ئەبێتە سەردێڕی نێو چیرۆك بەڵام هەمیشە تامی خۆشی ئەو خاڵە لە خاڵی سێیەم کەمترە (واتە چۆنیەتی لادانی کۆسپەکان). کەوابوو ئەبێ هێزی چیرۆك لەو بایەخە دابێت کە دەدرێت بە خاڵی سێیەم. واتە چۆن ئەتوانیت ڕزگاریکەیو کۆسپەکان لابدەیو ڕێگا خۆش بکەی تا ئامانجەکانی خاڵی دووەم بێتە دی.

هەروەها هەوڵدەکەرەسە یا مادەی چیرۆکەکەت بالەوانەبن کە خوێنەران حەزیان لێیەتیو بۆ ئەم مەبەستەش ئەم نووسینەی تۆماس تان بۆ ئەنووسمەوە کە ئەڵێ:

(باشترین سەردێڕ بۆ چیرۆك، دۆزینەوەیە یالە کیس چوونی کچێکی لەبارە یا لە دەست چوونی ئازادییە یاگەڕان بە دووای بەختەوەریدایە).

هەروەها ئەتوانن بۆ سەردێڕی چیرۆك لە بوارەکانی تریشەوە کەڵك وەربگرن.

بۆ کەسەکانی نێو چیرۆکەکەش هەوڵ بدە لەوانە بن کە ئەتوانرێ لە نێو کۆمەڵدا بەدی بکرێن. بەڵام نەك لەوانە بن کە لە زۆربەی خەڵك بن. هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەکە هێزی ڕووناکی سەرکەوێ بەسەر تاریکیدا. با (سلبی)یەکان بێهێزو بەرەو نەمان بچنو (ئیجابی)یەکان لە نێو چیرۆکەکانتدا سەرکەوتووبن.

وا مەکە دەرچوون، ڕزگاربوون، بێئومێدبوون بەرامبەر بە ویستو ئاواتو ئامانجەکانی چینی هەژارو پێشکەوتنخواز لە نێو چیرۆکەکانتدا لاوازو بێ ئاکامو دەستەسەربن. بەڵکوو هەوڵی ئەوە بدە کە مەبەستی چیرۆکەکانت خواستو ویستی هەژارانو لێقەوماوانو حەقخوازان بێنێتە دی.

با ناوەرۆکی چیرۆکەکانت مەبەستی ئاسۆ بگرنەبەر. بەرامبەر بە تاریکیو زوڵمو ستەمو کوشتوکوشتار...هتد

ناتەباییو نابەرابەری، بنگۆڕ بکەو برایەتیو یەکسانی سەربخە. واتە با چیرۆکەکانت جیالە بواری ئەدەبی، وانەیەکیش بن لە هەموو ڕوویەکەوەو سوودبەخش بن بۆ خوێنەروگەلو نیشتمانتو گشت مرۆڤایەتی.

(چونکە مەزڵوومیش بەرامبەر بەو هەموو زوڵمەی کەلێی دەکرێ هەر ئەو ئاواتەی مەبەستە).

ئیتر هەر شادبن.

*سەرچاوە:

هونەری کورتە چیروك نووسین. وەرگێران بو کوردی، مستەفاسالح کەریم.

□ □ □

# رژیانا ستێرەکێ غەمگین کرین.

رەفیق مەستەفا

کەسێد مینا چرای دسۆژن‌و گۆری دبن، دا دۆرێد خۆ رۆناهی کەن بۆ یێد دی، کەسێد خۆ دکەنە گۆپال بۆ کالێد برەنجکێشیێڤە پشت چەمیای، کەسێد خۆ دکەنە گول‌و بێهنێ ددەن، کەسێد خۆ دکەنە کەپر دا سهێ لهنداف سەرێ رێنجبەرا چێکەن، ئەو چجارا نامرن‌و ژمرنێ ژی مەزنترن.



دکارین بێژین ئەو دێ مرن، یێد چ هەست‌و سۆز نەبن‌و سپی‌و رەشا ژێکڤە نەناسن. بەلێ کەس نەگۆتیە مرن بۆ مرۆڤێ باش یاهەی. چونکی چاکی بەرزە نابیت. ئەوێ دتەڤایا قویناغێت ژیانێدا دخەبتیت ژبۆ پێژڤەبرنا هەست‌و بیرو باوەرێد نەتەوایەتی، ئەو هەرگاڤ دێ مینا کەڤۆکەکێ دئاسمانێ ساهیێ ئاشتی‌و ئاڤەدانییێدا هەر د فرینێدا بیت.

بێشك هندی کورد هەیە کوردایەتی‌و کوردەواری‌و کەلەپوورو تۆرو هونەرژی دێ هەبیت. ئۆ هندەك تەك سیبارێد گۆرەپانا خەباتێ ژی دێ هەر هەبن. ئێك ژوان سیبارێد ئەسپێ وی لناف وارێ هونەریدا هەر د چارپێنگاڤێدا بوویەو تۆز لبەر پێیا پەشییە، دێ بێژین ئسترانبێژ (تەحسین تەها)یێ نەمرە.

نە تنێ مرن ژبۆوی نییە بەلکو د چرکە کێدا هەستا مرۆڤایەتی ژ هزرا وی تیرو خافل نابیت.

تەحسین تەهایێ نەمر د راپەرینا سالا ١٩٩١ ئۆ بەری راپەرینێ بیوو ئێك ژ سەیدایێت هونەرییێت کوردستانێ بتەڤایی، نەمازە هەڤلێرێ. چ ئاهەنگەکا مللی برێڤە نە دچۆ کو ئسترانبێژێ وەکی کەوەکی روبات بدەنگێ خۆ یێ پڕسۆز پشکداری تێدا نە کربا.

لچاخێ "شەمال سائیب" گورینکارییێ دئێخیتە ئسترانا کوردیا زاراڤا سۆرانی، تەحسین تەها وێ گۆرینکارییێ دناڤ ئسترانا کوردیا زاراڤا بەهدینی چێ دکەت. بناڤو بانگترین ئسترانا وی بلبلێ تێر نەستراندی، ئەواکو ناڤێ تەحسین تەهای بلند کری، سترانا(بهێرە دستارێ بهێرە) ئەوا بوویە نموونەو پێشەنگا ئسترانا رامیارییا کوردی. ئەو ئسترانا لچاخێ رژێما بەعسی‌دا بیوو ئەگەراگرتن‌و بەرزەکرنا چەندین لاوێت کو گوهدێری ژێ دکر.

تەحسین تەهای دگەل ئستران گۆتنێدا بخۆ (عوود) لێ ددا. برایێ وی دیموقرات، (کەمان) بۆ لێ ددا. هونەرمەندێ هێژا ژیانەکا پڕ سەخت‌و ئازار وەکی ژیانا هەر کوردەکی دبرە سەر. ئسترانێد وی جهێ خۆ دناڤ دلێ هەر کوردەکیدا خۆش کربوو. ناڤبری ژوان ئسترانبێژا بوو. کو زۆر حەژ ژئسترانا نوو دکر. ژبۆ ئسترانێد خۆ مەفا ژ فلکلۆر، سەرهاتی‌و چیڤانۆکا وەردگرت. ئۆ ئسترانێد وی ژ هەست‌و سۆزو هۆزانێد هوزانڤانێد بناڤو دەنگ (رێکێش ئامێدی، دکتۆر بەدرخان سندی، موئێد تەیب، فەیسەل حاجی)و هندەك یێد وی‌و یێد بابێ وی بوون.

نزیکترین دۆستێ تەحسین تەهای فوئاد ئەحمەد بوو. ئەوێ کو هەتا تەحسین تەها چۆیە بەر دلۆڤانیا خودێ هەر دگەل دابووی. یاژ هەمیا پتر هەژی گۆتنێ‌و جهێ داخێ ئەڤەیە،

دەمێ تەحسین تەهای بۆ جارا دووماهیکێ چاڤێت خۆ دانایە سەر ئێك دنەخۆشخانێد بیانیادا، لغەریبیێ، هیچ کوردەك لهنداڤ سەرێ وی نەبوویە. بێ کەسی بۆ هەتا هەتا بارکر.

هەمی دەمێت خۆ د خزمەتا تۆرو هونەرێ گەلێ خوەدا دبۆراندن. ئۆ هەر دەراڤەکی دهاتە دەست، دبەرژەوەندیا تەڤایی یا مللەتێ خۆدا د مەزخاند. ئەرێ مرۆڤەکێ هۆسا لرۆژا دووماهیکا ژیانا خوەدا دڤێت کەس لهنداڤ نەبیت خاترا خۆ ژێ بخازیت!(هەرچەند خاتر خاستن یا نەخۆشە)؟

ئەرێ کی پێ بەرپرسیارە؟ کی دێ بەرسڤا دیرۆکێ دەت؟.

هەلبەت تەحسین تەها ستێرەکا گەشبوو لئاسمانێ هونەرێ کوردیدا رژیای. بەلێ بێشك سروشتا کوردستانێ وی ژبیر ناکەت. نەمازە تاخا تەیراوای لهەڤلێرێ. ئۆ شەڤێت خۆشێت هەڤلێرێ وی ژبیر ناکەن.

کورتە ژیانا تەحسین تەهایێ نەمر:

- لسالا ١٩٤١ دناڤ بنەماڵەکاکو زۆر پویتە بهونەرو تۆرێ کوردی ددا، لئامێدیێ چاڤێت خۆ بدنێ وەکرن.
- خاندنا خۆ یا سەرەتایی‌و ئامادەیی ل دهۆك، زاخۆ، مانگێشك‌و مویسلێ بدووماهی ئینا.
- سالا ١٩٦١ پەیوەندی دگەل پارتی کر. چونکی ئازادیا خۆ دناڤ ڤێ پارتیێدا ددیت.
- سالا ٦٤-١٩٦٣ ژبەر چالاکییێت وی یێت رامیاری هاتە بەندکرن.
- سالا ١٩٦٥ پەیمانگەها هونەرێت جوان (فنون‌الجمیلة) پشکا دەرئینان‌و شانۆ ل بەغدا تڤاڤ کر. ل مەخموور دامەزری.
- سالا ١٩٧٥ ژن ئیناو ڤێ گاڤێ چار زارۆك یێت هەی.
- دراپەرینا سالا ١٩٩١ پشکداری کر.
- سالا ١٩٩٤ بئالیکاریا پارتی دگەل دۆستێ خۆ فوئاد ئەحمەدێ ئسترانبێژ چۆ ئەورووپا. ل ئالمان د بیرەوەریا نەوەدو ئێك سالەیا بارزانی‌یێ نەمر هندەك ئاهەنگ گێران.
- پشتی چل سالا ژ ئستران‌و ئاوازگۆتنێدا لرۆژا ٢٨/٥/١٩٩٥ دلێ وی ژلێدانێ وەستیا.جهێ وی بهەشت بیت □

## بۆ (تەحسین تەها)یێ نەمر

هەی بلبلێ دەنگخۆش‌و ئازا — تێهنییێ ستران‌و ئاوازا
دەنگ‌و پەیڤێت تە تەڤ هونەر بوو — بۆمە وەك دارەکا ببەر بوو
پشتی تە کێ هەیە لئێرە — بێژیتە دستارێ بهێرە
مە نەزانی هۆسا بکری — میناکەڤۆکەکێ دێ فری
ئیرۆ خاترا خۆ دێ ژمە خازی — چی بییە مێهڤانێ ئەیازی
ئەڤە تو چۆی وەغەر پیرۆز بیت — بەلێ بۆتە پەیمان‌و سۆز بیت
هەر کەسێ چ ژارو چ ژیر بیت — هەمیا نائێ تە هەر لبیر بیت

□ □ □

سەبری چاوشین[١]

# ل هیڤیا ئازادیێ

تەیرەکی مەلوول دکون‌وکوژیێت رکەکا ئاسندا نیشتی بوو ئو بچاڤێد تەژی هێسترو بدلەکێ حەسرەتڤە، دنێرییە هەلاتنا رۆژێ.

تەیرەکێ دەنگخۆش بوو. کو بدەستێ مرۆڤەکی هاتبوویە بەندی کرن. لئالندەکا دوور، چیا دهاتن دیتن



تەیری هزرکر: "وێرێ، پشت ئەو چیایێ هە، باکوورە. ئەز بتنێ ئێکجار بۆ وێ دەڤەرێ یێ چۆی. بتنێ ئێکجار، نە زێدەتر...

چیایێن بلندو دوور نێزیك دهاتنە بەرچاڤا.

- "ئاه! ئەڤ چیایە چەند تێزێکە. ئەگەر ئەڤ شیشکە نەبان، ئەگەر دەرگەهێ ڤێ رکێ جارەکێ بباڤە، جارکێ، بتنێ جارەکێ، ئەڤ دەما خۆش داهێت‌و ئەز داشێم خۆ بگەهینمە پشت چیایێ هە."

لڤی چاخی تەیرو تلوو مینا کۆچەران بەرەڤ گەرمیانێ دچۆن‌و هێدی هێدی لپشت چیایێن بلند وندا دبوون.

تەیری خۆل شیشکێد رکێ ددا. بەلێ زڤستان نێزیك دبوو. ناچار تەیرێ مەلوول خۆ مت کر. بەفر دباری‌و دیمەنێ چیای سپی کرو رێکا باکوورێ لبەر مژو مۆرانێ هاتە گرتن.

چەند زڤستان‌و هاوین ئێك لدیڤ یادی تێپەڕین. سال هاتن‌و چۆن.

چیا سپی‌وکەسك دبوون. تەیرێن مشەخت لباکوورێ دهاتن‌و بەرەڤ باشوورێ دمەشین، بەلێ تەیرێ‌مە هەر چاڤەڕێی ئەڤ دەما خۆش بوو.

رۆژەکا پائیزێ دەرگەهێ رکێ ڤەبوو. هەلبەت خەلەتیەك بوویە ئەگەرا ڤێ چەندێ. چونکی ئەڤ تشتە قەد سەربخۆ نەدبوو.

دەما خۆش هات. تەیر لکەیفخۆشیا دلەرزی. بترس لرکێ چۆ دەرو بزەحمەت خۆ گەهاندە تایەکی داری.

لئەلندی، چیا دهاتنە دیتن. بەلێ زۆر دووربوون‌وبۆ پەرێت تەیرێ کو چەند سالاپشت شیشکێد رکێ، لشۆل کەفتی بوون. ئەڤ رێکە گەلەك دوور بوو.

- هەر چاڤابیت دێچم. چونکی ئەڤ دەما خۆش یاهاتی!

هەمی شیانا خۆ بەرهەڤ کرو فڕی. هەتا بچیتە پشت چیایێن بلند.

بەلێ هەرچەند خەبتی، بتنێ شیا بچیتە سەر تایەکی دیکە.

ئەرێ پەرێت وی کەڤن ببوون؟ یانژی تشتەکێ‌دی ببوو ئاستەنگ‌و نەد هێلا؟ وی بخۆژی نەد زانی!

ئەلند، زۆرو زۆر پتر لڤێ هندێ کو دهزرا تەیرێ بچیك بیت دوور بوو. نەچار بێهیڤی‌و بدلەکێ پڕکۆڤان گەڕیاڤە دناڤ رکێدا.

لڤی دەمێژی تەیرێن مشەخت بەرەڤ گەرمیانێ دچۆن‌و هێدی هێدی لپشت چیایا وندا دبوون.

تەیرێ مە سەرێ خۆ شۆڕکرو برە بن‌پەڕێن خۆ.

ئەڤ دەما خۆش کو چاڤەڕێی بوو هات، بەلێ لڤی دەمێژی نەگەهشتە مرازا خۆ ☐

# بنەمالێد ناڤدارا چدکەن؟!

و/ئینزار ئەحمەد

"ژان ڤێرن"کو نڤیسەرەکی بناڤ و دەنگە ل فەرەنسا، میرات وەگریێ مال و سەرهاتیێد بابێ خوەیە. بابێ وی (میشێل) ئەڤ هەمی مالێ کو ژلایێ بابیوە گەهشتبیێ، دانە کورێ خوە. نهۆ ژان ۲۵ سالیە، ئۆ دەرچۆیێ (کۆنسێرواتوار) یێ پێتەختێ فەرەنسایەو چەند سالە کاژی ل ئیتالیا دەرسا خویندی. ژ سەرهاتیێد خۆشێت ژان ڤێرن ئەوەیە کو باپیرێ وی سندووقەك بئەمانەت لناڤ بانقا پاریسدا، دانا



بوو. بابێ ژان ڤێرن چ جارا نەد وێرا دەرێ وێ سندووقێ ڤەکەت. ئەڤی دگەل دەیکا خوە ڤەکر، ئۆ لناڤدا دەست نڤیسێد باپیرێ خوە دیتن. ژان ڤێرن سەرداخازا بلاڤەکەرێن فرەنسی جارەکادی ئەڤ نڤیسینە بلاڤ کرنەڤە.

هەروەسا ژان رابوو بنڤیسنا پەرتووکا "میشێل ئسترۆگۆف" یاکو درێژیا پەرتووکا ژوولڤێرن، تێتە حسێب کرن و لناڤ ولاتێ فرەنسەدا زۆر بهایێ پێ ددەن. ژان نهۆ لشارێ توولۆن دژیت ئۆ تنێ میرات وەگریێ (ژوولڤێرن)ە. ئەڤ دبێژیت کو بابێ من زۆر بزەحمەت ئەز یێ مەزن کری. چونکی مرۆڤەکێ وەسواسی و دودل بوو. لناڤ قوتابخانێدا ناڤێ باپیری بۆ من ببوو ئاستەنگەك. هندەك جارا حەسیدییا مامۆستایا بمندا دهات.

هەتا ژییێ بیست و یێک سالێژی من بەرهەمێت باپیرێ خوە نەخویندینەوە. لێ بەلێ پشتی ڤی وەختی چەندین جارا ئەز بسەردا چۆم و من کەیف ژێ دبر.

## دییێگۆ کولۆمب:



دییێگۆ کولۆمب نەوێ "کریستۆف کولۆمب"ە. ئەڤ ل "پالها مایۆر کالا"یا ئسپانیا دژیت. شۆلا وی دەریاوانی یەو هەر وەسا ئەندازیارێ گەمیێ یەو سێ زارۆکێد هەی. دییێگۆ دبێژیت بنەمالا مە هەمی پشت بۆ پشت دەریاوان بووینە. ئۆ باپیرێ من رێزەکا تایبەت بۆ رەشپیستا قایل بوو. ئۆ ئەویش دەریاوانەکێ پسپۆر و شارەزا بوو.

## زاپاتا

ئانیتا، ماتائۆ، دییێگۆ، بچووکێد "زاپاتا"ینە. دییێگۆ کورێ زاپاتا دبێژیت ناڤێ ولاتێ مەکزیکا دگەل ناڤێ بابێ من یێ تێکەل بووی. ئەوگەلەك ژ قەهرەمانان مەزنتربوو.



پێشەنگەك مەزن بوو بۆ گەلێ مەکزیکاو ئەمریکایا لاتین و

نۆ کەژی پشتی ٧٥ سالا هەر یێ ساخە. ماتاتۆ ٧ سالەو دیێگۆ ٦ سال. بچووکێت زاپاتا لشارێ "مورلسی" یێ مه کزیکا ژیانا خۆ دبەنە سەر. زاپاتایێ مەزن ١٠ زارۆك هەبوون ئۆ حەفت جارا زەوجی بوو. حەفت زارۆکێد وی پێد مری. پشکا زۆر ژ بچووکێد وی چەند نەویو نەویچرك ژێ پاشکەتینە. ژ بلی وێ چەندێ بچووكو نەوییێت زاپاتا دەرچۆییێت قۆناغێد بەرزێ خویندنێنە. لێ بەلێ زۆر حەزل کشت وکالێ دکەن. هەر چەندە زارۆکێد زاپاتای وەکو بابێ خوە شۆرشگێرو خەباتکەر نینە، بەلێ ل تشتەکیدا یێ بوبوە چۆی، ئەوژی لبەر چاف گرتنا بەرژەوەندیا چینا هەژارو بەلەنگازە. نهۆ هەرچەند بچووکێد زاپاتای بناف سال ڤەچۆیینە بەلێ هەمی گاڤێ پێد خەبتی کو ناڤێ بابێ خوە بساخی رابگرن.

## مهاتما گاندی

لناف گۆڤاراو پەرتووکێد دیرۆکی ئۆ لناف میناکێد گاندیدا میناکەك یێ هەی کو



گاندی رێبەرێ هندێ، دەستێ خوە یێ دانایە سەر ملێ کچەکا ١٣ سالی ئۆ برێڤە دچیت. ئەڤ کچە، زارۆکا نەوییا وی "تارا" یە. کو نهۆ یا ساخەو ژییێ وێ ٥٠ سالە. ئەڤێ ژنێ شوو ب ئابوورزانو مامۆستاو بەرپرسێ زانکۆیا تاگۆر کر. ئەو نهۆژی ل دێهلییا نوو دژین. ئەو دبێژیت: نازناڤو ناڤێ گاندی هەمی وەختەکیو لسەر هەمی دەرگەهەکی یێ ڤەکرییە. وێ کچێ بەس گرنژینا باپیرێ خوە یال بیرێ مای. ئۆ هەروەسا دبێژیت کو باپیرێ من تنێ رۆژەکێ نەکەنی. ئەوژی ڤێ رۆژێ کو ل زیندانێدا خەبەرێ مرنا خێزانا وی گەهاندییێ. ئەو دبێژیت گاندی زۆر کەیف بخاندنا پەرتووکان دهاتو زۆر حەژل پەرتووکێد ورس و شێکسپیر دکرن. دەمێ کو گاندی مری (تارا) ١٣/٥ سالی بوو. (راجمان) نەوییێ گاندی لسالا ١٩٢٥ یێ ل دایك بوویو نهۆ بەرپرسێ پشکا لێڤەکۆلینێد رامیارییە، ل دێهلیانوی ئۆ دبێژیت دەرسا مەزنا باپیرێ من بۆ دیرۆکێ ئاشتی بوو. پێتڤییە رێکا ئاشتی یێ ببینینەڤە. هەژی گۆتنێ یەکو راجمان نڤیسەرو رۆژنامە نڤیس و مامۆستایێ زانکۆیێ یە ئۆ دخەبتیت کو بکارێت خوە هزرو بیرێن باپیری بەلاڤ بکەتەڤە.

## چارلی چاپلین

"رۆژن چاپلین" مەزنترین زارۆکێ "چارلی چاپلین"ەو ل سووئیسرا ئاکنجییە. ئەو دبێژیت: بابێ من پاش کول ئەمریکا دەرکر، لناڤ مالا خۆدا شعوور بژینێ کرو خۆ خودانمال دزانی . چارلی چاپلین هەر لسالا ١٩٥٢دا ل وەلاتێ سووئیسرا ئاکنجی بوو. ئۆ خانییێ دیرۆکی یێ وی شاهیدە بۆ



چاوپێکەفتنێد وی دگەل (ژان کوکتۆ، نرۆمن، کاپۆتە، چارلز لینبێرگ) ئۆ چەندین هونەرمەندێد بناڤو بانگێد سەدێ بیستێ. رۆژن دبێژیت ناڤێ بابێ من، رۆناهییا ژینا منە. رۆژن هەر لڤی خانیدا یێ ژدایك بووی. نۆ کەژی پێنج زارۆکێد هەیو دوکانەکا مەزن یال ژێتڤ دانایو هندەك جاراژی خوە مژوولی دەرئینانو چێکرنا فیلما دکەت. رۆژن دبێژیت بابێ من ل زۆرداریو رەگەز پەرستییێ بێزار بوو.

## چرچیل:

ئاخرین کەس نەوییێ چرچیل، وینیستون چرچیلە. کو نهۆ

کۆمەڵناسە. ئەو دبێژیت بابێ‌من ئەگەرا پێکهاتنا ئێکەتیا ئەورووپی بوو. کو هنۆکە زۆر یال پێشچاڤو خوەیایە. ئەو درێژی بئاخفتنێن خوە ددەت‌و دبێژیت دەماکو لناڤ خۆپیشندانەکێ ل ئەمریکا من گۆتە پۆلیسێ ڤێ دەرێ، ئەز نەوییێ چرچیلم، باوەر نەکر ئۆ دو تۆپز بمن راکێشان.

ئەڤە بوو سەرهاتیا زارۆکێد مرۆڤێد دیرۆکی ل جیهانا ئەڤرۆدا.



ئەڤ بابەتەل گۆڤارا (اطلاعات هفتگی) هەژمار ٢٧١٦ سالا ١٣٧٤(١٩٩٥) یێ هاتیە پاچڤە کرن.

□ □ □

| | | | |
|---|---|---|---|
|  |  |  |  |
| گولبهار حاجی ئیسلام لە مارچین پۆلی پێنجی سەرەتایی بە ناوەندنومرەی ١٩/٦١ قبووڵ بووە. | سەکینە موحسن سەعدوڵلاله مارچین پۆلی پێنجی سەرەتایی‌بە ناوەند نومرەی ١٩/٣٢ قبووڵ بووە. | ریاز حەکیم سلێمان لە کاشان پۆلی یەکەمی سەرەتایی بە ناوەندنومرەی ١٩/٩١ قبووڵ بووە. | جوسین عەبدورەحمان لە سیرجان لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بە ناوەندنومرەی ١٩/٤٦ قبووڵ بووە. |



# دیمانە

ئامادە کردنی: گزنگ

○ گۆڤاری گزنگ خۆی بە بەختەوەر دەزانێ کە بتوانێ لە رادەی توانا لاوانی هونەرمەندی ئاوارە بە جەماوەر بناسێنێ. بەڵکوو ئەم کارەمان ببێتە هۆی دنەدانی گشت خۆشکوبرایانی لاو تالە ژیانی رۆژانەیان رێگەی بە کەڵك هەڵبژێرنو بتوانن لە داهاتوو خزمەتی گەلە چەوساوەکەمان بکەن.

وا ئەمجارەش چاومان کەوت بە هەڤاڵێکی تری لاوی ئاوارەو داوای لێ دەکەین خۆی بە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بناسێنێ:

❑ من ئازاد هەژارم کە چەندساڵێکە لە بواری هونەری کاردەکەمو یەکێکم لە کوردەکانی پەنابەر لە ئێران.

○ کاك هەژار جەنابت لە چ ساڵێك وەکوو پەنابەر هاتیە ئێران؟

❑ ساڵی ۱۹۷۵ لەگەڵ بنەماڵەم هاتوومەتە ئێرانو هەر بەو هۆیە کە هەموومان هاتین. بۆ ئەوەی لە گرفتەکانی ئەودیو رزگارمان بێو بەو هیوایە کە ئەگەر بواری لەبار رەخسا، دیسان بگەڕێینەوە وڵات. لە سەنگەسەر هاتینو لە سنووری سەردەشت هاتینە ئێرانو چەند شاری جۆراوجۆر گەڕاوینو ئێستاش لە شارێکی ئێران دادەنیشین.

○ باسی خوێندنەکەتمان بۆ بکە؟

❑ من ئێستا قوتابی زانکۆمو لە لکی پزیشکی دەخوێنم. هەروەها کاری کاریکاتۆریش دەکەم.

○ چ پێوەندییەك لە نێوان خوێندنو دکتۆریو هونەری نیگارکێشان یا کاریکاتۆر کێشان هەیە؟

❑ من بەرلەوەی دەست بەخوێندن بکەم کاری هونەریم دەکرد. زۆر کەیفم بە نیگارونیگارکێشان دەهات. لە کۆتاییەکانی خوێندنم لە دواناوەندی چوومە ناو کاری کاریکاتۆرکێشانو هاوکاریم لەگەڵ چەندین گۆڤارو رۆژنامە هەبووەو بەشدارییی چەند پێشانگام کردووە. هەرچەندە لکی پزیشکی پێوەندییەکی ئەوتۆی بە کاریکاتۆرەوە نییە، بەڵام من زۆر کەیفم پێ دەهاتو بە هۆی روانگەی تایبەتیم بۆ جیهانی دەوروبەری خۆم پێم خۆشبوو بە کاریکاتۆر پەیامموگرفتەکانی گەلەکەم بە گوێی خەڵکی جیهان بگەیێنم.

○ کاك ئازاد ئێمە کە لەگەڵ قوتابیانی تری زانکۆ قسە دەکەینو داوای هاوکارییان لێ دەکەین. ئەو بیانووە دێننە گۆڕێ کە گوایە ئەوان بە زۆری ئەگەر بتوانن دەرسەکانی خۆیان بخوێننو دەرفەتیان نییە هیچ کارێکیتر بکەن. جابە

ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییە کە لکی پزیشکی یەکێکە لە سەختترین لکەکانی خوێندن چۆن توانیتان لە بوارێکی تری



وەکو کاریکاتۆر پێشکەوتن وەدەست بێنن؟ گەلۆ ئێوە زۆر زەحمەتتان کێشاوە یائەوان تەمەڵن؟

❑ بەڕاستی من زۆر ئاگام لە وەزعی ئەم برادەرانە کە باس دەکەی نییە. ڕەنگە گرفتی زۆریان هەبێ. بەڵام من هێندە دەزانم کە منیش گرفتی گەلەك زۆرم هەیە. پێم وایە هەرکەس لە ژیانی خۆی وەختی بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك هەیە. واتە تەنیا هێندەی دەوێ کە ئێمە دابنیشین و بیری لێبکەینەوەو بڕێك لەوکاتە زۆرانەی سەرفی کاری بێسوودی دەکەین، سەرفی دارشتنی بەرنامەیەکی چاك بکەین. پاشان بیری لێبکەینەوە کە چکارێکمان پێ دەکرێ. چونکە هەرکەسێك توانایەکی تایبەتی هەیەو دەتوانێ هەندێ کار ئەنجام بدات و منیش لەم ڕووەوە تەماشام کرد کەیفم بەم هونەرە دێت و بە بیروهزرم دەخوا، وێڕای ئەوەی متاڵای زۆر دەکەم بڕێك لە کارەکەشم سەرفی هێنانی ئەوشتانە بۆ سەر کاغەزدە کەم کە لە کاتی خوێندنەوە وەدەستم هێناون. واتە کاری کاریکاتۆر دەکەم.

کاریکاتۆری کۆمەڵایەتی. هەروەها کاری تریش دەکەم و ئەوانە هیچ زیانێك بە خوێندنم ناگەیێنێ. ئەوانە هەرکامیان لە شوێنی خۆیانن و گشت هەڤاڵانی قوتابی زانکۆ دەزانن کە هەرکارێك کات و شوێنی خۆی هەیەو کەسیش هەمووکاتی خۆی سەرفی دەرس خوێندن ناکات.

بە هەر حاڵ مرۆڤ پێویستی ڕووحیشی هەیەو پێویستە ڕەنگاو ڕەنگی لە کارەکانی هەبێ.

O بە بڕوای جەنابتان لە کامیەك لەو کارانە واتە خوێندن و هونەر زیاتر سەرکەوتوو بوویت؟

❑ ئەم ڕایە دەبێ لەلایەن خەڵکی دەوروبەر دەربڕدرێ. خۆم ناتوانم لەم بارەیەوە ڕادەربڕم. بەڵام تەنیائەوە دەزانم کە هیچ کامیان بە هۆی ئەویتر بەجێ نایێڵم و هەردووکیان بەبایەخن و دەتوانم بڵێم هەرئەو دووانە نین و هەندێ شتی تریش هەیە. گشت ئەوانە لە شوێنی خۆیان بە بایەخن و هەوڵ دەدەم هەموویان ئەنجام بدەم.

O ئەگەر دەکرێ بۆمان باس بکە کە دەتەوێ بە کاریکاتۆر چ بە خەڵك بڵێی. واتە کاریکاتۆرەکەت هەڵگری چ پەیامێکە؟

❑ من ڕوانگەی خۆم هەیە بە نیسبەت ئەو شتانەی لە دەورو بەرمان هەیە. بەڕاستی لە ڕوانگەی من، دنیای ئەوڕۆ دنیایێکە پڕە لە بێعەدالەتی. من ئەوڕۆ زمانێکم دۆزیوەتەوە کە بەوزمانە دەتوانم دەنگی ناڕەزایەتی خۆم دەرهەق بەو بێعەدالەتیانە بەرز بکەمەوە. ئەوەش بە کات و شوێنی تایبەتی یەوە بەندنییە. دەتوانم بڵێم هەمیشە هەروا بووەو هەندێ مرۆڤ هەبوون کە لە دۆخی وا ناڕازی بوون. ئێمەش مرۆڤین و دەبێ بە لایەنی کەم بڵێین کە بۆ وایە؟!. من لە ڕێگەی کاریکاتۆرەوە بەوگرفتانەی ئێستا کە مرۆڤ لە جیهان لە بەردەم خۆی دەبینێ، ڕەخنە دەگرم. تا چ ڕادەیەك لەم ڕێگەیە سەرکەوتووبم نازانم.

O ئێستا لە کوردستانی عێراقیش هونەرمەند هەیەو باس لە

کاری هونەریش دەکرێ. هەرچەندە هەندێکیان لە دەرەوەی وڵاتن. تا چ رادەیەك ئاگاداری جموجۆڵی هونەری وڵاتی؟ ئایا لێی رازیی؟

❑ بە داخەوە هیچ ئاگاداریەکم لەسەریان نییە. جا ئەوە لاوازی راگەیاندنە لەم رووەوە، یاخود هۆیەکی تر، تەنیا ئەوە دەزانم لەناو برایانی کوردمان بە راستی مرۆڤی لێهاتوو، لێوەشاوە زۆرە کە نەناسراون‌و کەس بایەخیان پێنادات. بە خۆشیان رەنگە زۆر هەوڵ نادەن. گشت ئەم هۆیانەش دەستیان داوەتە یەك تائەورۆ ئێمە لەم رووەوە بێئاگا بین. من هیچ ئاگاداریەکم لەودیو نییە. ئەوە لە حاڵێکە بە چاکی ئاگاداری پێشکەوتنی هونەری لە وڵاتانی ترم. ئاشناییم لەگەڵ زانایان‌و پیتوڵە هونەرییەکانی وڵاتانی‌تر هەیە. بەڵام لەمەڕ خۆمان، لەمەڕ کورد هیچ ئاشناییەکم نییە.

○ باشە ئەم بێئاگاییە خەتای تۆیە یا خەتای کەسێکیتر؟

❑ بە لایەنی کەم پەنجا لەسەدی ئەم کورتییە لە ئەستۆ دەگرم بەڵام پەنجا لەسەدی تریش هەیە. کە خەتای ئەوانەیە لەم بارەیەوە راگەیاندن‌و پڕۆپاگندەیان نییە.

○ خۆ ئاگات لە دروشمی هونەر بۆ هونەرو هونەر بۆ کۆمەڵ هەیە؟ تۆ لە کامیانی؟

❑ پێم وایە هەردووکیان سەرنج راکێشن. خۆم هەندێجار هونەر تەنیا بۆ هونەر دەخوازم. بەڵام پاشان کە پەیامم دەگەیێنم دەبینم لە راستیدا لەبەر کۆمەڵ بووە کەئەو هونەرەم ویستووە. واتە ناکرێ ئەو دووانە لێك جیابکرێنەوە. تێکەڵی هەردووکیان جوانترە.

○ بە بڕوای ئێوە لە دۆخی ئێستای گەلەکەمان کە بەشێکیان ئاوارەن‌و لە ناوخۆشیان تووشی شەڕی کورد لەدژی کوردین، هونەرمەندێك چی بۆ ئەو گەلە لە دەست دێت؟

❑ بە بڕوای من ئەرکی هونەرمەند بەر لە هەرشتێك ئەوەیە بڵێت ئێمە لەوە بێچارەترین کە هەوڵ بدەین گرفتی تریش بۆ خۆمان بخولقێنین. جا ئەوە بە هەر زوبانێك کە بڵێن دەبێ بڵێن. دۆخی ئێمە وانییە کە ئەوجا بکەوینە گیانی یەکتری. هەمووسان تووشی گرفتێکین هەمووومان یەك ئازارمان هەیەو پێمخۆشە ئەم وتەیەی "گووستاڤ فلووبێر" بگێڕمەوە کە دەڵێ: ئەوانەی دوژمنی یەکترن، زیاتر بە هۆی جیاوازی سەلیقەیە نە شتێکیتر. واتە ئەگەر ئەم جیاوازی سەلیقەیە نەبوایە هەموو خەڵکی جیهان دۆستانی راستەقینەی یەکتر دەبوون".

جا ئێستاش بە هۆی جیاوازی سەلیقە ئەو هێندە خەڵکە دەبێ لەناو بچن‌و ئەو هێندە گرفتە دەخولقێ! بۆ دەبێ ئەوهابێ؟! بە بڕوای من یەك هونەرمەند دەبێ بتوانێ بە هەر زوبانێك کە بۆی دەکرێ بڵێ کە ئەم گرفتانەی هەیە زۆر بچووکترلەوەن کە بمانکەنە دوژمنی یەکتری‌و ئێمەش بابێین بەدەستی خۆمان گرفتی زۆرتر نەخولقێنین.

○ ئەوها کە باستان کردووە تائێستاش لە رووی خوێندن کە سەرکەوتنی چاکت وەدەست هێناوە.باشە سەرکەوتنەکانت لە رووی هونەری چی بووە؟

❑ تائێستابەشداری گەلێ پێشانگەی تاکی‌و بە کۆمەڵ بوومو بە نیسبەت رابردووی کارم لە کاریکاتۆر ـکە زۆر نییە ـ سەرکەوتنی باشم وەدەست هێناوە. لە پێشانگاکانی هەندەران بەشداریم کردووە. لە پێشانگاکانی جۆراوجۆر لە وڵاتانی ژاپۆن، بەلژیك‌و لە پێشانگاکانی تایبەتیی ناوخۆی ئێران لە شارە جۆراوجۆرەکانی سەرتاسەری ئێران‌و لە چەند فستیڤالی رەسمی ئێران بەشداریم کردووەو سەرکەوتنی چاکم هەبووەو روتبەی جۆراوجۆرم بەدەست هێناوە. روتبەی یەکەم، دووهەم تا سێهەم. لە هەندێ شوێنێش پێشانگای تاکی‌بووە. کە تەنیا کاری خۆم بووەو خەڵك زۆر چاك پێشەوازییان لێکردووە.

○ ئایالە ئەنجامدانی ئەم کارانە هیچ کەس هاوکاری کردووی؟ یا خۆت داوای هاوکاریت لە کەس کردووە؟

❑ هەڵبەت داوام کە هەبووە. بەڵام خۆم زۆر هەوڵی وەرگرتنی یارمەتیم نەداوە. من بڕوام وایە کە بەرلە هەرشتێك هونەر دەبێ بۆ هونەر بێ. بۆیەش هەوڵم داوە کارەکان بەخۆم ئەنجام بدەم‌و پەیامەکەشی هەربەخۆم

بگەیێنم. بەڵام ئێستا دەبینم هاودەردی
وەکوو من زۆرن و دەبێ لەگەڵیان بە هاوزمانی پەیامەکەمان بگەیێنین. منیش پێمخۆشە پەیامەکەم گشتیتربێ و پەیوەندی زۆرترم لەگەڵ هەڤاڵان هەبێ. تابەڵکوو بتوانین گرفتەکانمان باشترو بە زمانێکی راشکاوتر، بە خەڵك بڵێین و لەمبوارەوە من هەوڵم کەم بووە.

○ داهاتووی گەلەکەمان چۆن دەبینی؟

❑ من رای خۆم دەڵێم. نە وەکوو هونەرمەندێك و نە وەکوو سیاسەتوانێك. چونکە زۆر سەرەدەری لەم کارانە ناکەم. بەڵام وەکوو مرۆڤێك پێموایە داهاتوو ئەگەر هەروا بڕوا، داهاتوویەکی چاك نابێ. ئەگەر قەراربێ بیری لادانی پێوەری راستەقینەو رەچاو نەکردنی دۆخ لا نەچێ و گیروگرفت هەر رۆژ زیاتربکرێن، کێشەی ئێمە چارەسەر ناکرێ. پێموایە داهاتوو داهاتوویەکی باش نابێ ئەگەر هەر بەو چەشنە بێ کە تائێستا بووە. تەنیا هیوادارم وەکوو مرۆڤێك لەمپەڕی سەر رێگەمان زیاتر هەڵبگیرێ و بە خۆشمان بەلایەنی‌کەم دەبێ یەکەم هەنگاو هەڵگرین.

○ ئایا بڕوات بە کارتێکردنی بنەماڵە لە داهاتووی منداڵ و ئەندامەکانی هەیە؟

❑ بەڵێ هیچ گومانێك لەوەدا نییە. ئێمە سەربە شوێنی ژیانی خۆمانین. ئەگەر مەرجی ژیان سەخت بێ، مرۆڤ دەکێشرێ بۆ ئەو شوێنانەی خۆڕاگرتن لە توانای نابێ. بەڵام خەڵکانی جۆراوجۆر لە ناو کۆمەڵ خاوەن توانمەندی جۆاوجۆرن و ئەم توانمەندییانە دەبنە هۆ کە لە بارودۆخی یەکسان هەندێك لە هەندێکیتر سەرکەوتووتر بن. هەندێ کەس رێگەی خۆیان راست و بێکۆسپە دەکەن. هەوڵ دەدەن رێگە ببڕن و پێموایە بۆ ئەم کارە ئیرادە زۆر کارتێکەرە. هەرچەند شوێنی ژیانیش (محیط) بێئەگەر نییە.

○ وەکوو لاوێکی سەرکەوتوو چ پەیامێکت بۆ لاوانیتر هەیە؟

❑ من هیوادارم ئەوانەی ئەورۆ وەکوو من دەیانەوێ رێگە بگرنە بەرو هەنگاوی سەرەتایی هەڵێنن، هەوڵ بدەن لە رابردوو چاکە وەرگرن و کەڵکی لێ وەربگرن و خراپەکانیش بخەنە لایەکەوە. با هەوڵ بدەین ئەگەر رابردوو رابردوویەکی باش نەبووە داهاتوویەکی باشمان هەبێ و ئەو داهاتووەش دەبێ ئێمە دروستی بکەین و بە بزاف و هەوڵی دروست و بیرکردنەوەی دروست بکۆشین. ئەوەمان لەبیربێ، ئێمە لێرە رووله رووی چ کۆسپەو تەگەرەیەك هاتووین. چ ئەرکێکمان لەئاست گەلەکەمان و ئاواتەکەی لە ئەستۆیە. بالەبیرمان نەچێ کە خۆشی درۆ و رواڵەتی دەوروبەرمان لەیاد دەکرێن. هەرچەند ئێمە لە تەمەنێکین کە تارادەیەك پێویستیمان پێیە. بەڵام با بیرلە ئاواتی گەورەترو چاکتر بکەینەوە.

○ جگە لەوانەی باست کرد. لەگەڵ هونەرو کاریتر چۆنی؟ بۆ وێنە مۆسیقا؟

❑ من جگە لەوانەی باسمکرد، زۆرکەیفم بە خوێندنەوەی پەرتووك دێت و زۆر کەیفم بە ئەدەبیات دێت و هەروەها زانستی دەروونناسی. بەڵام جگە لەوانە بەڵێ، کەیفم بە مۆسیقاش دێت. مۆسیقای جۆراوجۆر بەتایبەت مۆسیقای رەسەنی ئێرانی زۆر جوانە. مۆسیقای خۆمان، هەندێ بابەتی شۆڕشگێرانەی زۆر جوانن. سروودەکان زۆر خۆشن. لە مۆسیقای هەندەرانیش خۆشم دێت. بە تایبەت مۆسیقای کلاسیکیم زۆر لەلا خۆشە. هەروەها ئەو مۆسیقایانەی لە بواری شێعرو مۆسیقاکارکراوە، بۆ ئەوەی هەستی مرۆڤایەتی ببزوێنێ و وێڕای ئەوەی مرۆڤ ئارام دەکات، ئاواتە هەرە بەرزەکانیش پێشانی مرۆڤ دەدات.

○ زۆر سوپاست دەکەین و هیوادارین سەرکەوتوو بیت لە خزمەتکردن بە گەلەکەمان.

❑ منیش زۆر سوپاسی ئێوەو گۆڤارەکەتان دەکەم هیوادارم سەرکەوتوو بن ❑




# دەمەتەقەی خێلۆ و گێلۆ

ها، خێلۆ چییە ؟ بۆ کوێ بە پەلەی
ئاخر ماڵکاول، ئەمە ڕێگایە
ناڵێی بەو چەشنە، پێشێلیان دەکەی؟
سڵاو گێلۆگیان، چاك بوو دیاربوویت
هەرچی کۆڵانە لە دووت گەڕاوم
خەجە گەڕۆکی یا گێلۆ، قوربان
چبکەم خێلۆگیان، بێکارم کاکە
پیاو بێکارو نەداربێ سەختە
لە شەرمی ڕوومە، لە ماڵ ناسرەوم
دەزانم گێلۆ، هی وەك تۆ زۆرن
فەرموو وەکوو تۆ، منیش بێکارم
کارێکی چاکم دۆزیوەتەوە
هاتووم بۆ ڕاوێژ، گوێ لە ڕات بگرم
دەی بڵێ خێلۆ، بزانم چییە
ئێ، گێلۆ، بەڵام کورت ئەیبڕمەوە
بە کورتی و کوردی، بیروڕام وایە
هەستین، پێکەوە حزبێك دابنێین
پیتی (گ) کورتەی ناوی گێلۆیە
(ك) هێمای ناوی کوردستانمانە
ئەوها بەو چەشنە ئێمەش وەکوو خەڵك
قازانجەکەشی بە خۆت دەزانی
تەنیا پێویستە هەردوو بتوانین
گەر دێموکراسی بە جوانی بێژکەین
بە شەوێ، ئەبڕین ڕێگەی سەد ساڵان
ئەوان حزبێك و ئێمەش حزبێکین
بەسیەتی خێلۆ، هەتیوی خوێڕی
گیانەکەم، حزب هەوتە نییە
پسپۆری دەوێ، زانایی دەوێ
کوڕە کاك گێلۆ کامە زانایی
سەیرکە، دڵێ ئەم خاك و ئاوە
هەتیو بۆ سەیری پێشەوەت ناکەی؟!
خەڵك لە حاڵی هاتوچۆ دایە
بە دەردی مافی مرۆڤیان دەبەی؟
کوتم بەبێ من، بۆ ئەو دنیا چوویت
بە خوا نزیکە بدڕێ پێڵاوم
کە هەر دەگەڕێی لە کووچەو کۆڵان
ئەی لە ماڵ بم و شەڕ بکەم چاکە؟
خاوەن گیرفانی بەتاڵ بەد بەختە
بە خوا بە شەویش لە خەم ناخەوم
گەلێ خەڵك ئەوڕۆ بەبێ پێخۆرن
بەڵام بەو حاڵەش، ئومێدەوارم
لە سوودو زیانم کۆڵیوەتەوە
بزانە چۆنە بیروڕاو هزرم
بەڵکوو ڕزگار بین لەو نەدارییە
سیرو پیازی، بۆت ناگێڕمەوە
کە لە قازانجی هەردووکمان دایە
بەو حزبەش کۆمی (گە خە کە) بڵێین
(خ)یەکەش، یەکەم پیتی خێلۆیە
کە بەستەزمانەو لە بەر دەستمانە
حزبێك دادەنێین بە قازانج و کەڵك
خۆ شوکر کوردی و لە کوردستانی
مانای چەند وشەی زل زل بزانین
شەوو ڕۆژ مافی مرۆڤ کاوێژ کەین
دەچینە ڕیزی هاوڕێ و هەڤاڵان
هەریەك خاوەنی تاکە دەنگێکین
پێتوایە شێتم، پێم ڕادەبوێری؟!
سیاسەت، یاریی دۆمینە نییە
لە خۆ بردوویی و ئازایی دەوێ
کام لە خۆبووردن کامە ئازایی
تۆی پارت و حزبی تێ چاندراوە!

هەمووی چواربستە، چل حزبی هەیە!    چل پەنجای تریش، وا بەڕێوەیە!
باشە پێم نالێی ئەو جەنابانە    چیبیان کردووە لەو کوردستانە؟
جگە لە قسەو دروشمو هاوار    چیتریان بووە بۆ کوردی هەژار؟
ئێ، حزبی ئێمەش یەکێك لە وانە    ناوی (گەخەکە)ش ئەلحەق جوانە
چاکە، کاك خێلۆ ئەتۆ وابزانە    حزب دامەزراوەو خەڵك چاوەڕوانە
کوا ئەندامانی لێژنەی مەرکەزی    کوا چەند کەسێك بۆ مەکتەب سیاسی
یا(گەخەکە)ی تۆ ئەمانەی نییە    وەکوو هەندێ حزب، دە بیست کەسییە!
نە، کاك گێلۆ نە، دەبیست کەسی چی    گوێ بگرە بزانە برات ئەڵێ چی
هەرچی گێلو خێل لە کوردستانن    هەموو ئەندامی حزبەکەمانن
گێلان ئەندامی لێژنەی مەرکەزی    خێلەکانیش بۆ مەکتەب سیاسی
هەربژی حزبی گێلانو خێلان    پیرۆز بێ لە گشت گەلی کوردستان
ئەوجا منو تۆش بێکار نامێنین    زۆر بە هاسانی پارە دەر دێنین
باشە کاك خێلۆ، ئەوە تا ئێرە    ئایا(گەخەکە) بێ سکرتێرە؟
منو تۆ هەردووك وەکوو یەکترین    کاممان سکرتێر کامە جێگرین؟
وەڵلا گێلۆ گیان، ئەمن پێم وایە    پلەی سکرتێر بۆ من ڕەوایە
ئەتۆش جێگربە، ئێ قەیدی چییە؟    ئەو دوو پلەیە تەوفیریان نییە
دەزانم ئەتۆش گلەیت نابێ    پڕ بەدڵ دەڵێی، چاکە با وابێ
بەڵێ، خێلۆ بەگ، چاك لێی دەزانی    بە راست سەرکردەی گزیکارانی
باشە، بۆ دەبێ تۆ سکرتێربی؟    من قبووڵ ناکەم، زانیت دەڵێم چی
من سکرتێرو ئەتۆ جێگر بە    زۆر قسەش مەکەو بێدەنگو کڕ بە
بەو خوایە گێلۆ، قەت ئەوە نابێ    دەبێ دەسەڵات لە دەست من دابێ
خۆشم کڕ ناکەم ئەتۆ بێدەنگ بە    دەنا ئامادەی لێدانو جەنگ بە
چی، ئەتۆ، خێلۆ، ئەتۆ شەڕ دەکەی    ئەتۆی بێهونەر من بێدەنگ دەکەی؟!
دە فەرموو، ئەوە یەکەم شاپ، بگرە    ئەوەش دووهەمیان دە بڕۆ بمرە
تۆش بگرە گێلۆ، مادەم وای لێهات    ئەو بەردەش لە لای من، بۆ تۆ خەڵات

***    ***

ئاگربەست خێلۆ، ئاگربەست کاکە    شەڕ کردن بەسەو وتوویژ چاکە
باشە لەسەر چی وا تێك بەربووین؟!    بۆ لەگەڵ یەکتر تووشی شەڕ بووین؟!
خۆ هێشتا حزبمان هەر دانەناوە    بووینە شەمۆی خەڵك هەردووك لەم ناوە
جا بزانە حاڵی ئێمەی کورد وایە    هەموو کارێکمان شەڕی تێدایە
خۆزگەم بەو ڕۆژەی کە بۆ کورد دابێت    لە جیاتی تۆپز قسە بەکار بێت
ئەوجا منو تۆش بێکار نامێنین    لە ڕێگەی حەلال نانمان دەردێنین

مامۆستا ڕەمۆ

# وڵامی کاک ڕێبوار

سدیق بۆرەکەیی

## پێشەکی:

لە ژمارەی رابردووی گوڤارەکەمان وتاری (بورەکەیی لو ئەوهای کرد؟) بلاو کرایەوەو دووای ئەوە کاک سدیق بورەکەیی وتاریکی بو ناردین کە وەکوو وللمی ئەم وتارە، نووسراوەو ئیوەش لە خوارەوە دەیخوینەوە.

بە داخەوە دیارە بەریز بورەکەیی دیسان هەولی داوە تومەتی جوراو جور بخاتە پال ماموستای ئەمرو ئەمجارەش مەسەلەیەکی نویی هیناوەتە گوریو باسی وەرگیرانی قانوونی ئەبووعەلی کردووە کە گوایە هی ماموستا هەژار نییەو لە شوینیکی تر دەستی کەوتووەو بە ناوی خوی لە چاپی داوە!

ئیمە لە شوینی خوی وللمی جەنابیان دەدەینەوەو ئیسباتی دەکەین کە ئەو قسەیە راست نییە. بەللام لیرە تەنیا دەلیین دەبوا بورەکەیی زووتر ئەو زانیارییەی دابایە زانکوی تاران کە بەو هەموو پسپورو زانایە لە جیاتی پارانەوە لەبەر ماموستا هەژار بو وەرگیرانی (قانون) بورەکەیییان ناردبایە پەرتووکخانەی بەرلین لە ئالمانو قانوونە فارسییەکەی بهینابا.

گزنگ



ئەوەی روونو ئاشکرایە رەخنە هێشتا لەناو کوردەواریدا جێی خۆی نە کردووەتەوە. کە چی رەخنە کەسایەتی فەرهەنگیو زانستی کەسێك ناهێنێتە خوارەوەو بەڵکو رەخنە ئەبێتە هۆی پێشڕەوتو سەرکەوتنی هەر گەلو نەتەوەیێكو هەرلەرێی رەخنەوەیە کە گەلو کۆمەڵ سەرئە کەوێ.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەیان وتارو نامیلکەو پەرتووك لە سەر، وتار یاپەرتووك ئەنووسنو رەخنە لە نووسەرەکەی ئە گرن، بۆ ئەوەی نووسەری پەرتووکە کە لە چاپی دووەمی نووسراوەکەیدا هەڵەکانی راست کاتەوەو دیارە خوێندەوارانیش وریا ئەبنەوە.

بە داخەوە لە سەر فەرهەنگەکانی کوردی تا ئێستا، هیچ چەشنە رەخنەو کەرەستەیێکی تیۆری نەنووسراوە. کەچی زۆربەی

فەرهەنگەکانی کوردی هەڵەیان تێدایەو ئەبێ هەموویان هەڵاوێژرێن تا فەرهەنگی دروستو ڕێکوپێك بنووسرێو لاوانو خوێندەوارانی گەلی کورد، بتوانن کەڵكو سوودی لێ وەرگرن.

نووسینی هەر فەرهەنگێکی کوردی، گرنگی بۆ سەر فیلۆلۆژی کوردی هەیەو ئەبێ هەڵەی هەر فەرهەنگێك دەربخرێو ناتەواوییەکانی بنووسرێ. بەتایبەت لاوان کە لە زمانی کوردیدا پسپۆر نین. ئەبێ پەنابۆ فەرهەنگێك بەرن کە بێهەڵە بێ. تا لە داهاتوودا بتوانن بۆ گەلەکەیان بە کەڵك بن.

لە وتاری ڕەخنەییدا نووسەر، نووسراوێك یا پەرتووکێك ئەخاتە بەر باسو لێکۆڵینەوەو چاکیو خراپیو کەموکوڕی نووسراوەکە دەرئەخا، بەبێ هیچ ڕقو قینێكو هەڵەکانی بە پێی بەڵگە ئەخاتە ڕوو. لە سەری ئەکۆڵێتەوە. کە بەداخەوە لە وێژەی کوردیدا، ئەم چەشنە وتارانە کەمتر ئەکەوێتە بەر چاوو ئەگەر کەسێکیش وتارێکی ڕەخنەیی لەسەر کەسێك یانووسراوێك بنووسێ، هەندێك لێی قەڵسو تووڕە ئەبن. کەچی بە پێچەوانەی ئەوکارە، ئەبێ سپاسی ڕەخنەگرەکە بکەن، بۆ ئەوەی هەڵەکانی خستووەتە بەرچاوو لەمەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ، کە گەلی کورد هێشتا بەوپلەو پایە نەگەیشتووە کە ڕەخنەی لێ بگیرێ.

تا ئێستا نزیکەی شەست فەرهەنگو فەرهەنگۆکی کوردی چاپو بڵاو بووەتەوەو هەرچەندە گەلێك لەو فەرهەنگانە لەسەر شێوەی زانستی، دانەنراونو گەلێ هەڵەی زمانناسییان تێدایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو فەرهەنگانە بوونەتە توێشووبەرە بۆ دووا ڕۆژی گەلی کوردو ئەتوانین لە هەموویان کەڵكو سوود وەرگرینو ناتوانین چاو لە هیچ کامیان بپۆشین.

یەکێ لەو فەرهەنگە کوردییانەی کە چاپو بڵاو بووەتەوە، فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەیەو هەرچەندە ئەم فەرهەنگەش گەلێ هەڵەو ناتەواوی تێدایە، دیارە کەسێك دایناوە کە هەمووی زاراوەکانی کوردی نەزانیوەو هەڵەکانی ئەبێ بگیرێو پوختتر بکرێ.

چونکە فەرهەنگی هەر گەلێك بە هۆی کەسێکەوە دائەنرێ کە لە زماندا پسپۆڕبێ. بە تایبەت

**● مەبەستم ئەوە نەبوو کە مامۆستا هەژار سووك کەمو پلەو پایەی زانستی ئەو بهێنمە خوارەوە. چونکە ئەو یەکێ لە هۆنەرانو نووسەرانی هەرەبەرزی کوردەو لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا هەتا هەتایە ئەدرەوشێتەوە.**

فەرهەنگی کوردی کە داگری پێنج زاراوەی گەورەو چەند شێوەی جۆربەجۆرەو ئەبێ ئەوکەسانە لە سەری بکۆڵنەوە کە لەو زاراوانەدا شارەزاییان هەیەو پسپۆرن. کەچی مامۆستا هەژار هەر شێوەکانی موکریو بادینانی ئەزانی.

چەند ساڵ لەمەوپێش کە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە چاپوبڵاو بووەوە، کاتێ خوێندمەوەو بە وردی لەسەر وشەکانی کۆڵیمەوە. بۆم دەرکەوت کە گەلێ هەڵەو ناتەواوی تێدایەو ئەوەبوو کە نەمتوانی بێدەنگ بمو وتارێکم هەر لەسەر هەڵەکانی پیتی "ئا"ی ئەو فەرهەنگە نووسیو دامە گۆڤاری ئاوێنە کە چاپوبڵاوی کاتەوەو ئەو دەمەش خوالێخۆشبوو مامۆستا هەژار مابوو. وە مەبەستم ئەوە بوو، خۆی چاوی بکەوێتە وتارەکەو وەڵامم بداتەوە. کەچی بەداخەوە دوو ساڵ دووای مەرگی ئەو، وتارەکەیان بڵاو کردەوەو من لە نووسینی ئەو وتارەدا، مەبەستم ئەوە نەبوو کە مامۆستا هەژار سووك کەمو پلەو پایەی زانستی ئەو بهێنمە خوارەوە. چونکە ئەو یەکێ لە هۆنەرانو نووسەرانی هەرەبەرزی کوردەو لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا هەتا هەتایە ئەدرەوشێتەوە.

لەو دوواییەدا، براێکی بەڕێزمان بەناوی کاك ڕێبوار، لە گۆڤاری ژمارە دەی "گزنگ"دا وتارێکی لە سەردێڕی: «بۆرەکەیی لۆ ئەوهای کرد؟!» لە وەڵامی ڕەخنەکانی مندا، سەبارەت بە هەنبانەبۆرینە نووسیوە، کە ئەوا لێرەدا وەڵامی ئەم برایە هێژایەمان ئەدەمەوە کە هیوادارم خوێندەوارانی بەڕێزی کوردیش بە وردی بیخوێننەوەو لە سەری بکۆڵنەوە. تا ڕاستییەکەیان بۆ دەرکەوێ.

ئەم برایەمان لە وتارەکەیدا نووسیویە: «لە ژمارە١٢ی

گۆڤاری ئاوێنەدا هێرشێکی توند کرایە سەر کەسایەتی مامۆستا هەژارو بەرهەمە پربایەخو بەناوبانگەکەی، هەنبانەبۆرینە...»

لە وەڵامدا ئەبێ بڵێم:

رەخنە هێرش و ململانێو زۆرانبازی نییە. بەڵکوو هەر لە رێی رەخنەوە هەموو مەبەستێك روون ئەبێتەوەو کەسیش نەیویستووە مامۆستاهەژار سووك کاتەوە. بەڵکوو خۆم چەندین ساڵ لەگەڵ مامۆستا هەژاردا بوومو هەموو دەم لەگەڵیا ئەدوامو ئەویش منی زۆر خۆش ئەویستو هانمی ئەدا کەپتربنووسمو تەنانەت لە شینگێرییەکەیدا پارچە هەڵبەستێکم هۆنیوەتەوەو ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە لەکارەکەی رەخنە نەگیرێو من سەبارەت بە هەڵەو ناتەواوییەکانی فەرهەنگەکەی دووامو داوام لە زمانەوانانی کورد کردووە کە فەرهەنگەکەی هەڵاوێژنو ناتەواوییەکانی پرکەنەوەو تا ئێستاش چەندین کەس رەخنەیان لە فەرهەنگی دێهخودا ( (١٢٩٧-١٣٧٥ ی کۆچی) و فەرهەنگی دکتۆر موعین ( ١٣٣٦-١٣٩١ی کۆچی) و ئەلمونجەد نووسراوی لویس مەعلووف ( ١٢٨٧-١٣٦٦ی کۆچی) گرتووەو هەڵەکانیان خستووەتە بەرباس و لێکۆڵینەوەو کەسیش قەڵس و توورە نەبووە.

بەرێز کاك رێبوار لە وتارەکەیدا ئەڵێ:

«بۆرەکەیی ئەوە چەندین ساڵە خەریکی فەرهەنگ نووسینەو لە لاپەڕەکانی کۆتایی گشت پەڕاوە نووسراو یا وەرگێراوەکانی بە خوێنەر راگەیاندووە کە چاوەڕوانی فەرهەنگی مادبن و تائێستاش هەرتەواو نەبووە».

لە وەڵامدا ئەبێ بڵێم کە:

فەرهەنگی ماد سێ بەرگەو داگری تەواوی زاراوەکانو شێوەکانی کوردی یەو هەر زانستنامەکەی واتە ئینسکلۆپیدیاکەی شەش هەزار فیش یا لاپەڕەیەو لەبەرئەوەی سامانێکی زۆری ئەوێو قاقەز گرانە، بەداخەوە نەمتوانیوە تائێستا هەمووی لە چاپ بدەمو خوا حەزکات لە داهاتوودا لە چاپ ئەدرێو بڵاو ئەبێتەوە.

بەرێز کاك رێبوار لە بەشێکی تری وتارەکەیدا ئەڵێ:

«پسپۆرانی زمانی کوردی ئەم زوبانە بەسەر شەش زاراوە دابەش دەکەن کە جگە لەو پێنجانەی بۆرەکەیی باسی کردووە، زاراوەی زازایی زاراوەیێکی کوردییەو بۆرەکەیی باسی نەکردووە».

لە وەڵامدا ئەبێ بڵێم:

من نازانم ئەو پسپۆرانە کێن کە زمانی کوردییان بەسەر شەش زاراوە دابەش کردووە. میرشەرەفخانی بتلیسی کە لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچیدا شەرەفنامەی نووسیوە، زمانی کوردی دابەش کردووەتە چوار زاراوە بەناوانی: کرمانجی، لوڕی، کەلهوڕی، گۆرانی، وە لەبەر درێژایی رۆژگارو گۆڕانی باری کۆمەڵایەتیو رامیاری کرمانجی بووە بە دوو بەشەوە: کرمانجی خواروو، کرمانجی ژووروو، وە کەلهوڕیش ئێستا شێوەیێکە لە زاراوەی لەکی، بەڵام زازایی زاراوە نییەو بەڵکوو شێوەیێکە لە شێوەکانی گۆرانی کە هەندێ لە خەڵکی شارەکانی: دیاربەکرو مووشو دەرسیمو پیرانو چێرمووكو ئۆرفەو سیوێرەك، پێی ئەدوێنو بریتییە لە چەند گۆڤارو هەر گۆڤارێك ناوی ناوچەیێکی بەخۆیەوە گرتووە وەکوو: زارای کۆر، زارای چیباخچور، زارای کیگی،زارای پالوو.

کاك رێبوار لە وتارەکەیدا ئەڵێ:

«ئەگەر پێویستە فەرهەنگ نووس گشت ئەم زاراوەو لەکانی تری بزانێو ئاشنایی رەبەقی بەسەر زمانەکانی ئاوێستاییو پەهلەویو فارسیو تورکیو عەرەبیدا هەبێ، ئەتۆبێی بۆرەکەیی خۆی هێندە بزانێو سەرەدەری لەم هێندە لۆژی یەش بکاکە خۆی نووسیویە؟».

لە وەڵامدا بڵێم:

کە ئەگەر چاوێك بخشێنیتە مێژووی وێژەی کوردی، بۆت دەرئەکەوێ کە ئەز هەرپێنج زاراوەکە ئەزانمو جگە لەوەش بە زمانەکانی فارسیو تورکیو عەرەبیو ئاوێستاییو پەهلەویو فارسیکۆنیش ئاشنایەتیم هەیە.

چونکە نزیکەی چوار ساڵ لەلای مۆبەدەکانی زەردەشتی زمانە کۆنەکانی ئێرانیم خوێندووەو چەندین ساڵە خەریکی نووسینی فەرهەنگی کوردیمو چەند پەرتووکیشم سەبارەت

به هاوچەشنی وشەکانی ئاوێستایی و پارسی کۆن و پەهلەوی لەگەڵ کوردیدا نووسیوە، کە لەژێر چاپ دان و مەبەستیشم لەم کارانە تەنیا بووژانەوەو زیندووکردنەوەی زمان و وێژەی کوردییە.

کاك ڕێبوار لە وتارەکەیدا ئەڵێ: «ئایا ئەحمەدی خانی هەموو ئەم زمانەو لوژییانەی زانیوە کە نەوبەهاری نووسیوەو بۆرەکەیی بەخۆی پەسنی دەداو دەڵێ: جێی ڕێزوسپاسن ؟». لەوەڵامدا ئەبێ بڵێم کە: شێخ ئەحمەدی خانی (١٠٦١-١١١٩ی کۆچی)نەمر خەڵکی بایەزید بووەو هەر لەوێش دا پێگەیشتووەو بە گەڵی شارو باژێری کوردستاندا گەڕاوەو لە زاراوەی کرمانجیدا مامۆستا بووەو فەرهەنگەکەشی کە بۆ بچووکان و منداڵان نووسیویە، هەر لەسەر ئەو زاراوەیەو هیچ چەشنە کەم و کووڕیێکی تێدا نابینرێ.

کاك ڕێبوار لە وتارەکەیدا ئەڵێ: ئەگەر بۆرەکەیی دەڵێ ئەوەی ئەو مەرجانەی سەرەوەی تیا نەبێ، نابێ فەرهەنگ بنووسێ، ئەی بۆ تائێستا ڕەخنەی لە: خاڵ و ئەحمەدی خانی و زەبیحی و فازیل نیزامەددین و دەیان فەرهەنگ نووسیتر نەگرتووە؟ بۆ تەنیا ڕقوقینی خۆی بەسەر هەژاردا ڕشتووە؟». لەوەڵامدا ئەبێ بڵێم:

من ڕەخنەم لەسەر تەواوی فەرهەنگەکانی کوردی گرتووە چونکە تەواوی فەرهەنگەکانی کوردی هەڵەیان تێدایەو ئەبێ هەڵاوێژرێن. کە واتە هیچ چەشنە ڕقێکم لە مامۆستانەمری هەژار نەبووە.

کاك ڕێبوار لە بەشێکی تری وتارەکەیدا ئەڵێ: «ئەگەر مەبەستی بۆرەکەیی ئەوەبێ کە بەم پیتانەی هەنبانەبۆرینەی پێ نووسراوە زمانی کوردی بەتەواوی نانووسرێ ئەوە ڕاستە. بەڵام بۆ ئەو ئەم ڕەخنەیە لە مام هەژار دەگرێ ؟ چمافەرهەنگەکانی تر چۆن نووسراون؟ چما بۆرەکەیی بەخۆی فەرهەنگەکەی بە چ پیتێك نووسیوە؟ کەواتە ئەگەر مەبەست ئەوەبێ ئەوە قبووڵ ناکرێ نابەجێیە».

لە وەڵامدا ئەبێ بڵێم: ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە سەختترین کۆسپ لەڕێی زمانی کوردیدا نەبوونی ئەلف وبێیێکی یەکگرتووە. بەڵام ئەوە ئەزانین کە لەپێشدا زمانی کوردی هەر بە ئەلف وبێی عەرەبی ئەنووسرا هەتا لەلایەن زانایانی کوردەوە ئەو ئەلف وبێیە دەستکاری کراو وای لێکرا کەبە بەر زمانی کوردی بکات و پاشان کوردەکانی ئێرانیش لەسەر ڕێ و شوێنی کوردەکانی عێراق ڕۆیشتن و ئیتر ئەو ئەلف وبێیە لەناو کوردەکاندا باو بووەو هەموو هەربەو چەشنە ئەینووسن. کەچی مامۆستا هەژار دەستکاری ئەو ئەلف وبێیەی کردووەو تێکی داوەو سەری لە خوێنەر شێواندووە.

کاك ڕێبوار لە بەشێکی تری وتارەکەیدا ئەڵێ: «ئێستا لەگشت پارچەکانی کوردستاندا ئەوەی بڕێك سەروکاری لەگەڵ ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا هەبێ، مام هەژار دەناسێ و دەزانێ ئەو جگە لە شەرەفنامە گەلێ کاری پربایەخی تریشی کردووە. لەوانەش ڕاڤەی دیوانی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و هۆنینەوەی دیوانی بۆ کوردستان و وەرگێرانی قانوونی ئەبووعەلی لە عەرەبی بۆ فارسی و دەیان کاریتر».

لەوەڵامدا ئەبێ بڵێم:

شەرحی دیوانی جزیری هی مامۆستا هەژار نییەو هیچ پەیوەندێکی بەوەوە نییەو بەڵکوو ئەو ڕاڤەیە هی مەلا عەبدوسەلامی بۆتانییەو ئەم مەلا عەبدوسەلامە لەبەر ئەوەی ماوەیێك لە زێدو مەڵبەندەکەی خۆی ئاوارەو دەربەدەر ئەبێ، ڕێی ئەکەوێتە باژێری قامشلی و لەوێدا ئەمێنێتەوەو ئەوسا لە مزگەوتێك دا کە مەلا موحەممەدی ژڤنگی مفتی و مەلای ئەو مزگەوتە بووە نیشتەجێ ئەبێ و مەلا موحەممەدیش بەزەیی پێداهات و هەموو ڕۆژێ نان و شۆربای بۆ ئەناردو ئەویش لە جیاتی خاسیەکەی، دیوانەکەی مەلای جزیری بە عەرەبی بۆ ڕاڤە کردو لە دووای مردنی مەلا عەبدوسەلام ، مەلا موحەممەدی ژڤنگی ئەو ڕاڤەیە بەناو خۆیەوە لەچاپ داو پاشان ئەو ڕاوەتەکەوتە دەستی مامۆستا هەژارو ئەویش ئەوەی بە هەل زانی و وەری گێڕایە سەر زمانی کوردی و هەر بەناو خۆیەوە لەچاپی داو ئێستا ئەو سێیانە مردوون لە پەنای بەزەیی خوا دان و خوا بیانبوورێ. بەڵام قانوونی بووعەلی سیناش وەرگێڕاوی مامۆستا هەژارنییەو بەڵکوو قانوون بۆ یەکەمین جار، لە لایەن خواجە عەبدوڵڵای نمەکین ناسراو بە

سەی عەبدولفەتاحی پزیشك وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی‌و نوسخەیەکی بە ژمارەی ٣٢٩٤ لە پەرتووکخانەی بەرلین دایەو ئەتوانی داوای فۆتۆکۆپی‌یەکەی بکەی، تا هەموو شتێکت بۆ روون بێتەوەو ئەو نوسخەیەش کەوتووەتە دەستی مامۆستا هەژارو بێ ئەوە کەسێك بزانێ، بەناو خۆیەوە لەچاپی داوەو تەنیا هەندێ وشەی گۆڕاوەو جگە لەوەش چەند کەسیتر قانوونیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی. کەواتە هەر کەسێك ئەتوانێ لە رووی ئەو نوسخانەوە قانوون بکاتە فارسی‌و ئەوە کارێکی ئاسانەو من نەمئەویست ئەم رازە بدرکێنم‌و کاك رێبوار ناچارمی کرد ئۆباڵی بە ئەستۆی ئەو.

کاك رێبوار لە بەشێکی تری وتارەکەیدا ئەڵێ: «لە وەڵامی سووکایەتی کردنی بۆرەکەیی دەبێ بڵێم هەر چەندە مامۆستا هەژار بەخۆی دەیگوت شارەزای رێزمان نییە، بەڵام ئەوە بەمانای ئەوە نییە کە خوالێخۆشبوو لەم رووەوە هەر نەشارەزا بووە».

لەوەڵامدا ئەبێ بڵێم: کەسێك رێزمان نەزانێ‌و نەزانێ کە کردەوەو ناوو ئاوەڵناو، پاشگرو پێشگر چییە، دیارە هیچ چەشنە ئاگەداری یێکی لە فەرهەنگ‌و زماندا نییەو نابێ فەرهەنگ بنووسێ. چونکە تەواوی ئەو کەسانەی فەرهەنگیان نووسیوە، لەرێزمانیشدا شارەزا بوون.

کاك رێبوار لە بەشێکی تری وتارەکەیدا هەندێ وشەی هەنبانە بۆرینەی خستووەتە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە واتاکانیان دروستن‌و کەچی نەیتوانیوەو ئەز سەبارەت بەو وشانە بەڵگەم هێناوەو سەلماندوومە کە هەڵەن‌و ئیترلێرەدا پێویست ناکا دیسانەوە لە بارەیانەوە برۆم. چونکە ئەوکەسەی زمانەوان‌و زماناس بێ، ئەزانێ کە فەرهەنگەکەی مامۆستا هەژار هەڵەو ناتەواوی زۆری هەیەو ئەبێ بەهۆی زماناناسانەوە هەڵەکانی بگیرێ‌و وشەکانی زۆرتر بکرێ‌و جا رەخنەکەی منیش هەر لەسەر پیتی "ئا"ی هەنبانەبۆرینە بوو و ئەگەر بمویستایە لە تەواوی فەرهەنگەکە بکۆڵمەوە لانی‌کەم ئەبوا پەرتووکێکی گەورەم لەسەر بنووسایەو ئەو هەڵانەش نموونەیێك بوون بۆ هەڵەیێکی ئێجگار زۆری لەم بابەتەو ئەمانەش لە زانستی زماناسیدا بەبێ بڕوایی دێنە ژمارو ئەگەر کەسێك زمانەوان بێ نابێ بکەوێتە ناو ئەم چەشنە هەڵانەوە.

ئیتر هیوادارم بە هەموو لایێکمانەوە بتوانین گەشە بدەینە فەرهەنگ‌و زمانی نەتەوەکەمان □

□ □ □

| | | | |
|---|---|---|---|
|  |  |  |  |
| جەمیلە عەبدورەحمان لە سیرجان لە پۆلی سێی ناوەندی بە ناوەندنومرەی ١٨/٣٨ قبووڵ بووە. | قەدریە عەبدورەحمان لە سیرجان لە پۆلی سێی ناوەندی بەناوەندنومرەی ١٩/٦۴ قبووڵ بووە. | ئیبراهیم مەحموود حوسێن لە رەفسنجان لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بە ناوەندنومرەی ١٨/۵ قبووڵ بووە. | شیما مەحموود حوسێن لە رەفسنجان لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بە ناوەندنومرەی ١٧/۵ قبووڵ بووە. |

# بە کوڕی خەڵك، وەجاخ ڕۆشن نابێتەوە.

حەکیم ساڵح

کۆمەڵە شێعری «هیوا» یەکێکە لە بەرهەمەکانی کاك «سدیق بۆرەکەیی» و لە دوو توێی "٣٨" لاپەڕەدا کە "٢٤" پارچە شێعری گرتۆتە خۆ، لە ساڵی "١٣٦٠"دا لە چاپخانەی «فروهەر» سێ هەزار دانەی لێ چاپ کردووە.

یەکەمجار ئەم بڕە شێعرەم بینیو خوێندمەوە، هەروا کەمێ رامامو سەرسام بووم. چونکە چاوەڕێم لە نووسەرێکی وەك بۆرەکەیی نەئەکرد کە چاوبەسی لە خوێنەری کورد بکاتو بەرهەمێکی ئاوا ناپوختە بخاتە بازاڕی ئەدەبەکەمانەوە. هەربۆیە، کە لە خوێندنەوەی بوومەوە بە پێویستم زانی بیخەمە بەرتیشکی لێکۆڵینەوەو رەخنە گرتن.

تەنیا مەبەستیشم لەمە دەرخستنی ئەو راستییە کە نووسەری پەردەی داوە بە روویدا.

کاك سدیق بۆرەکەیی، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە بەرهەمێکی زۆری ئەدەبی لەبەر دەستدایە، بەڵام بەداخەوە چونکە نازانێ چی بکات، ئەوا کارەکانی چەندیان باشبن دوو هێندەیان بێسەرو بەرن، لەباتی خزمەت کردن بە خەرمانی ئەدەبەکەمان زیان ئەگەیەنێت. کۆمەڵە شێعری «هیوا»ش یەکێکە لەو بەرهەمە خراپانەی کە نەبوونی زۆرباشترە. چونکە چاوبەسی لە خوێنەری کورد کردووەو هەروا بێئەوەی سڵ لە هیچ بکات، پەرژینی شێلاوەو گوڵ لەباخی ئەم شاعێرو ئەو شاعێر هەلپرووکاندووە.

دیارە ئەم رەخنەو لێکۆڵینەوەش تایبەت نییە بە هەموو شێعرەکانی «هیوا». چونکە ئەوە باسی لەمە فراوانتری گەرەکەو هەویرێکەو ئاو زۆر ئەکێشێ. بەڵکوو تایبەتە بەو دەستبۆبردنەی شێعری سێ شاعێری ناوداری کورد "میرزاشەفیعی کولیایی" و "سەیدی هەورامی" و "گۆران".

ئیتر شێعرەکانی تری «هیوا» ئەسپێرین بە خوێنەری کە لە خوێندنەوەیاندا ئەزانێ ئاغای بۆرەکەیی چی کردووەو چی نەکردووە.

شێعری یەکەم شێعرە بەناوبانگەکەی «میرزاشەفیع»ە. بەناونیشانی «شیرین دامەچو»، کە نووسەر نازانم چۆن وێراویەتی ئەو شێعرە جوانە بەدەستو قەڵەمەکەی بەو دەردە بەرێ؟!

جابۆ ئەوەی باسەکە لەپێش چاوی خوێنەر باشتر روون بێت بە پێویستی ئەزانم شێعرەکەی میرزا شەفیع وەك لە دەفتەرێکی دەستنووسدا دەستمان کەوتووە بڵاوی بکەینەوە:

## شیرین دا مەچۆ..

کافرەکەی موتلەق بێدین دا مەچو
نەرگسو ڕێحان یاسەمەن مەچو
لالە، شەقایق، گوڵ چەمەن مەچوو
نوختەی خاڵ قەتران، نەورۆزگول مەچو
ئەبرۆ چۆن کەمان، زوڵف سونبول مەچو
باڵا عەرعەرتول، سەوڵی تەڕ مەچو
گەردەن سوراحی، شاخ زەر مەچو
دندان مرواری، شەکەر ڕاز مەچو
ئەبرۆ چون کەمەند، دیدەباز مەچو
چەرخی چەم سیای هەورامان مەچو
سەر قەتار رەزم نەمامان مەچو
خواجەکەی یەمەن عەنبەربار مەچو
رەهزەن، قاتیل، کەل راویار مەچو

مەجنون لێوەکەر لەیلی ڕەنگ مەچو
کەمەند سەراوێز، شۆخ و شەنگ مەچو
حەلقەی کەمندان سەوزی دیز مەچو
چۆن ماری جەنگی شەڕ ئەنگیز مەچو
فەرهاد نەرابەر شیرین تەرز مەچو
نەمامی نەوبەر، باڵابەرز مەچو
تەبیبی دەردان دەردەدار مەچو
شۆخی گولەنگ‌دار لەنجەو لار مەچو
جیر جیران ڕەفت، جیران خوو مەچو
سەرقەتار ڕەمەی عەنبەربۆ مەچو
سەوزەی گوڵ خونچەی لێو ئاوان مەچو
سەر سەوزو بورچین سەراوان مەچو
تافتەی کیش نەکوڵ، سەروین لار مەچو
هاوار بەماڵم هەی هاوار مەچو
هەی هاوار هەی داد هەی بێداد مەچو
ئەی هاوار عومرم دای وەباد مەچو
هەر چەنە لاڵیام وەی گشت دەردەوە
شیرین بێمروەت لای نەکردەوە

کاك سدیق بۆرەکەیی، هەر لە ژێر ناونیشانی (شیرین دامەچو)دا هاتووە بەیتی ڕێز کردووەو لە لاپەڕە شانزەی (هیوا) کەیدا بڵاوی کردۆتەوەو ناوی ناوە شێعری خۆی. وای زانیوە کە میرزا مردووە ئیتر شێعرەکەیشی ئەمرێ و ئەتوانێ بە چاوبەسی لە خەڵك زیندووی بکاتەوە بۆ خۆی.

یا ڕەنگە وای زانیبێ لە دووای مەرگی میرزا، ئەو شێعرەی بە میرات پێ ئەبرێ و چونکە بیرو هەستو نەستو توانای بۆرەکەی هاوتای میرزا شەفیع نابێ، ئەوەتا لە هەندێ شوێندا ئەوەندە نەزانانە دەستی بردووە بۆ گوڵچنین، دڕك سەری پەنجەی گەزتووە.

میرزا شەفیع ئەڵێ:
هەر چەند لاڵیام وەی گشت دەردەوە
شیرین بێمروەت لای نەکردەوە

بۆرەکەیی هەر ئەم بەیتەی کردووە بە دووبەیتی شێعرەکەی، بێ ئەوەی توانیبێتی لە ژێر سێبەری میرزا دەربچێ. لە بەیتی "١١"دا نووسیویە:
هەرچەندە ئەمن لێ پاڕامەوە
شیرین وەڵامی هەر نەدامەوە
لەبەیتی "١٤"ش دا ئەڵێ:
سدیق بەناڵە لێی پاڕایەوە
شیرین وەڵامی هەر نەدایەوە

وا بۆ باشتر ڕوونکردنەوەی دەست بۆبردنەکەی بۆرەکەیی هەندێ بەیتی تریان بەراورد ئەکەین. میرزا ئەڵێ:
مەجنون لێوەکەر لەیلی ڕەنگ مەچو
کەمەند سەراویز، شۆخ و شەنگ مەچو
بۆرەکەیی ئەڵێ:
مەجنون کوژەکەی لەیلا تەرز مەچو
شۆخ و شەنگەکەی باڵابەرز مەچو
میرزا ئەڵێ:
باڵا عەرعەڕتول سەوڵی تەڕ مەچو
بۆرەکەیی:
باڵا لەولاوو قەد عەرعەڕ مەچو
میرزا:
گەردەن سوراحی، شاخ زەر مەچو
بۆرەکەیی:
گەردەن مینایی توێڵ گەشە مەچو
میرزا:
ئەبرۆ چون کەمەند، دیدەباز مەچو
بۆرەکەیی:
ئەبرۆکەوانەی چاورەشە مەچو
بۆرەکەیی:
بەرەزاو لالەی سەرشاخان مەچو
نیرگس و شەوبۆی ناوباخان مەچو
میرزا:
نەرگس و ڕێحان یاسەمەن مەچو
لالە، شەقایق، گوڵ چەمەن مەچو

ئا بەم شێوە، ئاغای بۆرەکەیی بەربۆتە ئەو پارچە شێعرە جوانەو ناوی شێعری خۆی لێناوە. بەڵام "مووڕووی ماڵ ئاوسێ مەگەر بەشەو بکرێتە مل".

لەم بارەوە، ئەوە بە خزمەت بۆ کاك سدیق دائەنرا. کە ئەم شێعرەی میرزا شەفیعی بڵاو بکردایەتەوە. چونکە یەکێکە لە شێعرە جوان و سەرکەوتووەکانی میرزاو پێم وایە تا ئێستە بڵاو نەکراوەتەوە. نەك ئەم کارەی بکردایە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، موچی لەسەر بگیرێ و ڕووبەڕوو بکرێتەوە لەگەڵ ڕۆحی هەمیشە زیندووی میرزای خوا لێخۆشبوودا.

وە هەر وەکوو کاك سدیق نووسیویە، بەرهەمی گەلێ شاعێری تری ناو ونبووی کوردی، لایە. خوابکا ئەوانیش بەم دەردە نەبات. بۆیە سەرنجی خوێنەری کورد بەلای ئەوەدا رائەکێشم کە هەر بەرهەمێکی کەوتە بازاڕەوە، ئاگاداری بن. شەلا کاك سدیق لەسەر کتێبی "پارسی گویان کرد" بەردەوام بوایەو هیچی تری نەکردایە هەربەوکارەی ئەیتوانی خزمەتێ بکات.

یەکێکیتر لە شێعرەکانی "هیوا" پارچەیەکی "١٠" بەیتی ترە، بە ناونیشانی (دەردی دڵ)، کە لە لاپەڕە "٣١"دا بڵاوی کردۆتەوە. لێرەشدا نووسەر، بێ ئەوەی بترسێ لە داچڵەکانی سەیدی هەورامی لە گۆڕەکەیدا، دەستی وەرداوەتە شێعرە بەناوبانگەکەی ئەم شاعێرە. بە ناونیشانی: "خو کافرستانی نیو"

وە حەز ئەکەم لێرەشدا ئەوە روون بکەمەوە کە دیوانی سەیدی لە ئامادەکردنی "حەمە حوسێن کاردۆخی" بریتییە لە دیوانە شێعرێکی تێکەڵی هەردوو سەیدی یەکەم و دووەم. هەرچەندە ئەم دوو شاعێر بە یەك زاراوە شێعریان وتووە، بەڵام جیاوازییان هەیەو یەکەم بە شێوەی هەورامی کۆن شێعرەکانی داڕشتووەو دووەمیش بەشێوەی تازە. ئەوە لە خوێندنەوەی دیوانەکەدا خوێنەری وریا ئەتوانێ لە یەکیان جیا بکاتەوە. ئەمەش بۆ بۆرەکەیی جێگەی باس نەبوو. بەڵکوو ئەوەی بە لاوە گرنگ بووە کە چۆن سەروگوێی ئەو شێعرە جوانە بشکێنێ و بیکاتە شێعری خۆی. بڵێی ئەوە نەزانێ کە شاگردی بەکاری "تەقەلوبی" خوێندن تەواو بکات، نەزان دەرئەچێ؟

لێرەدا بە پێویستی نازانم شێعرەکەی سەیدی بڵاو بکەمەوە. چونکە رووی چاپی دیوەو لە بەردەستی خوێنەردایە. تەنها ئەوەندەی پێویست بێ، ئەوەیە کە دەست بۆبردنەکەی بەراورد بکەین لەگەڵ شێعرەکەی سەیدی دا.

سەیدی هەمووی بەیتەکانی ئەم شێعرەی بە "خو کافرستانی نیو" دووایی پێهێناوە. سدیقیش بە هەمان شێوەو خۆی لەوە لانەداوە.! تەنها ئەوە نەبێ کە وشەی "نیو"ی کردووە بە "نیە"و نووسیویە "خو کافرستانی نیە".

سەیدی ئەڵێ:

سا مەرهەمی دەو پەی برین

بۆرەکەیی:

برینی دڵ بکە دەوا

سەیدی:

خوفو خوا پیرتەن

بۆرەکەیی:

وەرە ترسێ بکە لەخوا

سەیدی:

عوریان و کەلپۆس پۆشە تۆ

بۆرەکەیی:

رووت و قوتی ئەوینی تۆم

سەیدی:

وێڵ وێڵ مەگێلام کۆبەکۆ، دەردم گران بێ رۆبەرۆ

سا حالۆ دەردێم پەرسە تۆ، خو کافرستانی نیو

بۆرەکەیی:

وێڵ وێڵ ئەگەڕێم کۆبەکۆ، دەردم گرانە رۆبەرو

سا دەردی دڵ بپرسە تۆ، خۆ کافرستانی نیە

هەروەها سدیق بەیتێکی تری بەم شێوە داناوە:

هەی دڵبەرەی نازك بەدەن، لێوت شیرینە وەکوو قەن،

بە ماچێ دڵ دەرکەن لە بەن، خۆ کافرستانی نیە

سەیدی لە هەموو شێعرەکەیدا ناوی ماچی نەبردووە، بەڵکوو خۆشەویستەکەی بە ئەدەبەوە دواندووە. وە خۆشەویستەکەیشی لەژێر سێبەری بیرو باوەڕەکەیدایە کە ئایینی ئیسلامەو لەم ئایینەشدا ماچ کردن بۆ دوو دڵدار ناڕەوایە. نازانم کاك سدیق وەك ئەڵێن هەندێجار لافی خەلیفەیەتی لێ ئەدا، لێرەدا بۆ یاسای شکاندووەو لە رەوشتی دین دەرچووە...؟

دیارە پەلەی کردووە لە گوڵچنیندا. بۆیە نەیتوانیوە باخە

بێرەونەقەکەی پێ برازێنێتەوە. ئەگین تۆزێ ئاگاداربوایەو وشەی (ماچ)و (خۆکافرستانی نیە)ی جووت نەئەکرد. ئەبوو کە داوای ماچی کردووە، بی وتایە خۆ (ئیسلامەتی نیە).

هەروەها وشەی (بەند)ی کردووە بە (بەن)، هەربۆ ئەوەی لە قافییەی (بەدەن)و (قەن) دەرنەچێ. کە دیارە(بەند)و (بەن)یش دوو ماناى جیاوازیان هەیە.

***

ئینجا هەواری قسەمان ئەگوازینەوە بۆ سەر شێعرێکی تری بە ناونیشانی (گەشتی هۆبەتو) کە ئەمەش بریتییە لە تەقەلوب کردنی شێعرە بەناوبانگەکەی "گۆران" بە ناونیشانی (گەشت لە هەورامان).

بەرزیی ئەم شێعرەی گۆرانیش لە پلەیەکدایە کە بێ دوودڵی ئەتوانم بڵێم کە گۆران ئەگەر هەرتەنها ئەم شێعرەی بوایە، بەس بوو بۆ ئەوەی لە ڕیزی شاعیرە باشەکانی کورددا خۆی بگرتایەتەوە. هەرچەندە شێعرەکە لە بارەی ئافرەتەوە رەخنەی لەسەرەو گۆران بە چاوی دوور بینییەکەی هەر وێنەی ئافرەتە شەنگ‌وباڵا زراڤەکانی هەورامانی کێشاوە. بەڵام هێشتا بەمەشەوە ئەوەندە بەرزە، هیچ شێعرێکی تری کوردیی پێ ناگات. وە حەزئەکەم ئاغای بۆرەکەیی ئەوەش بزانێت کە ئەم شێعرە، وەرگێردراوەتە سەر هەردوو زمانی (عەرەبی)و (ئنگلیزی).

"س .ح. ئادموندس" بەریتانی کردوویە بە ئنگلیزیو بە شێعرێکی بەرزو سەرکەوتووش داویەتە قەڵەم. هەر وەك كاك(ئازادگەرمیانی) لەگۆڤاری (ادبستان) ژمارە (٦) لاپەڕە (٥٥) ڕوونی کردۆتەوە ـــ درمورد اورامانات هیچ توصیفی از جانب من نمی تواند زیباتر باشد ازآنچه عبدالله گوران شاعر کنونی کرد در گشت وگزار اورامانات سروده است ـــ

گەشتەکەی گۆران بریتیە لە "١٠"پارچە شێعری کورت کە گەورە ترینیان پارچەی "بەیان"ەو لە "٨"بەیت پێکهاتووە.

گۆران ئەم پارچە شێعرانەی چۆن یەك‌بەدووای یەکدا هێناوە تا کۆتایی گەشتەکە، سدیق‌بۆرەکەییش هەر وای کردووە. تەنها ئەوەندە نەبێ کە هەندێجار بۆ شوێنەو ونی دەستکاری ناونیشانەکانی کردووە.

| گۆران | بۆرەکەیی |
| --- | --- |
| ١ـ دیمەنی ڕێگاوبان | ڕێگا |
| ٢ـ ڕێگای ناوباخ | ناو باخ |
| ٣ـ ژینی دیوەخان | ژینی ناوماڵ |
| ٤ـ کانی ژنان | کانی |

دوو پارچەی تری بەناوی "مەلای دیوەخان"و "مزگەوت"، یەکەمیانی ناوناوە "شەو"، دووەمیشی ناو نەبردووە. بەڵام بەیتی لێ دەرهێناوەو لە شوێنی تردا رستی کردوون. بۆ نموونە گۆران لە بەیتی سێیەمی ئەم پارچەیە ئەڵێ:

سورە چناری لێو پۆپ درێژ
سێبەر ئەکابۆ خەوی بەردە نوێژ

كاك سدیق ئەم بەیتەی بردووە بۆ پارچەی (کانی)و ئەڵێ:

لەبەردەم کانی چەند چنار
سێبەر ئەکا بۆ دەستەی هەرزەکار

ئێستەیش دێینە سەر بەراوردی هەندێ لە بەیتەکانو ئەوی تری ئەسپێرین بە خوێنەر. چونکە بەڕاستی لەم باخەدا دەستی بۆ گوڵی زۆرتر بردووە. وەك (مشتێ نموونەی خەرمانێك) ئەوەندەی ئەخەینە روو کە مەبەستەکەمان روون بکاتەوە. ئەوی تری حەز ئەکەم خوێنەر بیکاتە ئەرکی سەرشان. وە حەز ئەکەم بێتاقەت نەبێت، هەموو شێعرەکانی (هیوا)کەی كاك سدیق بخوێنێتەوە. چونکە جگە لەمانەی کە باسمان کردوونو ئەیکەین. شێعری تریشی تێیایە کە دەستی بۆ بردوون. ئێمە لێرەدا هەر ئەوەندە بوارمان هەبوو. داوای لێبووردن ئەکەم.

گۆران ئەڵێ:

ڕێبوار ئەخاتە ئەندیشەی بێ بن

سدیق:

لاوان ئەخاتە ئەندیشەی بێ بن

گۆران:

لەسەر جۆگەی ئاش قازو مراوی

سدیق:

لە سەربانی ئاش قازو قەلو داڵ

ئەو ئاشەی کە گۆران بە کاری هێناوە، مەبەست ئاشی ئاوە لە لادێکاندا. ئەو ئاشانەش جۆگەڵەیەکیان لەبەر ئەڕوا. گۆران

وێنەی قازو مراوی بە کانیی ناو دێی کێشاوە، کە لەناو ئـەو جۆ گەدا مەلە ئەکەن. بە هەموومان لە لادێدا ئەمەمان دیوە کە چەند دیمەنێکی جوانو سەرنج راکێشە. کەچی کاك سدیق ئەو قازو مراویە فەقیرانەی کردووەتە قازو قەلو داڵ، لەسەر ئەو جۆ گە جوانە هەڵفڕاندوونو لەسەر بانی ئاشە کە باڵی پێ داهێشتوون.

ئینجا بـا لەمـانە گـەڕێینو بـچینە سـەر دووا پـارچـە، بەناوی (گۆرانی) کە کاك سـدیقیش هـەمان نـاوی لێـناوەو کردوویەتە دووا پارچەی گەشتە کەی، کە نازانین ئەوگەشتەی بۆ هۆبەتو بە پێی کردووە یاخود بە هەواپەیما.

گۆران ئەڵێ:

عەشقی ئێوارەی سەرە ڕێی کانی

بەرئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی

سدیق ئەڵێ:

تێکەڵ ئەبێتە کڵپەی گۆرانی

بەدڵ ئەبەخشێ کورتژمو جوانی

گۆران:

مانگی بە جێ‌ماو لە سەفەری شەو

زردە لەترسی قاسپە قاسپی کەو

سدیق:

خۆر ئاوا ئەبێ لە ترس قاسپەی کەو

دەنگی گۆرانی دێتە گوێ لە شەو

نازانم لێرەدا مەبەستی چییە؟ لە نـیوە بـەیتی پـارچـەی (شەو)یش‌دا وتوویە:

هەتاو لەترسی قاسپە قاسپی کەو

گۆران وشەی (مانگ)ی هێناوە، ئەم جارێك (خۆر)و جارێك (هەتاو). مەبەستی گـۆران ئـەوەیە کـە (مـانگ)ی بەجێ‌ماو لە سەفەری شەو ڕەنگی زەرد هەڵئەگرێ، لە ترسی هەڵهاتنی خۆر، جا گۆران ناوی خۆری نەبردووە. بـەڵکوو کاتی هەڵهاتنی خۆری دیاری کردووە. ئەویش ئەوکاتەیە کە لە گەڵ یە کەم گزنگ‌دا کەوە کان دەست ئە کەن بە خوێندن (قاسپە قاسپ). واتە مانگ کە ڕەنگی زەرد ئەبێ، لە ترسی قـاسپە قـاسپی کـەو نـییە. بـەڵکوو لە تـرسی وەختو ساتە کەیە کە خۆری تێیا هەڵدێ. دیارە کە خۆریش هەڵهات مانگ هەقیەتی بترسێ، چونکە بازاڕی جوانییە کەی ئەشکێ.

بەڵام دانانی (خۆر)و (هـەتاو)لە شـوێنێکی وادا، هـیچ مانایەك ناگەیەنێ مەگەر لە تـویشوی گـەشتە کـەی ئـاغای بۆرە کەیی‌دا. بۆ ناوچەی (هۆبەتو).

گۆران:

سیا چەمانە سیا چەمانە

بەهەشتی عشقە ئەم هەورامانە

بۆرە کەیی:

کەتان کەتانە کەتان کەتانە

بەهەشتی عەرزە ئەم کوردستانە

پێشە کی ئەم ئاغای بۆرە کەیی ئەبێ ئەوە بزانێ کە گۆرانی (کەتان کەتانە) گۆرانییە کی تایبەتی ناوچەی هۆبەتو نییە. هەر وە کوو سیاچەمانە تایبەتی هەورامانە.

گۆران لەسەر قافییەی سیاچەمانە وتوویە:

بە هەشتی عەشقە ئەم هەورامانە

کە هەورامان سیاچەمانەش دایكو فەرزەنی یـە کـترن. بەڵام بۆرە کەیی بۆ قافییەی (کەتانە) وشـەی کـوردستانەی هێناوە. لە کاتێکدا کـە گـەشتە کـەی بـۆ هـۆبەتووە. ئـەبوو گۆرانییە کی بهێنایە کە ئاخرە کەی (تـو)بـوایـەو لە گـەڵ (هۆبەتو)دا بگونجایە. یا خۆی گۆرانییە کی دروست کردایەو بیگونجاندایە. بۆ ڕەوایە شێعری ئەو کەڵە شاعێرانە بکابە هی خۆی، هەرواش ڕەوائەبوو گۆرانییە کی تازەشی پێشکەش بە کاروانی مۆسیقای گەلە کەی بکردایە:

گۆران ئەڵێ:

سیا چەمانە سیا چەمانە

هەورامان جێگای سیاچەمانە

بۆرە کەیی:

کەتان کەتانە کەتان کەتانە

هەوەتو جێگای چاوڕەش مەستانە

***

ئەمە تا ئێرە سەرنجێکی سەرپێیی بوو، لەو شـێعرانـەی (هیوا) کە ئەمجارەش بـە دڵـنیایی‌یەوە ئـەڵێم زیـاتر لەمـە هەڵئە گرێ. بەڵام هەر ئەوەندەش بۆ کاك سـدیق بـەسە کـە ئاگادار بێتەوەو بزانێ خۆماندوو کردن بە کاری واوە، هیچ

خزمەتێ بە فەرهەنگو ئەدەبی گەلەکەمان ناکات.

ئینجا حەزئەکەم سەرنجی خوێنەر بەلای ئەوەشدا راکێشم کە ئەم دیوانە لە لایەن مامۆستا هەژارەوە پێشەکی بۆ نووسراوە. هەموو لە گەڵ ئەوە داین کە هەژار نووسەرێکی بەتوانایەو وەك ئەستێرەیەکی گەشو پرشنگدار بە ئاسمانی ئەدەبەکەمانەوە ئەدرەوشێتەوە. کەچی نازانم چی ناچاری کردووە، پێشەکی بۆ دیوانێکی وا بنووسێ؟!ـ ئەگەر کاك سدیق دەستکاری وشەکانی ئەویشی نەکردبێ ــ

هەژار نووسیویە:

"دەڵێن رۆژی قیامەت گوناحو چاکەی هەرکەس ئەخەنە ناو تەرازووی خێرو شەڕانەوە، کام تای نەوی بوو، ئەوی بۆ حساو ئەکەنو چاو لەویتر ئەقونجێنن. ئەگەر ئێمەش لاسایی تەرازوودارەکەی قیامەت بکەینەوە، بە بڕوای من تای هونەرەکەی دەنیشێو بە هاسانی هەڵەکانی دادەپۆشێ."

مامۆستا هەژار تا ئێستە چەند شێعرو دیوانی شاعێرانی ساخ کردووەتەوە. کەچی نازانم چۆن بەسەر ئەودا رۆشتووە؟ خۆ ناشکرێ بڵێین کە هەژار شارەزایی لە هەموو شێعری کوردیدا هەیە بەڵام ئاگای لە شێعری میرزا شەفیعو سەیدیو گۆران نییە. لێرەدا گومانێك دروست ئەبێو ئەویش ئەدەینە دەست خۆی. چونکە ئەم کارەی ناچارمان ئەکات کەبڵێین (ئەوکاسە بێ ژێرکاسە نییە.)

هەژار هەروا نانیشێتە سەرقسە. لە خۆیەوە دیوانی (هیوا) پەسەند ناکاو لەم دیوانەشدا شێعری (قەستەمنامەکە)ی هەڵنابژێرێ کە بۆرەکەیی سوێندی بە دڵی خراپ تێدا خواردووەو ئەڵێ:

بە جامو پیاڵەی پڕ شەڕاو قەسەم

بە بادەی کۆنو دڵ خراو قەسەم

لە کۆتاییدا داوام لەکاك سدیق بۆرەکەیی ئەوەیە کە ئەم رەخنانەمان وەك برایەك لێ وەربگرێ. تاکە مەبەستی منیش ساخ کردنەوەی شێعرەکان بووە. کە ئەوەش ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە، بۆ ئەوەی ئەدەبەکەمان پوختە بێو ئەدیبەکانمان بەرهەمێ پێشکەش بکەن کە خزمەتی لێ بوەشێتەوە.

کاك سدیق چونکە خزمەتی گەورەتری لەبەر دایە، هەق وانییە خۆی بە شێعرەوە خەریك بکات. ئەو بۆ خۆی هەر لە پێشەکی ئەم دیوانەیدا کە بەدووای پێشەکیەکەی هەژاردا نووسیویە ئەڵێ:

(بە پێی ئەو بەڵگانە بەسەرهاتو هۆنراوەی سێ هەزار بوێژی کۆنو تازەی کورد لە سەدەی دووەم تا سێنزەهەمی کۆچیم کۆ کردەوە، کە خوا حەزبکات لە داهاتوودا ئەم شوێنەوارانەتان بۆ بڵاو ئەکەمەوە).

جا بەرهەمی سێ هەزار شاعێری کورد بەڕاستی سامانێکی گەورەیەو پێویستە خزمەتی بکرێت. رەنگە دەیان گەل هەبێت لەسەر ئەم زەویەداکە بە کۆنو تازەوە سێ هەزار شاعێریان نەبێت. بۆیە ئەرکی سەرشانی کاك سدیق ئەوەیە خۆی بەو خزمەتەوە خەریك بکات. چونکە ئەوە وەختی ئەوێت.

ئەو سێ هەزار شاعێرە هەر دانەیشی بە "١٠" رۆژ ئامادە کات، ئەوە ئەگاتە "٣٠٠٠٠" رۆژ. جا ئەگەر بەکاری واوە خەریك بێ، وەختی زۆری لێ ئەڕواتو بۆ سی هەزار رۆژیش خۆی وەکیل بێ □

□ □ □

# له یادم ناچێت...!

حەمید مەجید گەردی

له سـەرەتای سـاڵی(٦٠)دا مـناڵ بـووم‌و زۆر بـیرم له کوردایه‌تی‌و مافی کـورد ده‌کـرده‌وه له زۆربـه‌ی کـات‌و شوێنه‌کاندا. ئه‌وکاته پرۆگرام‌و په‌یره‌وێکی ناوخۆی پارتیم به‌ده‌ست که‌وتبوو، هه‌ر ده‌مخوێنده‌وه. چونکه هـه‌ر ئـه‌و پارته مـێردی مـه‌یدان بـوو. فکـرم زۆر ئـاڵۆز بـبوو و له قوتابخانه‌دا له‌گه‌ڵ هاورێیه‌کانم باسم ده‌کرد. به‌ڵام کـه‌س نه‌بوو تێم بگه‌ینێ‌و که‌س تێی بگات، له‌به‌ر وه‌زع‌و ئه‌و شوێنه که من تێیای بووم. واژه جوانه‌کانی ئه‌وکاته (لامرکزی)و ئازادی‌و دیموکراتییه‌ت، زۆر لام سه‌یربوو، حه‌زم ده‌کـرد بزانم چییه. به‌ڵام به‌داخه‌وه له شوێنێکی وابـووم وه ده‌ست هێنانی‌و تێگه‌یشتنی زۆر سه‌خت بوو. هه‌ر له یادی بـووم. ئینجا که شه‌ش ساڵیتر له ته‌مه‌نم تێپه‌ڕی‌و گـه‌یشتمه سـاڵی ١٩٦٦، خۆم زۆر به‌گه‌وره ده‌زانی‌و مێرمناڵ بووم‌و ئه‌وه‌ی له پێشو له یادی بووم هه‌ر مابوو و زۆر شتی تریش بـۆم هاتبووه پێش، که پێویستم به‌زانین بوو. به‌ڵام ترسم زۆر بوو، وه‌زعێکی تایبه‌تیمان هه‌بوو، پێویستم به‌قوتابخانه‌یه‌ك هه‌بوو که مه‌ترسی تێیا نه‌بێت‌و ئه‌وه‌ی بیری لێ ده‌که‌مه‌وه لێی فێربم‌و بۆی خه‌بات بکه‌م. به ئاره‌زووم گـه‌یشتم‌و قـوتابخانه‌کـه‌م دۆزیـه‌وه کـه قـوتابخانه‌یه‌کـی زۆر بـه نـاوبانگه‌و نـاوی قوتابخانه‌ی بارزانی‌یه.

هه‌ر ئه‌وکاته ده‌ستم کرد به خوێندن له‌م قوتابخانه‌یه له هه‌موو بواره‌کانیداو ئه‌وه‌ی چاك بوو لێی فێر ده‌بووم‌و بووم چونکه خراپه‌ی تێیا نه‌بوو.

رۆژێك له رۆژان هه‌ر له‌و ساڵه‌دا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی قوتابی ئـه‌و قوتابخانه‌یه بووم تووشی زۆر گیروگرفت بووم کـه نـه‌مه‌ك نه‌ناسان بۆیان ساز دابووم. ئه‌وه‌م نه‌ده‌زانی که‌مرۆڤی وا هه‌یه‌و من لام وابوو ئه‌وه‌ی کورده‌و له‌من گه‌وره‌تره چوویته ئـه‌و قوتابخانه‌یه‌و بیر کردنه‌وه‌که‌شم هه‌ر راست بوو. به‌ڵام بـۆ رێوی نییه چاو له شێر بکات. هه‌ر له‌و گیروگرفتانه‌دا بووم تا شه‌وێك هه‌ر له‌و ساڵه (٦٦) که‌له به‌هاری خه‌ودا بـووم لام وابوو له عێراقێکی فیدرالی‌و کوردستانێکی ئـازاد ده‌ژیـم‌و هه‌ر کوردێك ئاڵای (ئـاشتی ـ ئـازادی ـ دیـموکراتـی)ی هه‌ڵگرتووه‌و هه‌مووه‌وه کو یه‌ك خێزان ده‌ژین‌و شه‌هیدانیشمان گشتیان له‌ناو ئه‌و جه‌ماوه‌ره‌دا بوون‌و به‌بیری ئه‌وه‌که‌وتمه‌وه که به‌ڵێ راسته شه‌هیدان زیندوون‌و له دڵی میلله‌تدا ده‌ژین.

له خه‌و راپه‌ریم‌و دیتم واقعییه‌ته به‌ڵام (٢٥) ساڵ تێپه‌ڕ بووه‌و ساڵی (١٩٩١)ه‌و خۆم ئاواره‌م‌و له هه‌نده‌ران دامه.

به‌ڵام به داخه‌وه ئه‌و نه‌مه‌ك نـه‌ناسانه‌ی (٦٦) قـه‌ت رۆژێك بیریان له‌وه نه‌کرده‌وه‌کاتی قوتابی بـوون له‌م قـوتابخانه‌یه ده‌رسی کوردایـه‌تی‌و ئـاشتی‌و ئـازادی‌و دیـموکراتـیه‌تیان ده‌خوێند به‌و په‌ڕی سه‌ربه‌رزی‌و راستییه‌وه چۆن بوو!!

چی بکه‌ین ره‌وشتی دونیا تاریکی‌و رۆناکیه!! به‌ڵام پێویسته کۆره دڵان چاك بزانن هه‌میشه رۆناکـی له سـه‌ر تـاریکی پیرۆزه.

ئینجا ئه‌و کـۆره دڵانـه هـه‌ر له سـه‌ر ره‌وشت‌و ئـه‌خلاقی پێشووی خۆیان سوور بوون‌و ده‌ستیان نـایه‌وه بـه پـیلان‌و کاری ناڕه‌وا دژی رۆناکی که له سه‌ره‌تای مانگی مـارسی ١٩٩٤ ئینقلابی ره‌شی تاریکی سوپایی خۆیان ده‌ست پێکرد هه‌ر له‌سه‌ر تیۆری خۆیان که پـیرۆزن . خـه‌یاڵیان خـاوه‌و ئه‌وه‌ش مـه‌حاڵه خـۆشیان ده‌زانـن‌و راسـتییه‌کـه‌ش بـۆیان ده‌رکه‌وتووه.

هه‌روه‌ها ئێمه‌و ئه‌وانیش ده‌زانین که تاریکی رووی ره‌شه‌و قه‌ت سپی نابێته‌وه ته‌نها یه‌ك رێگای بۆ هه‌یه که خۆیان بخه‌نه دامه‌نی رۆناکی‌و بێنه‌وه سه‌ر عه‌قڵ بۆ ئه‌و رۆژانه‌ی یه‌که‌م که له قوتابخانه‌ی کوردایه‌تی‌و...و ئه‌وه‌ش نه‌ك ته‌نها بۆ ئه‌وانـه به‌ڵکو بۆ هه‌ر کوردێکه که داوای مافی خۆی ده‌کات پێویستی به‌م په‌رتووکه‌و ده‌رسی ئه‌م قوتابخانه هه‌یه. ئینجا به‌راسـتی ئه‌و بارودۆخه‌ی ئـێستای کـوردستان‌و ئـه‌و وه‌زعـه‌ی کـه میلله‌ته‌که‌مان بۆی دروست بووه کاره‌ساتێکی گه‌وره‌یه‌و من به‌یادی ساڵی (٦٦) ده‌هێنێته‌وه که هیچ کات له‌یادم ناچێت ▣

# تیرۆره گرنگه کانی رامیاری

## له ۱۸۰۱ تا ۱۹۷۵

۱۸۰۱= پۆل قەراڵی رووسیا کوژرا.

۱۸٦٥= ئابراهام لینکۆڵن سەرۆك کۆماری ئەمەریکا له هۆڵی تئاتر تیرۆر کرا.

۱۸٦٧= ماکسیمیلینی یەکەم قەراڵی مەکزیك له (کووتارۆ) کوژرا.

۱۸۷٦= عەبدولعەزیز سوڵتانی عوسمانی کوژرا.

۱۸۸۱= جیمز گارفیلد سەرۆك کۆماری ئەمەریکاو ئەلێکساندری یەکەم قەراڵی رووسیا کوژران.

۱۸۹٤= ساوی کارنۆ سەرۆك کۆماری فەرانسە له (لیێون) تیرۆرکرا.

۱۹۰۰= هۆبێرتی یەکەم پاشای ئیتالیا له (مۆنتا) کوژرا.

۱۹۰۱= ڤیلیام مەککینلی سەرۆك کۆماری ئەمەریکا تیرۆرکرا.

۱۹۰۳= ئەلێکساندری یەکەم پاشای سربستان له بێلگراد کوژرا.

۱۹۰۸= کارلۆسی یەکەم پاشای پورتەقال کوژرا.

۱۹۱۳= ژۆرژی یەکەم پاشای یوونان له (سالۆنیك)تیرۆر کرا.

۱۹۱٤= ئەرشیدوك فرانسیس فێردیناند میراتگری قەراڵی له سربستان لەگەڵ هاوسەری کوژرا،(دەسپێکی شەری یەکەمی جیهانی)

۱۹۱۸= نیکۆلای دووهەم تزاری رووسیا لەگەڵ هاوسەرو مناڵەکانی کۆمەڵکوژ کران.

۱۹۳۲= پۆل ئوومێر سەرۆك کۆماری فەرانسە تیرۆرکرا.

۱۹۳٤= ئەلێکساندری یەکەم پاشای یووگوسلاوی لەگەڵ (باریتۆ) وەزیری دەرەوەی فەرانسە کوژران.

۱۹٤۰= ترۆتێسکی له مەکزیك تیرۆر کرا.

۱۹٤۸= مێهاتما گاندی بە دەستی یەکێك له وشکبیرانی ئەم وڵاتە تیرۆر کرا.

۱۹٥۱= مەلیك عەبدوڵلا پاشای ئۆردۆن کوژرا.

۱۹٥۸= مەلیك فەیسەل پاشای عێراق و نووری سەعید سەرۆك وەزیری ئەم وڵاتە بە دەستی کوودەتا چییان کوژران.

۱۹٦۱= پاتریس لۆمۆمبا سەرۆك وەزیری کۆنگۆ کوژرا.

۱۹٦۳= ژنرال عەبدولکەریم قاسم سەرۆك کۆماری عێراق بە دەستی کوودەتا چییان کوژرا.

۱۹٦۳= نگودین دیم ریبەری ڤییەتنامی باشووری بە هۆی کوودەتا کوژرا.

۱۹٦۳= جانئێف کێنێدی سەرۆك کۆماری ئەمەریکا تیرۆرکرا.

۱۹٦۸= دکتۆر مارتین لووتێرکینگ رێبەری رەشپێستی ئەمەریکا له شاری (مێمفیس) تیرۆرکرا.

۱۹۷۰= مەلیك فەیسەل پاشای عەرەبستانی سعوودی بە دەستی برازاکەی کوژرا.

بەرهەمێکی بڵاو نەکراوەی مامۆستا هەژار.



# دڵ هەر دڵە

ئەم کورتە چیروکە یەکی لە بەرهەمەکانی ماموستای خوالیخوشبوو هەژاری موکریانی‌یە کە تائیستا لە هیچ شوینیک بلاو نەکراوەتەوەو کاک مستەفای کوری ماموستا ختیە بەردەستمان‌و ئیمەش وا بلاوی دەکەینەوە.
شایانی باسە کە، رینووسی ئەم چیروکە بو چاپ لە گوثارەکەمان گوراوە. ماموستا لە نووسیندا رقی لە دوو(وو) دەبووەو بویەش بەکاری نەدەهینا.
هەروەها بە پیویستی دەزانین سوپاس‌و پیزانینی خومان ئاراستەی کاک مستەفا بکەین‌و داوا لە کاربەدەستان‌و فەرهەنگ دوستانی گەلەکەشمان بکەین، هەول بدەن بە زووترین کات بەرهەمەکانی تری ماموستا لە چاپ بدرین‌و گەلەکەمان بتوانی کەلکیان لی وەربگری. جیی داخە کە تائیستا قورئانی وەرگیراو بو کوردی لە لایەن هەژارو ژیاننامەی ئەو پیاوە گەورەیە کە میژووی قوناغیکی زور گرنگی گەلی کوردەو گەلی راستی تیدا باسکراوەو گەلی خالی تاریک، روون دەکاتەوە، هیشتا رووی چاپی بەخووە نەدیبی.! چما چاپ کردنی ئەم بەرهەمە پربایەخانە چەندی تیدەچی؟!

خەڵکی، وەباڵ بەستۆی خۆیان. دەیانگوت تۆ دایك‌و بابت هەبوون، مردوون...خۆ ناشکرێ بڵێم، ئەو موسوڵمانانە هەموویان درۆیان دەکرد. دیارە ئەگەر بنیادەم بم، دەبێ رۆژێك دایك‌و بابێکم بووبێ...
ئەو کابرایەش دەڵێ مامتم. بە خێزانە کەشی دەڵێم ئامۆژن گیان. خۆ دیارە مام‌و ئامۆژن، چەوەندەر نین لەو عەرزە هاتبنە دەرێ...
هەر چۆنێك بێ، ئەوەندەی خۆم وەبیرم دێ‌و شکڵی خۆمم دێتە بەرچاو. مێر منداڵێکی دمرووتی قەدباریك بووم، رەش‌وبرش. لەوەش رەشتر کە ئێستا ئەنگۆ دەم بینن... جلوبەرگم، کڵونجە کۆنی ئامۆژنم، دەك خودابە زیادی نە کا، دە پینەی پتر پێوە بوو. داوێنە کەی، خاڵیگەی هەروابەحاڵ، دادەپۆشی. تەرادم هەر بەدیارەوە بوو. شتێکیشم دە پێدابوو، ئامۆژنم دەیگوت دەرپێ یە. ئەمنیش ئەگەر بم وێرابا دەمگوت پزوە. بەو قورحانەی تۆ باوەرِیت پێهێناوە، هەر پزوێك بوو، بەتێکی تێ هەڵکێشرابوو، لە تێو قەدم گرێم دەدا. شەش حەوت بزگورو ریتاڵی لەولاولا شۆر ببوونەوە. لەبەر چڵك، وا رِەق ببون، هەر دەتگوت کەمێڵەمەرِن‌و

خلەیان دێ... بیلامانێ، بیلا تەڕبی، پەرژین بێ لە رووی مەجلیسدا، هەموو عەیبو عارم دیاربوو. ئەو دەرپێیەم رەنگبوو دە پێشدا جاو بووبێ. ئەمما چونکە نەدەشۆراو بەرگەی شوشتنی نەدەگرت، وا لە چڵکیدا بۆر ببوو، شالۆمە جووش نەیدەزانی عەسلی جاوە، یان شەیتان بێزیەو خوساوەو ئەو دەردەی بەسەر هاتووە... ئیدی خەلاس، ئاوێ بێنەو دەستان بشۆ. سیخمەو کراس پێچو تەقیلەیان پێلاّو، یان تیتۆڵە پشتێندێك بالەکەژوش با. دەکولەکەی تەڕیشدا باسی نەدەکرا. مەگەر خەونم پێوە دیبان.

لەوەتی وەبیرم دەهات، گاوانو گامێشەوانی ئامۆژنم بووم... هەموو رۆژێ هەر لەپێش تاو هەڵاتەوە، سێ مانگاو دوو گامێشەکەم دەردەکردو دووکولێرەی جۆی وشکم، لە تووربێنێدا، دەچوومە دەشت. ئەوانم بەرەڵا دەکرد بلەوەڕێن، خۆشم چیلکەو میلکەم وەکۆ دەکرد، کە ئێواری پاش تاریکان دەگەڵ مانگاو گامێشەکان دەم هێناوە، ئامۆژنگیان شیرەکەی لەسەر بوکڵێنێ... خۆ لێدانو جنێو پێدانی ئامۆژنم هەر مەپرسە!...هەزار بەهانە بە پوولێك ..ئەورۆ شیر لەکەمی داوە، دیارە دەگەڵ هەتیو مەتیوی وەکوو خۆت، لەبەر سواپێنو جگێنو حەقلیمەقۆ، هۆشت لە گاگەل براوە... گراڵكو چیلکەو چاڵەکەت تەڕوبرن، دەك ئاوری بێ ئامانت تێ هەڵگەڕێ، ئاورنابەن. دووکەڵ دەکەن. شیرەکەمیانی بۆ دووکەڵ کرد... پەیاغێکی زۆر لەدەستان خۆشو لەباری، لە پشت پێرکەوە دانابوو، بۆ گیانی من... کە هەموو ئێوارە وەختان، پشتو شانو شەپیلكو پەراسووی منی پێ دەکوتا... شینو رەشی دەکردمەوە، جا ئەوجار ئۆخژنی دەهات... هەرچەن ئەگەر ئەولێی دەدام، دەگریامو لەبەری دەپاڕامەوە... راستت دەوێ لە ئێشو مێش خەبەرنەبوو. لەشم لە لێدان خارابوو...لەوانەیە باوەڕم پێ نەکەن، کە بڵێم تەواوێك خووم پێ گرتبوو. ئەگەر رۆژێك دارکاری نەکردبامایە، وام هەست دەکرد وەك شتێکم لێ ونبووبێ...

فاتێو زارای کچی مامم، یان بابڵێین کچەکانی ئامۆژنگیان کەبەرەو دووا هەروا لە عومری من دابون، جاروبارە بەزەییان پێم دادەهاتو فرمێسك دەچاویان دەتزا.

ـ دایەگیان ئاخر فەقیرە بۆلێی دەدەی؟

ـ وست. هەی فرتۆڵی سوزمانی واوا لێکراو. کوڕی خۆمەو دەی عاملێنم!.

کەس ناپرسێ ئەدی ئەو مامەت چی دەکرد؟!...مامم سەت خۆزگەی بەمن کا...بۆ دەیوێرا دەم هەڵبڕێ؟

جارێك گوتی:

ـ عافرەت ئەونیسکێنە سوێرە.

ئەوی بەو بەدبەختەی کرا، بەسەر شوبرو شۆفارانیش نەیە... گوێی لە جنێودانی ئاخنیو لەترسی گەفو هەڕەشەی ئامۆژنگیان ئەوێ شەوێ لە مزگەوتێ نەهاتەوە...ئەوجار هەر ئەوەندەی کەم بوو لەسەر برازای وە جواب بێ!! خودام هەقە سەگ بەحەوشێکی پێ دەکرا، لە راوەبەراز خۆشتربێ... گوێلکەوانو بەرغەلەوانو دەشتەکی، کە بە رۆژ یەکترمان دەدی، هێندێك پێیان دەگوتم قولە... جاروبارەش بازێك پێیان دەگۆتم: قیلە. تۆزێك لە دڵم گران دەهات.

دەرویش وسووکە مووچەکەی نزیك بەلەوەڕگاکەم بوو، ـ ئەی هەزار رەحمەت لە قەبری ـ لەکوڕی خۆی خۆشتر دەویستم. ئاغلەب رۆژان هەرای دەکرد:

ـ حەسەنە رەش. وەرە ئێرە. نانەکەت بەوشکی مەخۆ، دۆمان هەیە... نیوەڕۆیەك، بە شەرمێکەوە لێم پرسی:

ـ ئەرێ مامە، قولو قیل چن ئەو هەتیوانە پێم دەڵێن.؟!

ـ رۆڵەگیان قول بەو عینسانانە دەڵێن، پێستیان رەشە... قیلیش هەر شتێکی رەشە وەك سفرەی تێك تەپاو وایە... گوێ مەدەیە، ئەوان ئەتۆیان خۆش دەوێ. بۆ گاڵتەوگەپ وات پێ دەڵێن...ئاخر خوا عومرت درێژکا، بۆخۆت دەزانی زۆر رەشی...

وردە وردە گەورە دەبووم. ساڵ بە ساڵ لە بالاّم دەدا. تەواو ئاوم تێ گەڕابوو. وەك ترێ ئاڵوبۆڵ ببووم. بیلامانێ، شەیتانم پێ پێکەنی بوو... ئەمما بە ناشوکری ناڵێم... کەڵۆجە کۆنو پزوە شڕ، هەتا ئەمن درێژ دەبووم، ئەوان کورتتر دەبوونەوە. دەگەڵ هەڵکشانی من هەڵدەکشان...

هەر لەو سەروبەندانەدا ماڵە دەوڵەمەندێکی زۆر قەوغا لە دێ دابوون. کچێکی عازەبیان هەبوو، ئەمماکچ نەبوو، حۆری بوو... ئەنگۆی جحێڵو هەرزەکار ئەگەرچی لەو

زەمانیدا هیچتان نەبوون، بەڵام رەنگە هەوای گۆرانییە خۆشەکەی ماوزەرتان گوێ لێ بووبێ:

ماوزەر قەزات لێم کەوێ
ماوزەر میوانم شەوێ
ماوزەر لەگەرنێ زەردت
ماوزەر دوو ماچم دەوێ

دەیانگوت ناوی منداڵی لە هەوەڵەوە ئامین بوو... جا چونکە تازە تفەنگی ماوزەریان داهێناوەو لەچاو چەکی دەستی خەڵکی کەشەنخان و وەرەندیل و قەروجیناو حسکەو قەسەڵی و شینکەو رەشۆکی بوون، زۆر بەکارترو جوانترو هەتا بشڵێی بە قیمەت بوو، ئاغای زۆر زل نەبانەیبوو...لە خۆشەویستی و نازداری، ئەو ناوەیان بەسەر ئامینێدا بڕیبوو...

سەروبنی قسەی جحێڵ و پیری دێ، هەر ماوزەر، ماوزەر بوو.

ـ ئای کە جوانە...

ـ ئای چەند شۆخ و خانومانە...

تەنانەت هەتیو مەتیوی رووتەو پووتەی وەکوو خۆشم، باسمان هەر باسی جوانییەکەی ماوزەر بوو... دەیانگوت، خوازبێنیکەری لە خیزی چۆمیش زۆرترن. هەر دەستێك دەڕواو دەستێك دێ. ماڵیان بۆتە شارە مێروو. خوازبینیکەر نابڕێتەوە!. دەیانگوت دووسەد شەکە مێ، شیربایی ماوزەر دەدەن، بابی نایدا. دایکی هەر وە دەریان دەنێ. برای دەڵێ پێنسەد لیرەو چوارسەد شەکە مێیان دەنێ و ژن بۆ هەرسێك برای بێنن...

***

ئای لەو رۆژەی کە هەتاهەم، دیمەنەکەی لەبەر چاومە... نێوەڕاستی مانگی بەهارە. وا من لەبەر گامێش و مانگایەکانم...لەپڕ دیتم پۆلە کچێك دەتگوت کۆتری باڵ نەخشێنن، قنەی دەکەن، بە تریق و هۆڕ، بەرەو مێرگی جێگای من و مەزرای دەروێش وسووی هاتن، بۆ گیا کردن. ماوزەریشیان دەگەڵ بوو. سوور دەمزانی ئەو باڵا بەرزو لەبارەی گەردن کێلەی کراس سوورە کەوا مەخمەر، ماوزەرە. کە هەروەکوو مانگی چاردە، لە نێو ئەستێران دەترووسکا.



ئێدی ئەمن هەر بە پەلە، خۆم کوزوو کرد. مانگاو گامێشم بە جێ هێشت و خۆم هاویشتە ناو جۆگەڵەی مووچە مەزرای دەروێش وسوو. لە پشت پڕایی زەمەندی دەوری جۆگە، ماتم هەڵگرت. چۆن پشیلە خۆی لە چوێلەکان مات دەکا...لە بنەوە کسکە کسکم بوو. هەناسەم لە خۆم بڕی بوو. کە من سەیری ئەو کۆترەبەحەشتیلانەم لە قیس نەچێ و ئەوانیش هەستم پێ نەکەن و کەس نەم بینێ... ئاخر چۆن دەبوو بم بینن.؟ کوێم ببینن.؟ چەرمی رەشم، پزووەدرپێ بێ نێفەك و دەلینگەکەم.؟ کڵوجە شڕەی نەحلەتیم.؟ پێی پێخواس و سەری قوێتم.؟! خودایە شوکر بە بەشت...

کچ گەل هاتن لەنێزیك من پۆلە گوڵێکیان بەدی کردو لێی دانیشتن و کۆڕیان بەست. نازانم چۆن بوو بەختە کوێت ئەو رۆژە دە هاوارم هات و چاکی هێنا؟! ماوزەر راست بەرانبەرم دانیشتبوو، چوار پێنج لقە خاشخاش و گوڵە بابوونەی دە قۆڵ دابوو... دەگەڵ کچانی هاواڵی هێدی و لە سەرەخۆ دەدوان. جارجار ئەویش وێرای هەموان حیلکەی پێکەنینی دەهات... ئەی خودایە، جوانی چۆنت خولقاندووە؟ غالبەی کچە جوانەکانی ئیندرقاشم لە دەشت،لە رێی کانی دیبوو، پێشم جوان بوون. بەڵام ئەورۆ لە نزیك ماوزەرەوە هەموویان

ناحەزیان دەنواند...
سوێندی کەسم لەسەر نییە، قورعان بەحەقت بە ساحێبت، دەتگوت عەزرەتی جوبراییل لە عاسمانێرا هاتووە، دەمو چاوی ئەو چاوبەڵەکەی شوشتووە... چاو، چاو نەبوون، زۆر لە چەرمی رەشم رەشتر. رەشی بێ کل. بادامی، مەست، نازو قەمزەیان لێ دەتکا... دەتگوت ئەستێرەی سیوەیلو کاروان کوژەن، کە بەرە بەیانان هەڵدێو چاو بڕکێنە دەگەڵ گالەوەڕێنەکان دەکا... تەختی هەنیەی بە مانگی عاسمانی دەکوت: ئەتۆ مەیە نۆرەی منە... ئەو لاجانگە سپیو سۆڵە، بڵێم وەك بەفری یەکشەوە سپی دەچوون، درۆ دەبێ. چونکە لەویش سپیتر بوون... کوڵمەی دەتگوت دۆشاوە بەسەر بەفرەوە... هەرتەواو سێوە لاسوورەی سەرلکانی باغەکانی ئیندرقاشوبگرە لەوانیش جوانتر بوو. پرچەکانی لەسەر دوو شانی بلاوبوون، بۆنی حەترو حەبیریان دەگەییشتە من... ماشەڵلا لە دەمو ددانولێوەکانی... نازانم بڵێم وەك چی بوون... بابە غەلیفەش بیدیتبان تۆبەی دەشکاند وەباڵ بەستۆم، هەرماچێك لەو دەمولێوەی، هەزار شەکە مێی دێنا...
ئەو مابەینە تا هەستانو تا هێندێك گیا دۆکلێویان کرد، ئەمن خۆشمو مانگاو گامێشو پەیاغی ئامۆژنو دۆیەکەی دەرویش وسووشم هەربەخەیاڵیشدانەهات... هەر ئاخ ئاخو هەناسە هەڵکێشانم بوو. سەرماشم نەبوو، دەلەرزیم. بەلام لەرزینەکەشم خۆش بوو... هەزار تەزووی ساردوگەرمم بە لەشدا هات... هەتا ئەوان بەرەو دێ بەجێیان هێشتمو تەواو لە بەرچاوم ونبوون... دەتگوت سۆفی رەمەزانمو بۆ جێژنە لە مانگ دەڕوانم. هەر چاویشم نەدەترووکاند.
کەرۆیشکانە لە لانە کەم هاتمە دەرێ. خودا تۆبە، ناشوکرییەکم بە دەمدا هات. چاوێکم بڕیە عاسمانێوگوتم:
ـ ئەی خودای بانی سەر، ئاخر ئەمن چم کردبوو... تۆ وا رەشت دروست کردوم.؟ دایكو بابت لێ ئەستاندم، داوتمە دەست ئەو ئامۆژنەو ئەوەش تەرحو دیدارو جلوبەرگمە!... کێ ئەوەی دەگەڵ کێ ئەکا!!!...
لە حرسی خۆم، چەند فرمێسکی گەرمی بێ دەستەلاتانەم بەسەر روومەتدا، داوەرین. بە پشتە دەستە رەشەکەی قەڵشیوی پڕلە قرتماغەی چڵکی بە سەریەکدا هاتووی کەڵەکەبووی ساڵومانگان، فرمێسکم ئەسترینەوە...وردە وردەو بە دڵپری، چووم گاگەل بەسەر کەمەوە. تێربوونو لەسەر مۆڵگە خەریکی کاوێژکردن بوون...
تازە هەستم کرد برسیمە... گوتم:
ـ مانگاو گامێشەکان، هەزار خۆزگەم بە خۆتان کا... بۆ خۆتان دەخۆنو دەنوون. نە دەرپێتان پێ لازمە، نە کلۆجەی شڕتان دەبەردا، نە ئامۆژن وەکوو من بە پەیاغەکەی ئێواران تێو دەسرەوێنێ ... ئەگەر ئەنگۆ وەك من، ماوزەرتان دیباکە هەر دەڵێی شەكبەرانی پایزەیەو لە سامرەندان لەوەڕاوەو دووگەی لە دووی خۆی دەکێشێ، چتان دەکرد؟؟
لەو عانەداکە من گاگەڵی خۆم دەدواندو دەردی دڵی خۆم هەڵدەڕشتو باسی ماوزەرێم دەکرد. چاوێکم بڕیە مەزراکەی دەرویش وسوو. دیتم دەرویش چۆتە سەر تەپۆلکەیێكو دەستی چەپی بە بەرچاویەوە گرتووەو بەرەو رێی دێبەر دەڕوانێ... کۆخەیێکی بەقەستیم کرد... بانگی کردم:
ـ حەسەن وەرە، دۆلە دۆدانە کە تێکەونانە جۆکەتی پێ بخۆ... رۆڵە زۆرم چاو لێ گێڕای، هیچ نەم دیتی. چوبوویە کوێ؟
ـ مام دەرویش بۆ هیچ کوێ نەچووم. هەر لێرە بووم. خۆم شاردەوە، ئەو کچۆلانە نەم بینن...
ـ های قومارباز، خۆت مات دابوو، تۆبیان بینیو ئەوان هیچ هەستت پێ نەکەن. نەوەك لێت بسڵەمێنەوە... هەقت دەدەم، رۆڵە ماوزەر زۆر جوانە...
ـ بۆچی مام دەرویش تۆش دیتت ؟
ـ رۆڵە گیان غەلیفەی خۆمان، بە لەبزی مبارەکی خۆی رۆژێك فەرمووی دەرویش چاوبازە ناگیرێ... بەلام نەزەر هەتا نەزەر فەرقی هەیە... ئەرێ وەڵلا، تێر تەماشای ئەو بەژنو باڵا جوانەم کرد... دەك بابانت شێوێ خانزاد، بۆ ئەو کچە متورفەیەت. بەسەر قەبری کۆنە مردووشدا رابرێ، وە جووڵە جووڵی دەخاتو دەیهێنێتەوە سەر هەوەس ... مەسەلی پێشینان دەڵێ:( مریشکی رەش، هێلکەی سپی دەکا) راستە. خانزادی دایکی ماوزەر، پێش ئەوەی مێرد بە حاجی برایمی بکا. کە ئەو دەمی نێوی برایم پووتە بوو... زۆر حەولیدا من بیخوازم. هێند رەشو پیسو پەلۆخ بوو، بێزم

نەهات توخنی کەوم. کەچی ئێستا، وا دەبینی ئەو حۆریە جوانکیلەی دیوە. دا خودا، خودا بەنسیبی کیهە بەختەوەری بکا.! خوا بە ساحێبی خۆی بێلێو بەرەکەت دا...

ئەمن هەر لە هەوەڵ دیتنی ماوزەرێ، وای عاشق بووم، مەگین خودا بزانێ چۆن ... ئەو مەسەلەی دەروێش وسووش هێندەی دیکەی شێلگیرکردم ... مریشکی رەش، هێلکەی سپی!! دڵم دەیگوت:

ـ دەیجا بۆچی کەڵەبابی رەش نایکرێ دە گەڵ مریشکی سپیدا بنە جووتە؟.

ئەگەر چی لەعومری خۆمدا کەڵەبابێکی رەشیشم نەدیبوو، نەشم بیستبوو هەر بشبێ...

رەنگە ئەو کورو کاڵانەی هێشتا لە پلەی هەرزەکاری نەترازاونو نازانن دڵداری چییە، پێم پێ بکەنن... ئەمما ئەوانەی کامڵنو لە جوانیدا بە دەردی دڵ چوزاونەوە، زۆر چاك تێ دەگەن دەڵێم چیو دەردم چبووە؟. دڵ هەر دڵە، لە نێو لەشێکی رەش دابێ یان لەنێو قاڵبێکی سپی. فەرقی نییە. رەشو برسیش، روتو قووتو برسیو بێماڵو ئاتاجیش، هەروەك سپیو سۆڵو پۆشتەو دەوڵەمەندان، دڵی هەیەو دڵی هەرکان هەر وەکوو یەکتر لێدەداو هەست بە خۆشەویستی دەکاو عاشق دەبێ... دڵ ئەوەی لێك ناداتەوە قاڵبەکەی رەشە یان سپی... دڵی عاشقان دەبێتە قەپاتێکی زل، وەکوو قەپانی عەللافان، سێ رەمو حەورەمو سیەی دەر دەهاوێ. هێندێك جاران پووتێکیش ناخوێنێتەوە. لەو رۆژەوە نە چەرم رەشیم لەبیرما، نەرووتو قووتیو کەساسیم هەر بە خەیاڵیشدا دەهات. نە وامدەزانی گاوانم. یارم جوانەو لەنێو جحێڵان سوڵتانم. ئیدی قولی ئەو قولیەی پێشوو نەمابوو... بوومە حەسەنێکی دیکە... خەم بێ لە دڵی مندا نەما هەرچی دەمدیت خۆشم دەویست. تەنانەت لە ئامۆژنیشم دڵمەند نەبووم. ئەمنێکی قەت نەمزانیوە گوڵ یانی چیو بۆچی دەبێ، لەو رۆژگارە کاروپیشەم هەر ئەوە بوو، بچم سەیری گوڵان بکەم... خاشخاشكو گوڵەبابوونەم لە هەموان پتر خۆش دەویست. هەر چونکابی، ئەوێ رۆژێ لە دەست ماوزەرێدا بوون... لە کن گوڵان هەڵ دەترووشکام. تێرم تەماشا دەکردن. بەڵام هەڵم نەدەپساندن. دەمگوت جوانن با هەروا جوان بمێننەوە. باکوڵمو لێوی یاری خۆم هەموو رۆژ وەبیر بێننەوە... هەمیشە لەبەر خۆمەوە ورتەم دەهات، بە سۆزە گۆرانیم دەگوت. ئەگەر گوێم لە بلوێرێك بوایە، یان دەنگخۆشێك تێی هەڵدەکردە مقامێك تەزووم بە لەشدا دەهاتن. بە خەیاڵات، ماوزەرم دەهێناوە پێش چاوی خۆم... دەنگی حیلکەی پێکەنینی، خرمەی سلسڵەو پلپڵەو گۆبەرۆكو خرینگەو مەنگۆڵەکانی خشە خشی حەمایەڵو مێخەكبەندی، گوێمیان پێ دەزرینگایەوە. لەنێو گڕی ئاورو چرایدا دەمدیت... چۆن ئێستائاغاکەی خۆمان مامە عەلی، جارجار ئارەق دەخواتەوەو هۆشی لە دنیا نامێنێو هەر لەخۆوە پێدەکەنێ؟، ئەمنیش ئاوام بەسەر دەهات. جار سڕ دەبووم، کڕ دادەمام. جاری وابوو هەر لەخۆوە پێدەکەنیم. جاریوا هەبوو دەگریام. ئەمما گریانەکەشم پێخۆش بوو. نازانم بۆچی؟!

گوێلکێکی زەردی خڕەکەی ساوامان لە ماڵێ هەبوو... بەڕاستی چاوی زۆر جوان بوو. هەتا چاوەکانیم دەدی، چاوەکانی ماوزەرم دەهاتەوە بیر. بەغار دەچووم، دەستم دە گەردنی وەردێنا، تێرتێر چاویم ماچ دەکردو لەبن لێوانەوە دەمگوت:

ـ قەزات گرم ماوزەرگیان...

بەهار نەما. سێ مانگەی هاوینیش رۆیشت. هەوەڵ مانگی پایزیش دەهات خەڵاس بێ... لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا کەس لەمن دڵخۆشتر نەبوو ناشبێ... دەپاڵی خۆمدا، خۆم بە ئاغای ئیندرقاشو قونقەڵایانیش نەدەدا. وام لێهاتبوو، ئامۆژنیشم هەتا دارکاری دەکردمو جنێوی پیسی پێ دەدام، ئەمن هەر پێی پێدەکەنیم... دەیگوت:

ـ ئەیڕۆ، مۆری محەممەدی شەریف. ئەو هەتیوە شێت نەبووبێ... زۆر دەترسم رۆژێك، شتێك بەسەر مانگاو گامێشەکان بێنێ ... دایکم هەقمە، هەمیشە ویڕەویڕیەتی. لە خەویشدا قسان دەکاو دەبزڕکێنێ. بەڵام نازانم دەڵێ چی؟ دەترسم لە کەللەی دابێ!! خوشکێ دەڵێم هەرماڵات دابکرێنەوە، ئەمنو سۆفی دە گەڵ خۆمان بیبەینە زیارەتی زەنبیل. بەڵکوو خوا روحمی پێ بکا. هیچ حەز ناکەم ئەو گالەوەڕێنە بێئەرکەم لەقیس بچێ.

ئەو قسانەی بە پوورە پەریزادی دەگوت کە لاپێژی ئامۆژنمو چوارپێنج ماڵە جیرانان بوو... لەو دەمیەوە، پوورە پەریزاد تا دەی دیتم، کاحەسەن چۆنیەکی دەگوتو پێش دەکەنی ... جوابی منیش هەر، خوا حافووتکا زۆرباشم، هەروا دەبێ ... خوا منداڵەکانت پێ بێڵێ، بوو...

بە درێژایی ئەو شەش مانگەی، هەموو رۆژێ هەرلە سبەی هەتا ئێوارێ، دەگەڵ شوانو گاوانو بەرغەڵەوانو گوێلکەوانان لەو دەشتە کۆڕمان دەبەستو باس هەرباسی ماوزەر بوو... خەبەرمان لێك دەپرسی... ئەرێ مێردی کرد یان نەیکرد؟ یەکێك دەیگوت دەڵێن کابرایەکی مەڕدار گوتوویە سێسەت شەك دەدەم، نەیانداوە. یەکێك دەیگوت دەڵێن توجارێکی پووڵدار دووکیسە لیرەی هێناوە، ماوزەر پێی رازی نەبووە جواب کراوە. هەر یەکەی قسەی خۆی دەکرد. دەشتیان کردبووە بازاڕو قیمەتیان بەرەژوور دەبرد. ئێوارەیەك لەگەڵاڕێزانی پاییزدا تەزوێکی ساردیش دەهات، وڵاغەکانم هێناوە. ئامۆژنم لە حەوشەی نەبوو... خات پەریزاد هات بە لامەوەو دواندمی:

ـ کاحەسەنگیان ماندوو نەبی...

ـ خوا حافووتکا. خوا کوڕت لێ نەستێنێ.

ـ حەسەنگیان ئەگەر کارێك بارێکت بەمن هەبێ بۆت پێك دێنم. هیچ بە ئامۆژنیشت نالێم...شەرمێ مەکە. چت لە دڵدایە پێم بڵێ... من وەك پووری خۆت حیساب بکە...

ـ ئاخر چی بڵێم؟ دەترسم تیزم پێ بکەی...

ـ نا. بەو قورحانەی لە سینگی مەلای دایە. نامەوێ گاڵتەت پێ بکەم. خۆشم دەوێی. دڕدۆنگ مەبەو هیچ مەترسە. قسەکە لە ناوخۆماندا دەبێ سوڕبێو نابێ دەربچێ. بڵێ هیچ شەرمی پێ ناوێ...

ئارەقێکی ساردو گەرمم بە لەشدا هات. لە شەرمان لێوە لەرزەم گرت. دمم وە توورە توورەکەوت. هێندێك لاسەرم هەڵکراند. بە ئەسپایی و پچرپچر وەقسە هاتمو لەبن لێوانەوە گوتم:

ـ پوور پەریزاد، چی لە تۆ بشارمەوە... ئەوی راستبێ، دڵم چۆتە سەر ماوزەری کچەکەی حاجی برایمی...بۆ ئەو چاکەم دەگەڵ ناکەی ببە دەلالی نێوانمان. بەڵکوو وابکەی مێردم پێ بکا؟ دەروێش وسوو رۆژێك کوتی: هێلکەی رەش، مریشکی سپی.... ناوەڵڵا، پێم وایە کوتی: مریشکی رەش هیلکەی سپی ... زۆر چاکم لەبیر نەماوە... هەر چۆنێك بێ رەش و سپییەکی تێدابوو... تۆ ئەگەر ئەوکارەم بۆ بکەی، هەتا دەمرم لەبەر مەنەتت دەرناچمو تا هەتایە دەمکەی بە نۆکەرێکی خۆتو پێڵاوی تۆو منداڵی تۆ لەسەر سەرم...

لە تریقەی پێکەنینی دا:

ـ هەر ئەوەندە بووکارەکەت؟ ئەی بە چاوان، شەرتبێ بۆت راستکەم وەك دوخێ ... هەر ئەوڕۆ سبەی وادەکەم چاوتان بە یەکتر بکەوێو کارەکە بەکەیفی تۆبێ...

پەلاماری دەستە ریخاویەکانیم دا. دەتگوت دەستی بابە غەلیفەی ماچ دەکەم... بە زۆر خۆی لێ خەڵاس کردم... لەو دەمەیدا، سەروکەللەی ئامۆژنگیان وەك مەلکەموت کە پێمێردی گیانکێشانە، نازانم بە ملی شکاوی چۆن پەیدابوو؟! دڵۆپەی کردو سرتو خورتی نێوان منو پوورە پەریزادی تێکدا. کردیە شیرە شیڕو هەڵلا. جنێوی پیس، وەك بارانی پەڵەی پاییزان داباری. دەتگوت ئاش کرێوەیەو باراش جنێو لێدەکا.

ـ ئەو گامێشە کلۆتی بۆ ریخاوییە؟ ئەو مانگایە بۆ کەلەکەی داقوپاوە؟ دیارە هەر نەتلەوەڕاندوون. کچێ خۆ پێم پێدەکەنێ... قولەڕەش، دەردت لەگیانم... هەڵمەتی بردە لای هەرزاڵو پری بە تێلا بۆرداکرد.

خات پەریزاد ـ ئەی خودا چاکەی بۆ بکا ـ غاری دایە، دەستی گرتو ئەوێ رۆژێ بێراز نەکرام... دوو بەیانی، ئێوارە درەنگاتێکی هەر هاتمەوە. هێشتا نەچووبوومە حەوشەی، پوورپەریزاد لە دەرکێ پێشی پێ گرتم:

ـ زاوا زێڕە ماندوو نەبێ... مزگێنیم دەیە هەر ئەوشۆ دەچیە ژوانێ...ماوزەر لەتۆ سازترە. وامەکە خەوت لێ بکەوێ. دووای ماڵ نووستنان، ئەمن دووسێ ورکە بەردان، فڕێ دەدەم. بە ئاسپایی هەستە وەرە. ئەمن دەگەڵ خۆمت دەبەم... هەردوو بەدوو رازونیازی خۆتان بکەنو کارەکە کۆتایی بێنن...

خودایە عەزرەتی غەوس، تۆ بڵێی ئەو ژنە راست بکا؟! تۆ بڵێیی من خەونێ نابینم. دەی با خەونیش بێ، هەر خۆشە...

لەبیرم چوو باسی نوین و بانەکەی خۆمتان بۆ بکەم. ساردی پاییزو زستانان لە تەویلەی ولاغەکاندا دەنووستم...رایەخم کۆنە لبادێکی قەدیمی بوو...سەرەڕای ئەوەی نەخش و مەخشیشی نەمابوون. هێند تەنك بوو هەر دەتگوت تیکوڵە پیوازە... چوارپێنج کونیشی تێ ببوو... لەوانەیە لە زەمانی باپیرە باپیریشمدا هەرکۆن بوویێ...

سەنیرەکەم بەرگەکەی رەنگە رۆژی خۆی، جاویش بوویێ و سپیش بوویێ...نێوئاخنی بەڵمە برنج بوو... لە دڵۆپەی قورمی میچی سەت پەڵەی رەشی تێدابوو. سەر تاپای خاڵخاڵی رەش بوو. هەمووشی رەق هەڵاتبوو...

لێفە شڕێك دەیانگوت بەروپشتەکەی جاوی لەخم دراو بووە، من ئێستاش باوەڕم نەکرد بەکاڵ بوونەوە زەرد ببوو. بەڵام زەردێکی زۆر دزێو... هەتا ئێستاش قەت رەنگێکی وام نەدیوە... شەش حەوکونی وای تێدا بوو. زۆرجار ئەگەر لە خەو رادەپەڕیم، سەرم بەکونێکی دادەچوو، تا ئەو تۆقەم لە گەردنم دادەماڵی، تەواو چەقی مەرگم دەکرد... خۆ ئەگەر سەرماش نەدەما دیارە لەحەوشەی دەنووستم. یانی ئەویش هەرتەویلەیەك بوو. بەڵام عاسمانی لێ دیار بوو... مانگاو گوێلك و گامێش و پاڵاغەکانیش دەگەڵ خۆم لە حەوشەی دابوون... درەنگانێك پاش ماڵنووستنان، شەو شەق ببوو. لەسەر قەولوقەرارەکە هاتمە دەرێ. پوورپەریزاد چاوەنۆڕی منی دەکرد...

- یاڵڵا بڕۆین. کاحەسەن تۆ وەپێش‌کەوە، ئەمنیش هەروا بەرەو دووا بە دووی تۆدا دێم.

دەروازەی ماڵی ماوزەرێ دوتایی بوو... لە دەرکێوە هەتا نێو حەساری گەورە، داڵانێکی سەرگیراو بوو. ئەوێ شەوێ تایەکی دەروازەکەیان ئاواڵەبوو... چوومە ژوورێ... خودا تووشی هیچ موسوڵمانێکی نەکا. دوو سەگی زل، وێکڕا شاڵاویان بۆ هێنام. نازانم چۆن زگیان نەدڕیم؟!... گورجێ لەپاڵ دەروازەکە خۆم مەڵاسدا. پوورپەریزاد فریام کەوت. چغەیەکی بەسەگان گوت کشانەوە... نازانم بۆ سەگ بە ژنان ناوەڕن؟ من لەترسان وام خۆ بە لاشیپانەی دەروازەوە نووساندبوو. عەزرەتی فیلیش نەی دەکرا مووومان بخاتە نێوانێ. تۆزێك لینگیشم دەلەرزین... پوورپەریزاد بەرەو هەیوانەکە رۆیشت. دوو سەگەکەش دووراو دوورم هەرتك چەمبۆڵەیان داداو چاوەنۆڕ بوون هەر بیزوم گەمارۆم بدەن. بۆ هەڕەشەش جاروبارە دەیان مراند...

دیتم دوو تارمایی هاتن. پێکەوە سرت و خورتیان بوو. پێش دەکەنین... گەیشتنە بن داڵانەکە. دەلالباشی و ماوزەر بوون.

- پورێ ئەدی کوا کاحەسەن؟!

- ئەوەتام لەترسی سەگان خۆم مات داوە.

- پیاوی جحێل چۆن دەبێ لە سەگ بترسێ...دە وەرە قەزات لەگیانم. لە تەنیشت پوورێ دانیشە...

- غیرەتێکم هاتەوەبەر. لە پەنا پوورەپەریزادێ بەرانبەر بە ماوزەرێ هەڵتروشکام... قسەی خۆمان‌بێ، دەشلەرزیم...

- حەسەن گیان بۆ خۆت دەزانی کچ هەمیشە شەرمێونن. ناکرێ کچان سوڕی دڵیان بدرکێنن... تۆ نازانی ئەمن چەند ئەتۆم خۆش دەوێ و چەند وەختە حەزت لێدەکەم... ئەو هەموو خوازبینی‌کەرەم جواب کردووە... هەر لەبەر خاتری تۆ بووە... پێم وابوو تۆش ئەمنت دەوێ. ئەورۆ، کە پووری پێی کوتم، هەر لە خۆشیانت خەنی بووم. وەخت بوو گەشکەدار بم... ئێستا هیچ شەرمی پێ ناوێ. هەر چیت لە دڵدایە بیڵێ. هەر خۆمانین... بە مینگەوە جوابم داوە:

- با خات پەریزاد پێت بڵێ، ئەو دەزانێ...

- تێ گەیشتووم. ئەتۆ دەڵێی مێردم پێ بکە. ئەمنیش وەکوو تای تەوورداسێ حازرم. بەڵام تۆ بۆ خۆت دەیزانی، ژنوماڵ زۆری پێدەوێ... خۆ هیچ نەبێ، دەبێ دەستێك جل بۆ بووکێ بکڕی... نێو ماڵ و قاپ و قاچاغێکت دەبێ هەبێ. ئەو شتانەت چلۆن پێ جێبەجێ دەکرێ؟

- ماوزەرگیان هەر بەوشەرتەی تۆ رازی بی و مێردم پێ بکەی، بەو عاسمانە بەو خودایەی کەوا لە ژووری سەرمانە، لەسەر هیچ شت پەکت ناخەم... بەرۆژ لەودێ و مێیانە خۆم لەبن پنچکان مات دەکەم. لە جلکی خەڵکی دەخەفتێم، کە دەیشۆن و هەڵی دەخەن... دەسماڵی پوولەکەدارو کەوای مەخمەڵت بۆ دەدزم... کراسی جوانی حەریرو پشتێندی شێلەت بۆ دەدزم... چارۆکەی سوور بەرەڵبێنەی تازە شۆڕاوت بۆ دەدزم... شەوانەش گورج وگوڵانە دەکەومە ناو کۆڵانان و سەربەو ماڵانەدا دەکەم. سەگیان نەبێ، کەوش و

گۆریە، مەنجەڵو قاپو دەرخۆنە، ئەسکوێو کەوچك، ئاردو ڕۆنو هێلکەو مێلکە، نۆكو نیسكو، دانەوێڵە، هەر لەسیر هەتا پیوازێ هەتا خوێو مویش، هەرچیکی ماڵێك پێی دەوێ، بۆتی دەدزم. بە خودای مریشکانیش دەدزم...بەو خودایە کڵو کلتووری ئامۆژنیشم دەبێ بدزمو بۆت بێنم. ئیدی دەمم وەك ئەسپی تۆر هەڵی گرتم. تازە بۆم نەدەگەڕاوە. هەژدەر هەژدەر قسەم لە دم دەردەپەڕیو هەر شت بوو دەمگوت بۆت دەدزم...! ماوزەر قسەکەی بڕدام... گوتی:

ـ دە بەقوربانی ئەو بەژنوباڵا جوانەت بم. هەڵمەتروشکێو هێندەم لێ دوور دامەنیشە. وەرە پێشتر... دەگەڵ خات پەریزادێدا دایانە قرمەی پێکەنین...

ـ ناوەڵڵا جێگاکەم باشە... دەی دەڵیی چی؟

دەستی کێشا، پڕیدا کولۆنجەکەمو تەکانی دام. کە بەرەو خۆی رام بکێشێ. خۆم ڕاپسکاند. کولۆنجەم لەبەر داڕناو بوخۆم بوومە سوورە ساقەی بێ تووکە مندارە. هەرهێندەم پێکرا دەر پەڕیمو بۆی هەڵاتم. ئەمما چلۆن هەڵاتنێك، کەروێشك تاژی تێبەردەن، وا هەڵنایە. لە دووامەوە بووبە قوولە قوولی سەگان. کفلەکونێکی نەخایاند، خۆم گەیاندەوە سەر جێگاوتێ خزامەوە. ئەو شەوە تا فەرداهی ڕۆژ جینگڵم دا. خەوی چیو تەڕەماشی چی؟ ئاخر سبەی ئامۆژنگیان پێم نالێ کوا کولۆنجەکەت؟ چی پێ بڵێم؟

ئەو بەڵایەی لێی دەترسام بەسەرم هات. هێشتا دنیا هەرتاریك بوو، ئامۆژنم هات. پێلاقەیەکی پێ دادام.

ـ هەستە خوێری. ئەوە نوێژی نیوەڕۆیە. فێری چێشتە خەوانیش بووی؟ هابگرە قوزرەلقورتەکەت. هەستە وڵاغەکان لێخوڕە... سەرم لە لێفە وە دەرێناو تۆزێك چاوم هەڵگلۆخیو بە قەستی تەماشایەکی بن سەنیرە بەڵمەکەم کرد. یانی کولۆنجە دەردێنم... ئەدی کەواکەم لە کوێ یە؟! خۆ نەماوە. هەستام، بەڵام چۆن هەستانێك. دێوەزمەی ڕەش بە تای پزوێكو ئیللەڵلا.

ـ ئەی بیسمیللا. هەتیو کوانێ کولۆنجەکەم؟ ناکا بە جگێنت دۆڕاندبێ؟ ئەیرۆ، خۆ شەوێ ماڵنووستان ئەو میراتەت دەبەر دابوو... پێم ناڵیی چت لێ کردووە؟ ئێستا دەردت دەرمان دەکەم.

جارێ تا دەستی گەیشتە پەیاغەکەی بە ورکەکەمرەو تەپاڵە دە سەرو گوێلاکم بەربوو... تیلای هێناو چت خواردووە ترشو چەوەندەر. خوری شۆر بکوتە جا بکوتە.

ـ کوا کولۆنجەم؟ ڕاستی بڵێ لە کوێت دۆڕاند...

ـ ئامۆژنگیان بە خودای گەورە ڕەنگە مانگاکانمان خوردبێتیان. ئاخر مانگا پەڕۆی دەخۆن...

ـ چی چی؟ بە کەرم دەزانی؟ بەو غەوسەی ماڵ لە بەغدایە، ڕاستی نەڵیی شلوکوتی مەرگت دەکەم... دە بیخۆ، گۆری گیانت بێ.

خات پەرێزاد بە شیرەشیری ئامۆژنم خودار ببوو بە تای کراسو پشتێند، دەرپەڕی بوو. خۆی گەیاندە سەیری بەزمو ڕەزمی ئێمە... غاری دایە ئامۆژنمو دەستی دەبەژنی وەریناو بەسەد هەزار ناری عەلی ئەمنی لەبەر چنگ دەرێنا.

ـ دەبڕۆ خودا بە قوربانی ئەو خاتپەریزادەت بکا. ئەمان شەرت بێ، هەتا دەمری کەواو مەوای مەگین بەخەون ببینی. دەبڕۆ لەبەر چاوم ونبە سەگە خوێری...

خاتپەریزاد دەستی کێشام، بە لاکەلاك بردمیەوە ماڵە خۆیان. لەبن هەرزاڵ کولۆنجەکۆنێکی خۆی هێنا. کوتی:

ـ ها ئەوەی دەبەرکە... کا حەسەنگیان هەرچی بە سەرەتۆ هات خەتای من بوو... جوانکەی، بەزەییم پێت دادێ. ئەو کولۆنجەت وەکوو شیری بەری دایکت لێ حەڵاڵ بێ. دە ئەتۆش گەردنم ئازاکە...

ـ پووریێ گیان خەتای کەس نییە. خەتای دڵمە... سەدجار تۆشو ماوزەریش، گەردنتان خۆشو ئازابێ... دڵ ئەو گوبەندەی پێ گێڕام. دەنا حەسەنە ڕەش لە کوێو ماوزەری کچی گەورە ماڵان لە کوێ؟ بەڵام وەرە دڵی نەگبەتم حاڵی کە... خودا دەیزانی پاش ئەو هەموو چەرمە سەرەو تیزپێکردنو دارکارییەش هەر لەسەر هەوای خۆیەتی ... بە خودای ماوزەر ڕازی بێو ڕازی نەبێ....□

عەبدوڵڵا ئەحمەد کەرکووکی

# رچە رێگا

ئەم رچە رێگایەی بەردەمم کاژی مارێکی تۆپیوە، نە سەری دیـارە نـە کـلکی. رچـێکی هـێند دژوارە، هـێند دژوارە هەندێجار گەرووی دۆڵێکی قوول، قووتی دەدات و لە بنەوە دەیسپێتەوە. "بەڵام ئـەو جـارێکیتر شـێتانە بـەر هـەڵدەداتـەوە." هـەندێجاریش دەکـەوێتە تـەوقە سەری چیایەکی هێند سەخت، بە جۆرێك خۆی پێ نـاگـیرێت و هـەڵدەدێرێتە خوارەوەو یەك دەگرنەوەو رێگای دەر چوون دەگرنە بەر." جاروباریش بە تەك کانیاوێکی گەنیاودا تێپەڕ دەبێت، ئاوەکەی هەموو زیندەوەرێك لە ژیان دەخات، هەندێجاریش دڕکە کونار، بەردەمی دەگرن و پەرژینێکی خوێناوی بۆ دروست دەکەن". ئەو، ریشە کێشیان دەکات و بەردەوامی خۆی دەسەلمێنێ". هەندێجار دارستانێکی چڕ،رێبەدێی پێ دەکات. بەڵام ئەو هەر دەکشێت. تائێستا کەسم نەبینیوە گەیشتبێتە ئەو سەری. لەوانەیە ئەم رچە، هەتا هەتا بەردەوام بێت. بەڵام دڵنیام لەوەی کە بازنەیەکی داخراو نییە. چونکە بیستومە کە هەندێکەس گەیشتوونەتە ئەو سەری."لە وانەیە کۆتایی یەکەی لە پۆلی باکووری زەویدا بێت... ئەوەی گەیشتووەتە ئەوێ لە سەرووی هەموو جیهانەوە، لە تەپڵی سەری زەویدا، بە دڵنیاییەوە چوارمەشقی دانیشتووە". یەکەم کەس کە ئەم رچەی هەڵابژاردووە، بیرێکی زۆری لێ کردۆتەوە. ئازارێکی زۆری کێشاوە. چەندەها باو بۆران و زریانی بەزاندووە. دەیان چاو زەق کردنەوەی دێوو درنجی پشتگوێ خستووە. پێی پەتی ناوە بە سەر دڕك و تاشە بەردا، لە هیچ ویستگەیەك پشووی نەداوە. لە ژێر سێبەری هیچ دارێکدا دانەنیشتووە. بەردەوامی رۆیشتن، تێشووی لاقەکانی بووە.



وا منیش، وێڵی سەر ئەم رچە رێگایەم. دەیەها ئاوات و خۆزگەم بە تەلی تەنافی بیر کردنەوەمدا هەڵخستووە. هەندێجار هەست دەکەم هێند دوورم، دەگەمە ئەو بڕوایەی کە هەرگیز ناگەم. هەندێجاریش بە پێچەوانەوە هەست دەکەم چەند هەنگاوێکم ماوە بۆ کەناری دڵنیایی. هەنگاوەکانم قورسن. دەڵێی دوو تۆپەڵ ئاسنیان بە لاقەکانمدا بەستووە. هەرچەند بەسەر ئەم رچەدا تێپەڕ بوومبێتم، هەردەم چالاك بوومە. " هەرگیز وەك ئەمجارە نەبوومە". چاپوکیم مەلێکی بەرزە فڕ بووە، هەڵۆیەکی چاوەنترس بووە، شمشێرێکی دوودەم بووە، جەستەی ئەم مارە تۆپیوەی هەڵتلیشاندووە.

بەڵام نازانم بۆچی ئەمڕۆ، هەنگاوەکانم لە دووم نایەن. خۆم گورج دەکەمەوە. بە هەر نرخێك بێت دەبێ گلۆڵەی ئەم دەزووە ڕێگایە، هەڵبپێچمەوە.

***

هەرچەندە کە دەڕوانمە پەنجە قرتاوەکانم، کەشتی کۆمەڵە خەیاڵێکی نامۆ بە دەریای بیرکردنەوەمدا دەگوزەرێ. خەیاڵەکانم تاوی چۆنە دەرەوە دەدەن. بەڵام هەزارەها دەرگای ئاسنینی شەرموشوورەیی، ڕێگایان پێ دەبڕن. لە هەڵدێرێکی هەزار بە هەزاردا ئاودیویان دەکەن بەو دیو دا. دڵشادم بەوەی قەفەزی شوورەیی، ڕێگای مەلە سرکەکانی خەیاڵم نادات باڵەفڕە بکەن، ئەگیناگیانم بەر تیروتوانجی بێگانان دەکەوتو بێ توانابیم دەکەوتە سەربەرە. زمانی مێشکم تا تینم تێدا بوو هاواری کرد:

"دەبێ تۆڵەی پەنجەکانم لە دێوەکە بکەمەوە"

ئاوایی کەی ئەودیو چیایەکە، کیسەڵێکی تۆپیوە، هەزاران ساڵە لە هەمان جێگەدا چەقیوە. نە ڕەشەباو نەباو نە بۆرانو نە هەورە تریشقەکاریان تێ نەکردووە. هەتا هەتایی خۆی چەسپاندووە. بۆیە هەردەم جێی پشوودانم بووە. ئەمڕۆش بەرەو ئەوێ کەوتوومەتە ڕێ. چونکە پێش هەفتەیەك، نامەیەکم گەیشتە دەست، چەند رستەیەکی کورتی تێیا نووسرابوو. بە جۆرێك وشەکان هەڵزنابوونە سەر یەك، بەخەتەگرجو گاڵەکە گومانم لەوە نەماکە ئەو نووسیویەتی.

"تکایە رۆژی پێنج شەممە لە ماڵی حاجی‌خدر ئامادەبە. منو دایکت دێین بۆ دیدەنیت. خۆشەویستی هەتا هەتاییت ـگزنگ ـ".

دەمەوێت لەگەڵ خۆرئاوادا خۆم بکەم بە ئاواییدا. هێشتا ماوەیەکی زۆری ماوە. یەکێ لە نامەکۆنەکانی گزنگم دەرهێناو دەستم کرد بە خوێندنەوەی. "لەوانەیە سەدان جار خوێندبێتمەوە" هەرچەند هەستم کردبێت، گومان خەریکە ناخەوەم کرمی بکات، یەکێ لە نامەکانی ئەو، باشترین دەرمان بووەو گیانمی زیندوو کردۆتەوەو خستوومیەتیەوە سەر ڕێرەوی خۆم. نازانم ئەمجارەیان بۆ پێم نەخوێندرایەوە. هەر زوو لێی بێزار بوومو خستمەوە گیرفانم. وای بۆ چووم لەبەر ئەوەبێت کە پاش چەندانێکیتر خۆی دەبینم. بەردەوامم لەسەر رچەکەمو بەرم نەداوە. جاروبار مەلی خەیالم دەفڕێتەوە سەر پەنجە قرتاوەکانم. سەرنجێکی نامۆی دەستە راستی خۆمم دا. ئەمدیوو ئەو دیوم پێکرد. تەنها پەنجەکەڵەی پێوەماوە. پەنجەی تووتەو برای تووتەو زەڕنەقووتەو دۆشاو مژەم قرتاون. تەمێکی تەنکی ماتەمی باریە سەربیرکردنەوەم. هەرخۆم بە خۆمم وت:

ـ ئەوەی بیەوێت لە تەپڵی سەری زەویدا بژیت، دەبێ نەك هەر لە پەنجە، بگرە لە ژیانیش نەپەنگێتەوە.

ـ کەواتە،

ـ کەواتە دەبێ بەگژ دێوو درنجدا بچیت.

ـ پێویستە بایی ئەوەندە بەهێزبم کە بە پێوەگۆڕە شار بدرێم.

***

لە پێچی داهاتوودا ئاواییەکە سەرەتاتکێی لەگەڵمدا دەکرد. لەپاڵ گردەکەی ئەو بەرەوە، خۆی مەڵاس دابوو. چاوەڕێی شەوێکی مانگە شەوی هاوینەی دەکرد. ئەو ماوەیەی کە مابوو بۆ ئاوایی، خۆم وا راهێناکە دەستە قرتاوەکە لەگیرفانم دەرنەهێنم. کە بەکۆڵانەکانی ئاواییداگوزەریم، زیاتر لەیەك کەس فەرموویان لێم کردو منیش سوپاسیانم دەکرد. ملی ماڵی حاجیم نا. لە بەردەم دەرگا زلە دارینەکەی پێش قەنتەرەکە چەقیم. دەرگاکە لاونیو کرابووەو لە بەردەم دەرگای پشتێرەکەوە پوورە "فات"م بەدی کرد. بزە خەنەیەکی کردو وتی:

ـ رۆڵە پاڵە، وەرە ژوورەوە. وەستانی پێ ناوێت. ئەوە دایکتو...

ئیتر پێش ئەوەی ئەو قسەکەی تەواو بکات. هەڵمکوتا بۆ ژوورەوە.

"ئەگەر ئێستا دایکمو گزنگ بە مەسەلەی پەنجەکانم بزانن، دەبێ چەند ئازار بچێژن." حەمەی کوڕی حاجی خدر بەرەو رووم رایکردو هاواری کرد:

ـ ئەرەوەڵلا. ئەوە کاکەم پاڵە هات.

بە دەستە ساخەکەم باوەشم بۆ کردەوەو کردمە باوەشمو روومەتە چلماویەکەیم ماچ کردو لە دڵی خۆمدا وتم:

"مەزنترین سەرمایە، کە سروشت بە مرۆڤی بەخشی بێت منداڵە."

هەرچەند گزنگ پوورزاو مارەبڕی خۆم بوو. بەڵام ئەم گواستبوو. باوکیشی پێش چەندساڵێك ئەمری خوای کردو پێش مردنەکەی وەسیەتی کردبوو بیدەت بە من. لە ڕاستیدا خۆشەویستی منو ئەو لە قسەکەی باوکی کۆنتر بوو. هەر لە منداڵیەوە پێکەوە گەورە ببووین. لەبەر ئەوەش ڕەگی یەکتر ویستنمان لە قووڵی ناخی خۆماندا داکوتا بوو. پەنجە برینەوەکەم لەسەرەتادا، بە شتێکی کاتی دادەنا. وامدەزانی وەکوو نینۆك پاش چەند ساتێکیتر، دەڕوێتەوەو لە جارانیش بە هێزتر دەبێت. کەوتمە بەر شەپۆلی چاوەڕوانییەکی هێمنەوە. بەرە بەرە ئەم چاوەڕوانییەش بووبە ناسۆرێك، لە دەروونمداو شێوەی درەختێکی بەخۆیەوە گرتو ئەمیش پەرەی سەندو بووبە چیایەکی رقی پیرۆزو گری بەردە ئەستییەکی بە هێز، کە بتوانێت مەشخەڵێك هەڵبکات. ئا ئەوەتا پەنجەکانم قرتاونو دەستم کولە.

وەك لە پێشدا وتم. خۆم وا ڕاهێنا کە دەستم لە گیرفانم دەر نەهێنم. پاش سەڵاوکردن دانیشتمو حەمەم لەکۆشی خۆم دانا. چاوەکانی دایکمو گزنگ، چوارکانێ بوون. ڕچکەی چاوەڕوانییەکی قووڵیان بەستبوو. گومانیان لە ڕەنگی زەردو لێوی بەبارم کردبوو. کاکە ڕەشی کوڕی حاجیخدر ڕادیۆکەی هێناو لە بەردەمی مندا دایناو. بە دەستی چەپم ڕامکێشایە پێشترو دەستی ڕاستم لە گیرفانم دەرهێناو ویستم پێی بکەم. وەکوو کارەبایان نابێت بە دەستمەوە، خێرا ئاخنیمەوە گیرفانم. دایکمو گزنگ حەپەسان. سەری هەزار پرسیاری گوماناویو نامۆ، لە ناخیاندا سەری هەڵدەداو فرمێسك بە چاویاندا دەهاتە خوارەوە. گزنگ لێوی خۆی دەکرۆشتو چەند هێڵێکی گرژی ناسك کەوتبووە نێو چەوانی. بۆ هاندانیان حەمەم ماچ دەکردو گاڵتەم لەگەڵ دەکردو هەوڵم دەدا ڕوویەکی گاڵتە بەخشمە دانیشتنەکەمان. شەوکە فرسەتی بەیەکگەیشتنمان بۆ ڕەخسا، « لەوانەیە هەموویان وایان ڕەخساندبێت، تامنو گزنگ ئاوا بە تەنیا بمێنینەوە». بە ناسکیو بە بێشەرم، بۆ یەکەمجار ئەملاو ئەولامی ماچ کرد. زیاتر لەوە دەچوو، برایەکی بچووکی خۆی ماچ بکات. بە ئاسپایی وتی:

ـ گوێت لێ نەبێت. نامەوێ لەنێو خەڵکدا سەرنزم بیت. دەبێ تۆڵەی پەنجەکانت بکەیتەوە.

قسەکانی ئەو شەوەی مام سمکۆم بەبیر هاتەوە کە کاتێ دەستمیان تیمار دەکرد وتی:

« شێری بریندار، تۆڵەی خۆی دەکاتەوە».

ئەم هاندانە، خوێنی دەمارەکانی بیرکردنەوەم بوو. تیژ پێیا تێپەڕی. هەر لەو چرکانەدا بڕیارم دا، دەبێ ڕێگاکەم بەرنەدەمو پەیمانی دوو( دڵداری)ی قووڵم نوێ کردەوەو بەیانی مەلا بانگدان، ڕچە ڕێگاکەم گرتەوەبەر □

▣ ▣ ▣




ناوی پەرتووك: وڵامنامە

کۆکردنەوەی: س.م.ڕێبوار

چاپ: گزنگ، (لقی ئاوارەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان).

ناوەرۆك: دەقی ڕەخنەی سدیق بۆرەکەیی لە سەر هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژارو وڵامی نووسەرانیتر.

بایی: ٢٠٠ تومەن

ئەو هەڤاڵانەی پەراوی وڵامنامەیان گەرەکبێ، با نرخەکەی بنێرن تا بۆیان ڕەوانە بکرێت.

◯◯

# وێرانە وڵات

مقداد شاسواری

شەڵپە ئاوێکت بە دەم و چاوت داکردو سەرت هەڵبڕییە ئاسمان. لە دووای سێ ڕۆژ باران و بێبشی، هەور وردە وردە سینگی ئاسمانی بەرئەدا. کە پات نایە ژوورەوەو ئاوڕێکی خێرای سەرو سیمای خێزانەکەت دایەوە. درزو گۆڵیەکەی "بەیانی باشی" لەناو دەستدا خنکاند. وەکوو بومبێکی تەوقیتکراو، بچووکترین قسە لەوانەبوو لە ژوورەکەدا بیتەقێنێتەوە. تەنانەت وات بۆهات، گوێت لە چرکە چرکی سعاتی تەوقیتەکەشیتی.

"خەریکە ئەبوورێمەوە لەبرسان!. چۆن ئیشم بۆ ئەکرێ؟"

کە سۆباکەت بەکوژاوەیی دیت، لە چایەکەش نائومێد بووی. بێئەوەی سەیری "بەهار" بکەی پرسیت:

ـ شتێك هەیە بخۆم یان نە؟

هەستت کرد نیگای وەکوو کۆمەڵی مێروولە، بەسەر دەم و چاوتدا هەڵخزا. مووچڕکەیەکی ناخۆش، بەگیانتا هات:

ـ پرسیارێك لەمە بێمەعناترت نەدۆزیەوە؟!

مرۆڤ دەبێ لە بەرامبەر قسەی حەق ڕاوەستێ. ئەمە کۆنە دروشمەکەی خۆت بوو. بۆیە ورتەت لێوە نەهات. پانتۆڵە ڕو دڕاوەکەی ئیشت کردە پا. ماوەیەك بوو، هاتووچۆی هەناسەت و لێدانی دڵت، ئاسایی نەبوو. دڵت وەکوو لاستیقێکی لێهاتبوو، لێك ڕاکێشرابێ و گرێ درابێ. "بەهار" هەر لە سەر پێخەفەکەی، پشتی دابووە دیوار. ئەژنۆکانی لە ئامێز گرتبوو، نیگای لەسەر شوێنێکی نادیاردا چەقیبوو. چەند بەرامبەر خێزانت و هەردوو منداڵت هەستت بە خەتاباری ئەکرد.! گەلێجار لەگەڵ خۆتا ئەدوای:

"من لە ژیانمدا گەیشتمە کۆتایی خەت.! من مرۆڤێکی فاشلم لە ژیان."!

ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە وەکوو مێروولە کەوتبووە گیانت و دەمارەکانی لەشتی ئەقرتاند.

ـ بەهار، تۆ وای بۆ دەچی خەتای من بێ، وەزعەکە وای لێهات؟

زۆرت پێ خۆشبوو پێت بڵێ:

"نە ء.! خەتای هەردووکمان بوو.! یاخود خەتای چارەنووس بوو."

پێویستیت بە هاودەردی و دڵدانەوە هەبوو. بە لایەنی کەم لە خێزانتەوە. لە هاوبەشی ژیانتەوە. بەڵام ئەو دڵی پڕتر بوو لەم قسانە. بە رووتا تەقییەوە:

ـ ئەی خەتای کێ بوو کەریم؟! ئەگەر دەتەوێ دیسان مستێك فەلسەفەو بیروبۆچوونی پڕو پووچم بدەیتێ، من ئامادە نیم گوێت بۆ شلکەم. من زیاتر لە هەموو قسەیەك، لەگەڵ واقیعدا دەژیم. واقیعەکەش ئەمەیە، ئێمە ئێستا ناژیین.! بەڵکوو گاڵتە بە خۆمان ئەکەین و زۆر بە نەزانی، لاسایی ژیان ئەکەینەوە.

ئەو پەمەیە لەگوێت دەرکە.! ئەم قسانەش هیچ نەفامێك لێت ناکرێ. ئەگەر دەڵێی بۆگەیشتن بە ئامانج، پێویستە ماوەیەك وەکوو سەگ بژین، ئەو جۆرە ئامانجە پێشکەش بە خۆت بێ.! من نامەوێ...

ـ قەینا بەهار! من قبوولمە کە وا...

ـ دەبێ قبوولت بێ.! تۆ بە نەزانی خۆت خستە ناو ئەم گێژاوە. تۆ بوویتە هۆی دروست بوونی ئەم وەزعە.! ئەمە هەشت مانگی رەبەقە نانێکی خۆش لەگەروومان نەچۆتە خوارەوە. ئێمەت لەم کۆڵانە سەگە حەشار داوە، سێ جەمە ئەبێ فاتیحە لە سەر سفرەی بەتاڵ لێدەین...

ـ بەهار نەختێ بەزەییت هەبێ.! تۆ ئەبێ وەزعەکەم لەگەڵ تەحەممول کەیت.!گوایە هاوسەری ژیانمی...

هەموو ئەو پەیوەندیە خۆشەویستییەی لە نێوان تۆو بەهاردا هەبوو، لە پێش چاوانت، ئالقە ئالقە ئەپچڕاو ئەمەش زیاتر لە هەموو شتێك ئازارتی ئەدا. هیچ کاتێ وا بە دڵرەقی بەرامبەرت نەوەستابوو.

ـ جەنابت بێئەوەی هیچ بایەخێك بەرەئی منی هاوسەری ژیانت بدەیت، کۆمەڵێ قسەی یەکێ لە خۆت هەڵخەڵەتاوترت خستە ناو مێشکمو هەر خۆشت بڕیارتداو ئێستاش دەبێ خۆت بە تەنیایی بەرپرسی ئەم وەزعەبیت کەریم...

ویستت سەری پەتی وتووێژەکە زیاتر بەلای ئەودا بدەیت.

ـ قسەکانت ئەسەلمێنم بەهار. بەڵام تکایە بەم شێوەیە ئازارم مەدە. ئەمەش قۆناغێکە لە ژیانو پێیدا تێپەڕ ئەبین. تۆزێ دڵناسکتربە لەگەڵم. دڵنییابە چۆن تێکم داوە، ئاوەهاش چاکی ئەکەمەوە. منیش هەڵنەخەڵەتام، ناچار بووم. وەزعەکەی ئەوێ ناچاری کردم. ئازا ئەوکەسە بوو، زووتر بۆی دەرچێ.! هەمووی هەر خەریك راکردن نەبوو مەگەر؟ تۆ لە ژیانی خۆتو مناڵەکانت دڵنیا بوویت؟ دەکرا من دەستەو ئەژنۆ دانیشم هیچ هەوڵێك نەدەم؟ دەکرا بەهار؟ شارمان لێ نەکرابوو بە مەنجەنیقو دەبوایە تێیدا بسووتێین؟ ئاکۆش خوێندیە گوێم گوتی هەر ئەوەندەمان زەحمەتە، لە سنوور ئاودیو بین. لەوێ یەکسەر دەرئەچین بۆ خاریج.! من لەکوێ بزانم ئێرە لەوێ...

ـ لە چاڵ دەرچووین کەوتینە ناوبیر.! لەوێ هیچ نەبێ هێشتا بایی ئەوەندە مابوو، لە تەنگاوە یا خزمێك ئاوڕێکت لێ بداتەوە. ئێستا منداڵت لەخەو هەستن، شەهادەو فەلسەفەی جەنابت بکەمە دەمیانەوە.؟ تۆ ئەزانی نان نییە بیخۆین یەعنی چی کەریم؟. لەهەموو تەمەنی سیو چوار ساڵیتا، تووشی وەزعێکی ئاوەها تاڵو نالەبار نەهاتبووی.

بەهاریش بەم بەیانییە، سەری نابووە ناو جەرگتو بێبەزەیانە ئازارتی ئەدا.

ـ هەرچی ئاڵتوونم هەبوو، پێت فرۆشتم. گوایە ئەچینە بەهەشتێك، پێویستی بە هیچ جۆرە پارەو ئاڵتوونێك نییە.



خەونمان بە خەرمانی دۆلار ئەدیتو بە ژیانێکی ئەورووپی.! ئەمانەت لەناو گوێماندا دووبارە کردبۆوە، مناڵەکانیش خەونی خاریجی‌یان ئەدیت.! ئێستاش خەون بە سفرەیەك ئەبینین نانێكو قاپێك برنجی لەسەر بێ.

دا رزاین، ئەوەندەی کۆنە جلی کوژراوو مردوو سیلو سەرەتان گرتوو شێتو گەڕ، لە تەناکۆرەو لنگەفرۆش گوایە بە هەرزان بکڕینو بیکەینە بەر.! رۆژو شەو دەبێ دەستەو ئەژنۆ دانیشمو فرمێسك بڕێژمە سەر لاشەی مردووی چارەنووسی ڕەشم. منداڵم حەزرەتیانە توومەنێك بخەمە دەستیان، وەك مناڵی خەڵکی بچنە دووکان.

که «بەهار» دای لە پرمەی گریانێکی تاڵ، واتزانی هەر چوار دیواری ژوورەکە بۆت هاتن و سەقفەکە داڕمایە سەر سەرت.

ـ من ئیتر ناتوانم تەحەممول کەم کەریم... ناتوانم... ناتوانم... ئەگەر بۆ ئێمەتە، ئێمە خاریجمان ناوێ.! بمانبەرەوە وێرانە وڵاتەکەی خۆمان.! با هەرلەوێ بمرین. با بمانکوژن،! با ئاگرمان تێ بەردەن!، با بمرین لە برسان.! هەر هیچ نەبێ، دڵۆپێك فرمێسك ئەڕژێتە سەر گۆڕمان کەریم. خاریج کلاۆێکی بابردووە.! مەکەوە دووای کلاۆی بابردوو، جەنابی موهەندیس.!

گەیشتیە ناوکۆڵانەکەوگریانی سەرلێشێواوی و بێدەسەڵاتیت تەقیەوە. چەنێکت حەز لێبوو، پڕ بە هەموو دەنگت هاوارکەی و ئەم بایە ساردە هاوارەکەت لە هەموو دونیادا پەخش کاو بیگەیێنێتە ئاسمان.

« منی کورد روو لە کوێ بکەم ئەی هاوار ... پەنا بۆچ وڵاتێك کامە عاسمان و کامە قیبلە بەرم...»؟

بەڵام هاوارەکەت وەکو کۆنە دیوارێك، داتەپیە ناو دەروونی خۆتەوە.

*****

لەسەر تاشە بەردێك دانیشتی. بێزاری و شەکەتی لە سەروسیمات ئەباری. سەیرێکی حەشاماتەکەی دەوروبەری خۆشت کرد. ئەم بەرو ئەوبەری مەیدانە کە پڕ بوو لە هەڵخەڵەتاوانی وەك خۆت. چاویان بڕیبووە جادەکە، تا بێگانەیەك بێ، بگرێ بەدەستیان، هەتا هێوارە خوێن و ئارەقیان هەڵمژێ و چەند تومەنێك بخاتە ناو لەپی دەستیانەوە.!

« ئای چۆن نیکبەتێکین ئێمە.! وڵاتی خۆمان بە دەستی خۆمان وێران دەکەین و هەموو وزەو تواناشمان بۆ ئاوەدانکردنی وڵاتی بێگانە بە فیڕو ئەدەین.!»

ـ بەیانیت باش کاکەی موهەندیس...

سەرت هەڵبڕی. شێرکۆ بوو. دووەم ساڵی بوو لە کۆلێژی بازرگانی، کە لە ترسی گرتن و کوشتن، هەموو شتێکی جێ هێشت و رای کرد. هەمیشە دەیگوت:

« من خاك و نیشتمان و نەتەوەم کردە ناو تورەگەیەك و فڕێمدایە ناو بیرێکی قووڵ. هەموو شتێکیش قبووڵ دەکەم و تەحەممول دەکەم لە پێناو گەیشتنم بە خاریج.!»

بەڵام تۆ کە لە چاوەکانی رائەمای شتێکی ترت ئەدیت. لێیت ئەپرسی:

ـ ئەو قسە پڕو پووچانە لە دڵتەوە دەرئەچن شێرکۆ؟!

لە وڵام تەنیا سەیرێکتی ئەکردو بە بێدەنگی سەرێکی بائەدا.

ـ بەم بەیانییە دەڵێی لە ماڵەوە دەرکراوی، وا مات و مەلوول بە تەنهایی دانیشتووی.

ـ وازم لێ بێنە شێرکۆ...

ـ یەعنی نە کڕیاری نە فرۆشیار؟!

سەیرێکی جادەکەت کرد:

ـ ئەوە نییە خۆم ئەفرۆشم و کەس نییە بمکڕێ؟!

شێرکۆ هەوڵی دا باسەکە بگوازێتەوە لایەکی تر.

ـ بەڕاست کەریم! دوێنێ نامەیەکی شەماڵم بۆ هات لە ئوسترالیا نوسیبووی...

ـ بە قوربانی ئەو خوایەت بم شێرکۆ، هێشتا شەیتان دەوامی نەبۆتەوە، باسی ئوسترالیا موستڕالیام بۆ مەکەوە...

بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر درێژە پێدان:

ـ دەتۆ گوێ راگرە ئاخر ... نووسیبووی لەم زووانە کەفالەیەکت بۆ دەنێرم، دەرەجەیەك، گەڕانەوەی بۆ نییە...

ئەو بەردەوام بوو لەسەر باسەکەی و تۆ گوێت شل کرد بۆ دەنگە دەنگە تێکەڵاوەکەی دەوروبەرت:

ـ بەیانیت باش کاك فەتاح...

ـ نۆکەرتم حەمەگیان... ئەوە کووجا وا بە خێرایی؟...

ـ کەفالەکەت چی بەسەر هات سەعە؟...

ـ بە ڕێگاوەیە.

ـ نەکەوێتە ناو دەریا، ماسییەك پێی بچێتە خاریج...

ـ ماسییەکانی ناو دەریا کورد نین لە وڵاتەکەی خۆیان بێزار بن...

ـ دەنگوباس چییە عەلە سیاسی؟

ـ فلیمی «براکەت بکوژە تا زینو بمێنیت» هێشتا وا ئیش ئەکا نوورەگیان...

هەڵئەستیتەوە. وا ئەزانی قورسایی دونیا، لەبان سەرتە. دڵت تێك ئەچێ.

- ئەوە بۆ کوێ کەریم، واقسەت بۆ ئەکەم.!
لە قەراخ جادەکە وەستایت. تفێکت هەڵاوێشت، بایەکە هەمووی پرواژاندەوە سەرو چاوی خۆت. ترومبێلێك بە پێشتدا تێپەڕ بوو. وەك خۆتان ژنو مێردێكو دوو منداڵ، بەڵام بە پێچەوانەی خۆتان پۆشتەو گەشو تێر...
پەیکانێك راوەستا. لە چاو تروکاندنێکدا لەناو حەشاماتی کرێکاردا ونبوو. کە رۆیی، نوورەو عەلە سیاسیت لەناو بەرچاو کەوت. ترومبێلێکی دیکە خێرا بە پێشتدا رەتبوو. هەندێ قوڕو چڵکاوی پرژاندە گیانت.
کابرایەکت دی ورگنو قەڵەو، بە زەحمەت هەنگاوی ئەناو لە هەورازی مەیدانەکە سەرکەوتو پێش ئەوەی بگاتە لای تۆ دەوری دراو هەر کەسەو لە راستە خۆیدا دەمی پرسیاری تێ کرد:
- ئاغا کارگەرت ئەوێ؟
- کارەکەت چییە؟
- بزانە چەند نەفەری دەوێ سەعە؟
- ئاغا چەند رۆژ کارت هەیە؟
- چی؟ چوار سەد تومان ئەدا ؟!کەس نابێ لە هەزار تومەن کەمتر لەگەڵی بچێ.
- دەڵێ ئیشەکەی کەمە.
- درۆ ئەکا ئەم ورگ زلە...
- هەر چڕوچاوی لە مرۆڤێکی باش ناکا.
- جا حەمە، تۆ چڕوچاوی ئەکری یان ئیشی بۆدەکەی .؟!
کابرا ماوەیەك راوەستا، کەسی لەگەڵ نەڕۆیی. لێژایی جادەکەی گرتە بەرو دوور کەوتەوە.
قسەکانی بەهار وەك چەکوشێك کەوتە بان مێشکت.
« ئەزانی نان نییە بیخۆین یەعنی چی کەریم ؟!»
بە ئەسپایی، وەك کەس هەستت پێ نەکا، مەیدانت جێ هێشت. لە کۆڵانێکا کابرات گرت:
- ئاغا... ئاغا... من... من میام!..
بە تورکی ورتەیەکی لێوەهات، هیچی لێ حاڵی نەبووی. کە کردیە فارسی، ئەوەندەی لێ تێگەیشتی، چوار سەد تومەن زیاتر نادا.
- قەینا ئاغا... کارت چییە؟
گوتی ئەگەر ئیش بکەی، لە دوو سەعات زیاتر ناخایەنێ.!
بەدەم رۆیشتنەوە، لێکت دایەوە:
- دوو کیلۆ پەتاتە، ئەکاتە دوو سەدو شەست تومەن. یەك کیلۆ پیازیش، ئەمە سێ سەد. بایی سەد تومەنیش نان... رازی بووی.
ئاورێکی دوواوەت دایەوە. لەوەیا کەنرخی یاسایی مەیدانت شکاند بوو، هەستت بە تاوانباری دەکرد:
« رووی ناچاری رەش بێ، چوارسەد تومەنەکەی پارەیە).
زگت ئاهەنگی برسێتی لێ ئەداو بیرت لەوە دەکردەوە ئیشەکەی دەبێ قورس نەبێ ؟
« لەگەڵ برسییەکانی ئەفریقا جیاوازیمان چیە؟!»
کابرا لای دایە ناو کۆڵانەیەکی تەسك. تۆش هەزرو بیرە پەشۆکاوو بێ سەرو بنەکانت لەگەڵ خۆت رادەکێشاو پێ بەپێی کابرا دەچووی.
« هێوارە نامەیەکیتر بۆ سەلاح بنووسم، بزانە ئەو درۆیەی لە گەڵی کردمکەی بەجێی دەگەیەنێو کەفالەکەم بۆ دەکا.! بەڵام پارەی پۆست لەکوێ بێنم. حەقە پیاز نەکرم، یان لەباتی دوو کیلۆ پەتاتە یەك کیلۆ ... نا، بەشمان ناکا».
« ئیشێکی باش بکەم، دەبێ کابرا سەد تومەنێکم زیاتر نەداتێ؟».
« ئێستا چیمەنو حەوێز لەخەو هەستاونو بە بێدەنگی سەیری گریانی دایکیان دەکەن... ئاخ لە دەورانت فەلەك ... منیش ئەگەر وڵاتی خۆم دەبوو ؟!..
ئاورێکی کابرات دایەوە. چاوت چەقییە سەر تەسبێحە سەدویەك دانەکەی دەستی. دانە دانە بەری ئەدایەوەو لێوی لەگەڵ ئەجوولا. ورگی وەك مەشکەیەکی پڕ لە ئاو، شۆڕ بوبۆوە سەر هەر دوو ڕانی.! دوگمەی کراسی، لە راست ناوکەی کەوتبوو.
« رەنگە سێ جەمە عەلەشیشو شتی وا بخوا...»
بە ئەسپایی نیگات هەڵکشایە سەر دەمو چاوی. لە پڕ، وات بۆهات پێ بەپێی عەلە شیشێکی زەبەلاح ئەڕۆی. بە قورتە قورت خەریکی تەسبێحاتە. پێکەنینێك لە ناختەوە هەڵقوولا. بەڵام پێش ئەوەی بگاتە سەر لێوانت مرد.
«پێی بڵێم ژنو منداڵم برسییانە، دەبێ بەزەیی یەکی ... لە

خۆت تووڕە بووی: نە ء ... شتی وا چوٚن ئەکەم ؟...»
دڵت بەخۆت سووتا. کابرا لە پێش دەرگایەك ڕاوەستا، تۆش لەگەڵ ئەو ڕاوەستای. لە زەنگی دا. ئافرەتێکی لە عەبا ئاڵاو دەرگای کردەوە.

کە پات نایە حەوشەوە، دوو منداڵت دی هاوتەمەنی چیمەن و حەوێز، لەوبەر حەوزەکە خەریکی وازی کردن بوون و قاقای شادی و پێکەنینیان حەوشەکەی پڕ کردبوو. کابرا کۆنە تەنەکەیەکی بەتاڵی دایە دەست و پێشت کەوت.

وەکوو دیلێك، بەبێ دەنگی، وەدووای کابرادا ڕۆیشتی و ناوە وەناوە سەیرێکی تەنەکەکەی دەستت ئەکرد. بۆنێکی توندو ناخۆش شاڵاوی هێنایە ناو مێشك و هەموو دەروونت.! لە جێگای خۆتدا حەپەسای. دەمارەکانی سەرت دایان لە فرکەو دڵت تێکچوو. واقت وڕمابوو. سەیرێکی ئاودەستە پڕ بووەکەت کردو سەیرێکی تری کابرات کرد هێشتا تەسبێحەکەی بەدەستەوە بوو ورتەی لێوی ئەهات. پەنجەکانت سست بوون و لە دەنگی زرمەیا زانیت تەنەکەکەی دەستت کەوتە عەردەوە. گریان هەتا ناوەڕاستی قورگت هات و چەقی. هەستێکی گەرم وەکوو بڵێسەی ئاگر، لە ناو هەموو دەمارەکانی جەستەت، گڕی گرت و هاتە ناو مێشکی سەرت پەنگی دایەوە.

«ئەزانی نان نیە بیخۆین یەعنی چی کەریم ؟.»

هەستت کرد لە کونی لووت و هەر دوو چاوت، گڕی ئاگر دەرئەچێ. پەنجە لاوازو لەرزۆکەکانی خۆت بینی، یەخەی کابرایان گرتبوو. پڕ بە دەنگت ئەگریای و هاوارت ئەکرد:

ـ من موهەندیسم نەفام ... ئەزانی ئەڵێم چی، یان نا... من لە کاولبووەکەی خۆم، موهەندیس بووم. من ئەو کەسە نیم ئاودەستی ئاژەڵێکی وەك تۆ، خاوێن کەمەوە... تێگەیشتی ... من...من...

ئەژنۆکانت سست بوون و چەمانەوە. داڕمای. وەك دار گوێزێك ڕەگ و ڕیشەیان قرتاندبێ، بێهێزو تێکشکاو کەوتیتە بەرپێی کابرا. ئەویش وەکوو پەیکەرێك لە گەچ دروست کرابێ، بێجووڵە، وەستا بوو سەیرتی ئەکرد. لێوەکانت ئەلەرزین و لەگەڵ خۆتا وڕێنەت ئەکرد:

ـ من...من، موهەندیسێکی کوردم ئاغا... لێم حاڵی ئەبی ؟ من موهەندیسێکی کوردی وێرانە وڵاتم ئاغا... وێرانە وڵات...□

• • •



ئیحسان ساڵح مەحموود لە کەرەج پۆلی دووی سەرەتایی بە ناوەندنومرەی ٢٠ قبووڵ بووە.



هەوار عەبدوڵڵا ئەحمەد لە کەرەج پۆلی دووی سەرەتایی بە ناوەندنومرەی ١٩/٢٥ قبووڵ بووە.



هەلات فەزلەددین ئەحمەد لە کەرەج پۆلی یەکەمی سەرەتایی بە ناوەندنومرەی ٢٠ قبووڵ بووە.



سیپەل یاسین ئیسلام لە مارچین لە پۆلی دووی سەرەتایی بە ناوەندنومرەی ١٩/٧١ قبووڵ بووە.

# وڵامی نامەی خوێنەران.

خوینەرانی هیژا دەتوانن نووسراوە کانیان لە ریگەی ریکخراوەکانمان یا خود بە نیشانی پوستی بومان رەوانە بکەنو دلنیابن، ئیمە بە باشی نامە کانتان دەخوینینەوەو کەلکیان لی وەردەگرین. ئاشکرایە بە سوود وەرگرتن لە رەخنەو پیشنیارەکانی ئیوەی خوشەویست، ئیمە دەتوانین بەرهەمیکی شیاوو بە کەلک بدەینە دەست خوینەرانمان. بویەش هەرکات چاوەروانی رینوینی ئیوەی ئازیزین.

گزنگ

◆خوێنەری هێژا کاك نووری رەشید بێشوونی لە ئۆردووگای زێوە:

نامە کەت گەیشت. نووسیوتە:"وەکوو قوتابی زانکۆ پێشنیار دەکەم... لە هەفتە یەك یا دوو قوتابی زانکۆ بانگ بکەنە بارەگاتانو چاوپێکەوتنیان لەگەڵابکەن...).

کاکە گیان. پێشنیارەکەت زۆر جوانە. ئێمە هەفتەکە هیچ بە مانگەو جارێك رازین. بەڵام بڕوات بێ، ئەوە ماوەیەکی زۆرە هەرچی خۆمان بە قوربانی ئەم بەڕێزانە دەکەینو داوایان لێ دەکەین کە ئەی دکتۆرو پرۆفیسۆرو ئەندازیارو داهاتوو سازانی گەلەکەمان، دە وەرن بڕێکیش بیر لەم خەڵکە هەژارە بکەنەوەو لە خزمەت کردنا هاوکاریمان بکەن، کورد گۆتەنی: ئێمە سوارو ئەوان پەیا، دیسان دەرەقەتیان نەهاتووین. هەڵبەت جگە لەیەك دوو هەڤاڵ کە لەو ژمارەیە بەرهەمیان چاپ کراوە. جا کاکی برا، با ئەوە لە ئەستۆی جەنابت بێ، لەم قوتابییە بەڕێزانە بپرسی کە ئەرێ بە تەمای چین؟ دەیانەوێ چی بکەن؟! ئەگەر شتێکت دەستکەوت (هەڵبەت جگە لە هەندێ دروشمی بێکردەوە) تۆ خوا ئێمەش ئاگادار بکەوە. سەرکەوتوو بیت.

◆رێزدار رەشید حوسێن بەرواری، لباژێرێ ئارانا کاشان:

کە کێ خۆشتڤی، کاغەزاتە گەهشتە دەستێن مە. سپاسیا ئەڤ زەحمەتکێشانا تە دکەینو ژ خودایێ مەزن داخاز دکەین، تو ئۆ بنەماڵا تە، هەرساخو سەلامەت بن. مە ژبیر نەکە.

◆کاك شەفیق گۆهەرزی لە توربەتی جام:

نامە کەت گەیشت. بەداخەوە شێعرەکەت بۆ چاپ پەسەند نەکرا. چاوەڕوانی بەرهەمی تری تۆ خوێنەری ئازیزین.

◆هەڤاڵ سالّح ئاڤسارکی ژباژێرێ ئەلوەند:

بەرهەمێ تە گەهشت دەستێن مە. لێ مخابن گەلەك پەیڤێن بیانی ئۆ بلی کوردی، تێدا بوون. لەوما مە نەشیا بوەشینن. هیڤیدارین نهۆ پێڤەگۆتارێن باشتر بۆمە ڤرێ کەی.

◆هەڤاڵ سامان ئەمیر خۆشناو، لە قەزوین:

پارچە شێعرەکەت گەیشت. هەوڵ بدە زیاتر بەرهەمی شاعێران متاڵا بکەی. بەڵکوو لە داهاتوو شێعری رێکوپێکترمان بۆ رەوانە بکەی. ئەوەش بزانە کە مەرج نییە هەر شێعر بنووسی. بەڵکوو وتارو پەخشان هەیە کە رەنگە زۆر لە هۆنراوە باشترو جوانتر بتوانی بنووسی. خۆت تاقی بکەرەوە، دڵنیابە زەرەر ناکەی. سەرکەوتوو بیت.

◆هەڤاڵان بیکەس مزووریو محەممەد رەسوول لە شاری مەشهەد:

نامە کانتان گەیشتن. هیوادارین لەوە بە دووا بەرهەمی بەپێزو چاکمان بۆ رەوانەبکەن. هیوادارین ئێوە هێژایان هەروا

هاوکارمان بن و یارمەتیمان بدەن. هەر سەلامەت بن.

◆ هەڤاڵ گولی زەرد لە خورەمدەرە:

بەرهەمەکەت گەیشت. دەستخۆش. باسێکی چاکە. چاوەڕوانین بەرهەمی وا چاك بەکوردی بۆمان رەوانە بکەی تا ئێمەش چاپی بکەین. هەر سەرکەوتوو بیت.

◆ هەڤاڵان کیوی مەلۆ، فورسەت محەممەد عەبدوڵڵا، رەسوول مەعرووف، لە خورەمدەرە:

بەرهەمەکانتانمان خوێندەوە. سپاسی هەستی کوردانەتان دەکەین و هیوادارین هەروا بەردەوام هاوکاریمان بکەن.

◆ نامەی ئەم خوشك و برایانەش گەیشتە دەستمان:

خالید عەبدورەحمان . ف لە پیرانشار/ حوسێن . م، لە تەکاب/ عەزیزوڵڵا. پ . ش، لە ئەسفەهان/ ف . نەجەفی، لە مهاباد/ پ . داوەری، لە پیرانشار/ رێبین لە سەقز/ ج . قوربانی لە ئەسفەهان/ ئەبووبەکر . ج، لە شنۆ/ گوڵاڵە . و، لە مەریوان/ ح . مرادیان، لە خوراسان/ ف . دەیهیم، لە مەریوان/ ع . ئەحمەدی، لە کامیاران/ ك . کەریمی، لە بانە/ ح . ئەمجەدی، لە سنە/ خدر حەسەن، لە سەردەشت/ جەعفەر خدر، لە مەهاباد/ م . شەریعەتی، لە سەقز/ ع . مورادی، لە کرماشان/ ف . محەممەدی، لە رەوانسەر/ ب . رەحیمی، لە سەقز/ س . سەمەدی، لە مهاباد/ ئ. کەریمزادە، لە بۆکان/ ف . حەکیمزادە، لە مهاباد/.

سپاسی هەموو ئەو خوێنەرە بەڕێزانە دەکەین و هیوادارین هەر سەرکەوتوو بن.□

# هەواڵ و چالاکی

ئەم کۆمەڵە هەواڵەی خوارەوە، لە لایەن هەواڵنێرانی گۆڤارەکەمان، بۆمان رەوانەکراوە کە ئێمەش وێڕای سپاس لەم هەڤاڵانەمان لێرە بڵاویان دەکەینەوە:

## ئەسفەهان:

هەواڵنێرمان لە ئەسفەهان رایگەیاند: رێکخراوی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان لەم سنوورە هەستا بە رێکخستنی بەرنامەیەك بۆ خەڵاتکردنی قوتابیانی زیرەکی ئاوارە لە شاری ئەسفەهان و لە کۆڕێکی جەماوەری رێکوپێکدا بە ئامادەبوونی دایبابانی قوتابیان ١٥ کەس لە قوتابیان خەڵات کران. بە پێی هەواڵ جەماوەری ئاوارەمان زۆر باش پێشوازییان لەم کارەی رێکخراوی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان کردووەو ئێمەش لێرە دەستخۆشیان پێ دەڵێین و هیوادارین هەڤاڵانمان هەروا بەردەوام بن لە نواندنی چالاکی جۆراوجۆرو شۆڕشگێڕانە. هەر سەرکەوتوو بن.

## کاشان:

هەواڵنێرمان لە کاشان رایگەیاند:

لە رێکەوتی ١٩٩٥/١١/٣٠ رێکخراوی یەکێتی لاوان لەو باژێڕە هاوپشك لەگەڵ، رێکخراوی پارتی کۆڕێکی ماتەمین یان بە بۆنەی حەفتەمین رۆژی کۆچی دووایی هاوسەری مامۆستای شۆڕشگێڕان ئیدریسی هەمیشە زیندوو دایکی هەڤاڵی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە مزگەوتی شارۆچکەی راوەند رێکخست کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی پەنابەر بەشداری بوون.

لەم کۆڕە ماتەمینە هەڤاڵان محەممەد سەلیم مەحموود بە نوێنەرایەتی رێکخراوی پارتی و ئینزار عەلیخان بە نوێنەرایەتی رێکخراوی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان، وتاری شیاوو رێکوپێکیان پێشکەشی ئامادە بووان کرد.

## وەرامین:

بە گوێرەی هەواڵی هەواڵنێری گزنگ لە وەرامین، رێکخراوی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان لەم باژێرە پێشبرکێیەکی گۆلی گچکەی بۆ لاوانی سنووری وەرامین بەرێوە برد کە چوار تیپ بەشدارییان تێدا کردو تیپی لاوانی ئاوارەی (ب) پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

ئافەرین بۆ لاوانی ئاوارە لە وەرامین و سەرکەوتنیان ئاواتمانە.

## مەشهەد:

دوو لاوی ئاوارە لە مەشهەد پلەی بەرچاویان لە پێشبرکێ یەکانی کاراتەی شاری فەریمان وەدەست هێنا.


بسمه تعالی
اداره تربیت بدنی شهرستان فریمان
هیئت کاراته شهرستان فریمان
حکم قهرمانی
برادر ارجمند: آقای مصطفی کوردستانی
بپاس تشکر از جانبازی که در مسابقات
شرکت نموده و مقام اول در رشته
در وزن ۴۵ - کیلوگرم را کسب نموده اید.
این حکم بعنوان یادبود شما اهدا میگردد

بە گوێرەی هەواڵی هەواڵنێری گزنگ، هەڤاڵ یووسف کوردستانی لە کێشی ٣٠ کیلۆ گرەم و لکی کۆمیتە، پلەی دووەم و هەڤاڵ مستەفا کوردستانی، لە کێشی ٤٥ کیلۆ گرەم پلەی یەکەمیان وەرگرت و لە لایەن دایێرەی (تربیت بدنی) شاری فەریمان، حوکمی رەسمییان پێ بەخشرا.

ئێمەش لە گۆڤاری گزنگ سەرکەوتن و لەشساخی بۆ ئەم دوو لاوە خوێنگەرمە لە خوا بە ئاوات دەخوازین.

## سمنان:

هەواڵنێرمان لە سمنان رایگەیاند: رێکخراوی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە سمنان، پێشبرکێیەکی (والیبال) کە سێ تیپی مەتین، برایەتی، گارە، بەشداری بوون و لە ئاکامدا تیپی مەتین پلەی یەکەمی وەدەست هێناو لە لایەن رێکخراوی لاوان خەڵات کران. شایانی باسە هەڤاڵ محەممەد شوکری بەرپرسی لێژنەی ناوچەی پارتی لە سمنان بەشداری رێورەسمی کۆتایی خولەکەی کرد کە بووە هۆی دڵخۆشی بەشدار بووان.

ئێمەش سپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەڤاڵ محەممەد شوکری و رێکخراوی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە سمنان دەکەین. هەر بژین و سەرکەوتوو بن.

## تاران:

خۆشکێکی ئاوارە لە تاران، پشتێنی رەشی کاراتەی وەرگرت.

هەواڵنێرمان لە تاران رایگەیاند، ئەم خۆشکە کە ئەندامی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانە، لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٥/ەو ناوی **ڤیان مەحموود یووسفە**. بە گوێرەی هەواڵ ناو براو دیپلۆمی وەرگرتووەو دەیەوی لە داهاتووش هەر درێژە بە وەرزشەکەی بدات.

ئێمەش هیواداریـن ئەم خۆشکە لە ژیانی خۆی هەر سەرکەوتوو و بەختەوەر بێت.


بنام خدا
گواهینامه




# بـۆ زارۆکـا

## حـاتـەم

حاتەم پیاوێکی دەوڵەمەندو زۆر باش بوو. بەڵام سوڵتانی (مالایا) رقی لێ هەڵدەستا.

ڕۆژێك دۆستێکی حاتەم وتی:

ـ ئێمە دەبێ لەگەڵ سوڵتان شەڕ بکەین.

بەڵام حاتەم وتی:

ـ نـە، مـن دەڕۆمو لە لایـەك خـۆم دەشـارمەوە. پـاش ماوەیەك سوڵتان دەزانێ کە من هیچ خراپەیەکم نەبووەو دۆستی ئەو بووم.

دووای ئەوە حاتەم بۆ لایەك ڕۆییشت و کەس نەیدەزانی ئەو لەکوێ خۆی شاردۆتەوە.

سوڵتان کوتی:

ـ من پێنسەد سکەی زێڕ دەدەمە ئەو کەسەی شوێنی خۆ شاردنەوەی حاتەمم پێ بڵێ.

پیاوانی سوڵتان بانگەوازەکەیان لە سەر کاغەز نووسیو لە دیوارەکانی شار هەڵیانواسی. بەڵام کەس حاتەمی نەدۆزیەوەو کەس نەیدەزانی لەکوێیە.

**



ئیبراهیم پیاوێکی زۆر هـەژار بـوو. ئەو لە خـانوویەکـی تـەنگو بـچکۆلانە لە دارستان دەژیـا. زۆر کاری دەکردو لە ژیانی خۆی رازی بوو. بەڵام ژنەکەی رازی نەبوو. ژنەکە دەیـوت:

ـ ئەو خانووەمان زۆر گچکەیە. جلو بەرگی من باش نین. باخ هەمووی سێبەرەو هیچی لێ شین نابێت.

ڕۆژێك ئیبراهیمو ژنەکەی چوو بوون بۆ کارکردن لە ناو دارستانو چوون بۆ سەر گردێکی بچووك. هەردووکیان گەییشتنە سەر گردەکەو لەوێ دانیشتن. ژنـی ئیبراهیم کوتی:

ـ من زۆر خەفەتبارم. مناڵەکانمان خواردنی باشیان نییە. خانووەکەمان زۆر تەنگە. ئەگەر ئێمە هەندێك پارەمان هەبوایە، مەزرایێکی گەورەمان دەکڕی. بۆ خـواردنـی خۆمان شتـی جـۆراو جـۆرمان دەچـاند. خـانوویەکـی گـەورەمان دەبـوو.




هەمووومان بەختەوەر دەبووین. ئەگەر تۆ حەتەمت دیتباوە، سولتان پێنسەد سکەی زێری دەدایێو پاشان تۆ مەزرایێکی بەرفراوانو خانووەکی گەورەت دەکڕیو هەمووومان بەختەوەر دەبووین. ئیبراهیم وتی:

ـ ئەو قسانە مەکە.!

حاتەم خۆی لە ئەشکەوتێکی نزیکی ئەو شوێنە شاردبۆوە. ئەو گوێی لە ئیبراهیمو ژنەکەی بوو. بە خۆی کوت:

ـ ئافرەتێکی هەژار! پێنسەد سکەی زێڕ زۆر کەیفخۆشیان دەکات. من پیاوێکی پیرمو ئومێدم بە ژیانێکی درێژ نییە.

دووای ئەوە لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرو بە ئیبراهیمی کوت:

ـ من حاتەمم. بمدەرە دەستی سولتانو ئەو پێنسەد سکەی زێڕت دەداتێو تۆو ژنەکەت بەختەوەر دەبن.

ئیبراهیم کوتی:

ـ نە! نە! سولتان دەتکوژێ. تۆ پیاوێکی چاکی. من پارەم ناوێ.

**



چەند پیاوێك بۆ سەر گردەکە هاتن. ئەوان ئیبراهیمو ژنەکەیان لەگەڵ پیاوێکی ترا دیت. نزیکتر بوون. یەکێ لە پیاوەکان ناوی عەبدول بوو. عەبدول کوتی:

ـ ئەو پیاوە حاتەمە. سوڵتان پێنسەد سکەی زێڕ دەداتە ئەو کەسەی کە بیداتە دەست. من حاتەم دەدەمە دەست سوڵتان.

پیاوەکەیتر، رەحمەت کوتی:

ـ نە! من بووم کە یەکەمجار دیتم.

ئەحمەد کوتی:

ـ ئێوە نەتان دەزانی ئەو لێرەیە.

قاسم کوتی:

ـ من هەر لە دوور دوور ئەوم ناسی. بەڵام هیچم نەکوت چونکە پێم وابوو کە ئێوە نەتانزانیوە. بۆ من وەك ئێوە پارە وەرنەگرم؟

سێ پیاوەکە حاتەمیان بردە لای سوڵتان. ئیبراهیمو ژنەکەی لەگەڵیان رۆییشتن. ئەوان دەیانویست یارمەتی حاتەم بدەن. بەڵام نەیان دەزانی چۆن ئەوکارە بکەن.

سوڵتان کوتی:

ـ ها! حاتەم! کام یەك لەو پیاوانە تۆیان پەیاکرد؟

ئەحمەد کوتی:

ـ من پەیام کرد.

رەحمەت کوتی:

ـ تۆ سەرەتا قسەت کرد. بەڵام من بووم کە یەکەمجار دیتم.

قاسم کوتی:

ـ نە، ئێوە نەبوون. من لە دوورەوە ئەوم دی. من بەر لە ئێوە ئەوم دیت.

ئیبراهیم راوێستا بوو. خەمبارانە سەیری حاتەمی دەکردو بیری لێ دەکردەوە کە چۆن دەتوانێ یارمەتی بدات. دووای ئەوە سوڵتان لە حاتەمی پرسی:

ـ من دەبێ پێنسەد سکەی زێڕ بدەمە کام یەك لەو سێ پیاوە؟ کامە تۆیان دۆزیەوە؟ حاتەم وتی:

ـ جەنابی سوڵتان، هیچ یەك لەو سێ پیاوە منیان پەیا

نه کردووه. ئەو پیاوه هەژاره منی پەیا کرد. پارەکە بدە بە ئەو.

سوڵتان کوتی:

- وەره پێشەوه. ناوت چییه؟

- جەنابی سوڵتان ناوم ئیبراهیمه.

- تۆ حەتەمت پەیا کرد؟

- نه، نه جەنابی سوڵتان.

- تۆ نەتدۆزیەوه؟! ئەی کێ دۆزییەوه؟

- جەنابی سوڵتان، کەس حاتەمی پەیا نەکردووه. ئەوقسەکانی خێزانی منی بیست کە دەیکوت: ئێمە زۆر هەژارین. ئێمە بێ پارەین. ئەگەر پێنسەد سکەی زێڕمان هەبوایە چەند بەختەوەر دەبووین! پاشان ئەو لەو ئەشکەوتەی خۆی تێیا شاردبۆوه، هاته دەرو کوتی من بدەنه دەست سوڵتان‌و ئەو پێنسەد سکەی زێڕتان دەداتێ. بەڵام من ئەو کارەم نەکرد. سوڵتان تەماشای حاتەمی کردو کوتی:

- ئایا خۆت بە کوشتن دەدا بۆ ئەوەی ئەو پیاوه هەژارەو ژنەکەی بەختەوەر بن؟ حاتەم کوتی:



- من پیرم‌و ماوەیەکی درێژ ناژیم. ئەوانه گەنجن‌و ساڵ گەلی زۆری پڕ لە خۆشییان لە پێشه.

ئەوجا سوڵتان پێحەساکە حاتەم پیاوەکی باشەوکوتی:

- حاتەم، وەره ئێرەو لە تەنیشت من دانیشه. تۆ دەتوانی یارمەتیم بدەی کە سوڵتانێکی باش بم.



پاشان بە خزمەتکاری خۆی کوت:

- سەدو شێست‌و شەش قەمچی له ئەحمەدو، له رەحمەت‌و قاسم هەریەك سەدو شێست‌و حەوت قەمچی بدات‌و به ئیبراهیمی کوت:

- پێنسەد سکەی زێڕ وەرگرن‌و کەیفخۆش بن □

وەرگێڕاو لە: Tales from the Est نووسینی K.J.Fielding و B.M.Parker.

## تۆپی جوان

ئەی تۆپی جوان‌و رەنگینم
هۆی دڵخۆشی‌و پێکەنینم
تۆپڵەوخڕی زۆرئازیزی
له منداڵی تەمەڵ زیزی
تۆ راکە منیش له دووت دێم
هەتاکوو دەتگرم بە پێم
ئەی تۆپەکەم ئاگادار به
له کاتی یاری وشیار به
شووشەی پەنجەران نەشکێنی
دڵی خەڵك نەرەنجێنی
نەچییه ناو شەقام‌و جاده
خۆت لەو جێگایانه لاده
رێگەی ماشێنن ئەوانه
شوێنی یاری نین بزانه
هەر کارێك شوێنی خۆی هەیه
یاریگە شوێنی گەمەیه

□ □ □

ریوار

# یەکێتیو مافی مرۆڤ ... کوجا مەڕحەبا!

چارچەل

لە ڕێکــەوتی ١٠/١٢/ ١٩٩٥ بــەڕێز جــەلال تــاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کــوردستان، بـە بـۆنەی ساڵوەگەڕی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، لە وتـارێکدا دەری بڕی، کە ساڵی ١٩٩٦ لە کوردستان لە لایەن یەکێتی نیشتمانی ساڵی ڕێز لێنان لە مافی مرۆڤەو دەسپێکی شەڕێکی قورسی لە دژی پێشێلکاری مافی مرۆڤ ڕاگەیاند!

هەروەها سکرتێری گشتی یـەکـێتی نـیشتمانی سـەرنجی کاربەدەستانی حزبەکەی ڕاکێشا، کە چیتر پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە لایـەن ئـەوانـەوە، قـبوولْ نـاکـاو لەوە بـەدووا پێخوستکەرانی مافی مرۆڤ سزا ئەدات.!

هەرچەندە وتەکانی بەڕێز جەلال تاڵەبانی ( ئەگەر تـەنیا لە رووی ڕاگەیاندنەوە سەیری بکرێ )، زۆر جـوانو ڕێکـو پێکن بەڵام پێمخۆشە هەندێ تێبینییان لە سەر بنووسم کـە هیوادارم خوێنەرانی هێژا بێلایەنانە هەڵیان سەنگێنن و بیری لێ بکەنەوە:

١ ـ کورد گۆتەنی ( بە کوێریان کوت چیت لە خـوا دەوێ ؟ کوتی دوو چاوی ساخ ). ئێمەش لە خوامانە ئەم وتانەی بەڕێز تاڵەبانی، تەنیا دروشمێکی بریقەدار نەبێو بە کردەوە کاری پێ بکرێو کوێربێ ئەوەی نەیەوێ یەکێتی نیشتمانیو سکرتێرەکەی ڕێز لە مـافی مـرۆڤ بگـرنو لەلای ئـەوان فەرقێك بۆ مرۆڤو ئاژەڵ دابندرێو گیانی ئادەمیزادێك بە دینار مەزندە نەکرێ. خۆ ئەگەر یەکێتی بەڕاستی بڕیاربدات دەست لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەڵگرێ، ئەوە بە لایەنی کم نیوەی گـیروگرفتەکـانی کـۆمەڵگای کـوردەواریـمان چارەسەر دەبێو ئەوەش سەرکەوتنێکی زۆر مەزنەو هەموو کوردێك خۆشحاڵ دەکات.

٢ ـ بە داخەوە دووای ڕاپەرینە مـەزنەکـەی سـاڵی ١٩٩١ ـ باسی ساڵەکانی بەر لە ڕاپەرین ناکەین ـ یەکێتی نیشتمانی سـەرەڕای ئـەوەی هـەموو ڕۆژێ لە دامـودەزگاکـانی ڕاگەیاندنی خۆی، دروشمی خەبات بـۆ پـاراسـتنی مـافی مـرۆڤی داوە، بـەڵام دیســان هـەزاران کـردەوەی دژی مرۆڤایەتی یان لە دەست قەوماوە کە ئەگەر ژماربەند بکرێ ڕەنگە دووهەندی دروشمە بریقەدارەکانیان بێ. خۆ ئەگەر بەڕێز جەلال تاڵەبانیش (بەهۆی بەتەمەندا چوون ) تـووشی نەخۆشی فەرامۆشکاری هاتبێ،

( کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ) قەت کـارەساتی وەکـو وەبەر گوللە دانی جەماوەری بێ چەكو بێتاوان لە سلێمانیو تیرۆرکردنی کـەسایەتی نـاودار لە هـەولێرو تـەقاندنەوەی ماشێنی (T.N.T) ڕێژکراو لە بادینانو هاوینەهەواری پـیرمامو هەتك کردنی ئافرەتە خێرخوازەکانی بێگانەو کوشتنی خەڵك بەبێ دادگاو بە کۆمەڵ کوشتنی محمد حەللاقو هاورێیانیو سەرکوتکردنی بزووتنەوەی جـووتیارانو بـەزۆر سـەرانـە سەندنو بارەگـای ڕێکـخراوە جـەماوەرییەکـان تـاڵانو خــاپووکردنو دەیــانو ســەدان کــردەوەی تـری دژی مرۆڤایەتیان بە لایەنی کم بەم زووانە لەبیر ناچێتەوە.

دیــارە سکــرتێری گشــتی یــەکـێتی نـیشتمانی کـە بـە کاربەدەستانی حزبەکەی دەڵێ ئیتر پـێشێل کـردنی مـافی مرۆڤیان لێ قبووڵ ناکات چـاك دەزانـێ کـە تـائێستا ئـەم کاربەدەستانە گەلێ جار ئەم مافەیان پـێخوست کـردووەو گوایە تازە بەڕێزیان ئیتر ڕێگەیان لێ دەگـرێو ئـەگـەر ئەوانیش لە قسەی دەربچنو درێژە بە کردەوەکانیان بدەن، ئەوجا بەڕێز تاڵەبانی بە توندی سزایان ئەدات.!

خۆ ئەوە ڕاستە کە زەرەر ئەگەر لە نیوەشا بگەڕێتەوە هـەر قازانجە. بەڵام پێم وایە ئێمەش وەکوو کوردێك ئەم مافەمان

هەبێ لە بەڕێز تاڵەبانی بپرسین، باشە ئەو هەموو پێشێل کارییە لە لایەن کاربەدەستانو چەکدارانی یەکێتی بۆ کرا ؟ ئەگەر وڵام ئەوەیە کە بەڕێز تاڵەبانی ئاگاداری ئەم کردەوانە نەبووەو هەندێ کەس لەناو یەکێتی سەربەخۆ ئەم کارانەیان ئەنجام داوە، دەبێ بڵێین تەنانەت لە ناو بنەماڵەیەکیش ئەگەر خەتایەك روویدات ئەوە گەورەو سەرپەرشتی بنەماڵە کە پێی مەسوول دەبێ، ئەوجا حزب هەر لە جێی خۆی.

بە لایەنی کەم من کە ئەم پرسیارە دەکەم، ناتوانم بە خۆمی بقەبوولێنم کە لە ناو حزبێك کە دروشمی مۆدێرنایەتی دەداو دەڵێ پێشکەوتووترین حزبی کوردستانە، تا ئەو رادەیە پاشاگەردانی هەبێ.! بەڵام ئەگەر بشی سەلمێنم، ناچارم ئەو راستییە بکەمە بەڵگە کە سەرکردایەتی ئەم حزبە توانایی بەڕێوەبردنی خەڵکەکەی خۆی نییەو ناتوانێ کۆنترۆلیان کاتو هەموو دروشمە بریقەدارەکانیشی تەنیا دەهۆڵێکن کە دەنگی لە دوورەوە خۆشە. دیارە ئەگەر جگە لەوە بێ، ئەوە پێشاندەری راستییەکی تری تاڵترەو ئەویش ئاگادار بوونی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بە تایبەت رێزدار جەلال تاڵەبانی، لە بەڕێوە چوونی گشت ئەم تاوانانەیەو دیسان بەداخەوە هەموو بەڵگەو نیشانەکانیش هەر ئەم راستییە دەسەلمێنن. چونکە ئەگەر وا نەبێ، ئەی بۆ سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی تا ئێستا، هیچ یەك لەو تاوانبارانەی سزا نەداوە ؟ ئەگەر ناتوانێ، دیارە سکرتێر نییەو دەسەڵاتی ئەویش لە دەستی هەندێکی ترەو ئەگەر دەشتوانێو روخسەت دەدا تاوانباران بە دڵی خۆیانو سەربەستانە بگەڕێنو بسوورێن، ئەوە دیارە سەری گوریسەکە هەر لەبن رانی بەڕێزیەتیو ئەو هەموو هەراو هۆریایەش، بۆ گەرم کردنی بازاڕی شانۆگەریەکی ترە کە تەنیا خواو بەڕێز تاڵەبانی دەزانن کە کێ سناریۆکەی نووسیوەو قرارە لەکام شوێنی کوردستان بەڕێوە بچێ.!

٣ ـ ئێستا لە جیهانی سیاسەتدا باوە، کە سیاسەتوانێك لە بۆنەو یادێکی تایبەتی بابەتێك بکاتە تەوەرەی وتەکانیو لە سەری بڕواو قسەی لە سەر بکا، دیارە مەبەستێکی تایبەتی هەیەو بە دووای ئامانجێك دەگەڕێ.

ئاشکرایە بەڕێز تاڵەبانیش کە سکرتێری حزبێکی کوردستانییەو هێندە ساڵە ئەوەندە ئەم لێوارو ئەملێواری کردووە کە مەلەوانێکی چاکی لێ دروست بووە، ئەم شتە باش دەزانێو ویستوویەتی بەم قسانە ئامانجێکی تایبەتی بپێکێ. بەڵام کامە ئامانج ئەوە جێگەی باسە ؟

بە بڕوای من ئەم وتانەی بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تەنیا بە دوو رێگەوە دەتوانرێ سەرف بکرێ. یەکەم: مەسرووفاتی ناوخۆ.

رەنگە یەکێتی نیشتمانی بیەوێ بۆ راکێشانی هزرو هەستی جەماوەر لەم دروشمە بریقەدارەش کەڵك وەربگرێو لەوە بەدوواش دەست لە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بەم شێوەیەی تا ئێستا لەبەر چاوی خەڵك دەیکرد، هەڵگرێ. واتە تیرۆرو رەشەکوژیو تاڵانو دزی، هەر بەردەوام بێ. بەڵام بەناوی خەڵکانێکیتر. رەنگبێ لەوە بەدووا عەمیدی زانکۆیەکان بە رۆژی رووناك، لە ناو شار گوللەباران نەکرێن، بەڵکوو بە شەو بڕفێندرێنو بێسەرو شوێن بکرێنو (بە خەیاڵی ئەوانە) کەسیش نەزانێ کێ کردی.!

ئاشکرایە کە ئەم چەشنە سەرف کردنەوەی وتەکانی بەڕێز تاڵەبانی، هیچ سوودێکی نابێو تەنیا هەوڵێکی بێ دەرەنجامە کە جگە لە شەرمەزاری، هیچی تری بە دوودا نییە. چونکە خەڵکی کوردستان ئێستا هەموو حزبەکانو سەرکردەکانیان دەناسنو چاك شارەزای کردەوەو هەڵسووکەوتیانن و کوردستانی ئازاد کراویش هێندە گەورە نییە کە بتواندرێ تاوانی وای تێیا ئەنجام بدرێو بشاردرێتەوە. خەڵکی کوردستانیش لەم چەند ساڵەی دووایی هێندە دروشمی رەنگاورەنگو بەڵێنی جۆراوجۆریان لە کاربەدەستە حزبییەکان (لە سەرووی هەموویانەوە بەڕێز جەلال تاڵەبانی) بیستووە کە ئیتر ئامادە نین لەو برسایەتیە فلسێکیش بەم چەشنە دروشمە بێکردەوانە بدەن.

دووەم: مەسرووفاتی دەرەوە.

یەکێکیتر لەو رێگایانەی رەنگە یەکێتی نیشتمانی، وتەکانی سکرتێرەکەی لێ بفرۆشێ، دەرەوەی وڵاتە. واتە مەبەستی ئەوەبێ، پێشانی جیهانی دەرەوە بدات کە یەکێتی نیشتمانیو خودی بەڕێز جەلال تاڵەبانی، چەندە خەمخۆری

مرۆڤ و مافه کانی مرۆڤن و چەند تامەزرۆی سەقامگیربوونی ئەم یاسایانەن.! بە بڕوای من ئەم ڕێگایەش بێسوودەو ئەگەر مەبەستی یەکێتیو سکرتێرەکەی ئەوەبێ، ناوی گەلی کورد لە جیهان بە چاکی بەرز بکەنەوە، ئەوە ڕێگەی بەکەڵکتر لە بەرزکردنەوەی دروشمی بریقەدارو بێکردەوە هەیە کە بۆ پێکانی ئەو ئامانجە بەکارترو لەبار ترە.

بەڕێز تاڵەبانی چاك دەزانێ کە جیهانی دەرەوە بە تایبەت ئەورووپیو ئەمەریکی یەکان، زۆر لەوە زیرەکترن کە وا بە ئاسانی تەفرە بدرێن. چونکە ئەگەر وا نەبوایە، ئێستا حاڵو ڕۆژی کابرایەکی وەکوو سەددامو دەیان کەسیتری وەکوو ئەو زۆر لەوە خۆشتر دەبوو.

ئەگەر بەڕێز تاڵەبانی دەیەوێ پێشکەوتوویی و مۆدێرنایەتی خۆیو حزبەکەی پێشان بدات با بفەرموێ هێندە لە قەولو قەرارەکانی کە هەر لەگەڵ ئەو حکوومەتە دەرەوانە دەدا، پاشگەز نەبێتەوەو هەر ڕۆژ بەزمێك ساز نەکاو لەم لك بۆ ئەو لك نەفڕێو سەر بۆ ڕاستیو مەنتیقو یاساو بڕیاری گەل، دانەوێنێ. ئەوکاتە ئیتر خۆبەخۆ مافی مرۆڤیش پێشیل ناکرێو گەلی کوردیشمان تووشی ئەو هێندە چارەڕەشیو نەهامەتیە نابنو ناوبانگیشمان بە خراپە ناچێ.

بە هەر حاڵ، هیوارارین بەڕێز جەلال تاڵەبانی بە لایەنی کەم ئەمجارە، سوور بێ لە سەر وتەکانیو لەوە بە دووا هەموومان شاهدی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لەکوردستان بین. چونکە ئیتر خەڵکی کوردستان بە تەواوی لە دەست مەسوولە حزبەکانو بەڵێن شکاندنەکانیان، بەتەنگ هاتوونو جیهانی دەرەوەش زۆر چاك بەم فرتو فێڵانە حەساوەو ساڵی ١٩٩٦/یش نزیکەو بەزوویی ڕاستی بۆ هەمووان ئاشکرا دەبێو ئا ئەوکاتەیە کە بۆ زۆر لەو خەڵکانە ـ بەتایبەت ئەوانەی درۆیان لەگەڵ گەل کردبێ ـ کونەمشك دەبنە قەیسەری. □

■ ■ ■




آزاد هەژار

# دل ژمن بر دل ژمن

مەلایێ جزیری

شـــۆخو شـــەنگێ زوهـــرە رەنگـــێ دل ژمـــن بـــر دل ژمـــن
ئـــاورێن هـــەیبەت پـــلنگێ دل ژمـــن بـــر دل ژمـــن
وێ شـەپالێ مسكـی خـالێ، دێـم دورێ گـەردەن شـەمالێ
جـــەبهەتا بسكـــان ســـەمالێ، دل ژمـــن بـــر دل ژمـــن
زولف‌و خـــالان نـــوون‌و دالان، وان ژمـــن دل بـــر بـتالان
گـــۆشەیێ قـــەوسێ هـــلالان، دل ژمـــن بـــر دل ژمـن
دێـــم نـــەدیرێ بـــۆ عـــەبیرێ، خـــەمری‌و گـیسوو حـــەریرێ
ســـینەكـــر ئـــامانجێ تـــیرێ، دل ژمـــن بـــر دل ژمـن
ســـورِ شـــرینێ نـــازەنینێ، كـــوشتم‌و نـــاكت یـــەقینێ
وێ بـــــچەنگالا ئـــــەڤینێ، دل ژمـــن بـــر دل ژمـــن
قـــەتل‌و تـــابان دا غـــورابـــان، ئـــەبلەق‌و جـــوهتێ شـــەبابان
دامـــە بـــەر پـــەنجەو كـــولابان، دل ژمـــن بـــر دل ژمـن
خـــۆش خـــەرامـــێ ئـــەز غـــولامێ، نـــازكێ شـــیرین كـــەلامێ،
تـــووتیا ئـــەیوان مـــەقامێ، دل ژمـــن بـــر دل ژمـــن
مـــاهی رۆیـــێ مسكـــی بـــۆیێ، ســـورِ پـــلنگێ شـیری خـــۆیێ
وێ بـــزولفا شـــوبهی گـــۆیی، دل ژمـــن بـــر دل ژمـن
هەردو وەشمان نازو خەشمان، كـێ ژبـەر وان عـەقل‌و هش مـان
ســـاعەتا مـــن دی بـــچەشمان، دل ژمـــن بـــر دل ژمـن
مـــــاهتابێ ئـــــافتابێ، دێـــم ژ رۆژو شـــەب نـــقابێ
خـــۆش بـــچەنگال‌و كـــولابێ، دل ژمـــن بـــر دل ژمـن
ســـەروێ نـــازێ ســـەرفەرازێ، شـــوبهێ ژێ رەمـــزا مـــەجازێ
دامـــە بـــە چـــاكـــوچ‌و گـــازێ، دل ژمـــن بـــر دل ژمـن
بـــەژن‌و بـــالا تـــوخ‌و عـــالا، مـــن كـــرن ڤـێكرا مـــتالا
چـــیچەكـــا تـــەرحـــێنی والا، دل ژمـــن بـــر دل ژمـن
مـــیرێ غـــازی شـــیرێ تـــازی، ڤـێكران مـــن‌دی بـبازی
كـــر ل م ژغـــەفلەتڤە گـــازی، دل ژمـــن بـــر دل ژمـن
شـیرو خشـتن زولف‌و قشـتن، هـن ڤـەشارن هـن ڤـەهشتن
پـــەهلەوانـــان دەست ڤـــەمشتن، دل ژمـــن بـــر دل ژمـن
روهـــنیا چـــەهڤێن (مـــەلایی)، ئـــەو تـــەجەللایا تـــە دایـــی
یـــا ژ (ئـــەحمەد) دل رەڤـــایی، دل ژمـــن بـــر دل ژمـن

# هۆنراوە

## * رویبــار

هۆ رویبارێ هیڤیو ئومێدا ڤی گەلی
دەمو گاڤا یێ بپەلی
مینا ئاگرێ گەش و هەلی...
رویبارێ باش...
ئاوازێدتە ناچن بەلاش...
یێ بتە دگەرێین زۆر ئاش...
بەلێ پا ئەم هیڤیدارین
لسەروکانیا تو ژێ تێی
هەتا دگەیە ڕێژگەهێ
ئاوازێد تە لدویف ئێك بن
ئۆ پێلێد تە ڕێك و پێك بن...
چونكی تنێ ئەو ئاوازن
بۆ چەوساوا، هیڤی خازن
ئەو ئاوازن
بنە هەگەرا ڤێ چەندێ
کو خەمو ژان...ئێش و کۆڤان
دناث وارێ دلێ مەدا
بارکەن و خاترا بخازن...
ئەو ئاوازن
لاندکێد ساڤا
یێد دویرکەفتی ژ داو باڤا
لشەڤێد تاری تاریدا
خەڤێ بتنێ تیننە چاڤا...
ئەو ئاوازن
دهژینن چیاو کەڤرا
دپەقینن زکێد عەڤرا
دا بهارە کا دی بزێت
ئۆ ڕۆژە کا گەشتربهێت...
هۆ رویبارۆ...

رەفیق مستەفا/ ١٩٩٠

## * مێژوو

ئاگام لێیە
هەرچی شەوە
ئەستێرەیەك
نوقورچکێك لە پێستی تاریکی ئەگرێ،
جا ئەوسا ڕۆژ ئەبێتەوە!!

**

بێتۆ مە ـ رگ
هاوارێکە بەژن هەڵچوو،
منیش ئەبمە
گوێچکەیەکی هەرزن هەڵگر!
لەگەل تۆدا
مەرگ ئەمرێو
منیش ئەبمە
شاعیرێکی هەرگیز نەمر!!

"هەژان بابامیری"

# هۆنراوە

## * دێـین

دێین
ڕێزەکانمان پتەون
ئاڵاکەمان خوێناوییە
ئاوازەکەمان بەرزە
چەکەکانمان پڕن
دێین
بە ماچێك
بۆ برینە قوولەکانت و
خەنجەرێك
بۆ سنگی دوژمن
زۆر چاوەڕوان نابیت
(کووبا)ی بریندار
دێین
پەرژینی بێستانەکانت
بە گوڵاڵە برازێنەوە
لە دەڵاقەکانت
گوڵی ڕەنگاورەنگی جەژن
هەڵواسە
لە گەڵ
ئایەتێك بۆ ڕزگاریت و
بزەیەك بۆ
بەیانیت
بەڕێوەین
دێین

هۆنراوەیەکی جەماوەری کووبا
وەرگێڕانی: ئیبراهیم ئیسماعیل

## * مـــەکـــەن

ناوی پێشمەرگە زۆر بەرزە
نزمی مەکەن
دەستی پێشمەرگە خاوێنە
دە خوێنی ئاڵی براکەیا
وەڕ مەدەن
دڵی پێشمەرگە پڕ هەستە
لە ڕق و کینەی پڕ مەکەن
سەری بنەماڵەی بەرزە
ئێوەو خوا
ئێوەو خوێنی شەهیدانمان
بەم شەڕە براکوژییە
هەتکی مەکەن
دەنا ئەگەر ئەم تاوانە
لە لاپەرەکانی مێژوو
بە ناوی ئێوەی سەرکردە تۆمارکرا
لۆمە لەکەسیتر مەکەن

***

## * فـــڕین

مەڵێك فڕی و
لەلام وابوو ئەم فڕینە
بەڵگەی هەبوونی ئازادی
لەم شوێنەیە
کەچی پاشان
دەنگی تفەنگ
بۆی سەلماندم
ئەم فڕینە
تەنیا بۆ تاقی کردنەوەی
چەکێکی دژی فڕینە!

ڕێبوار/ ١٩٩٥

# دیمانه

١٩٩٥/١٠/١١



**■ بەڕێزبرووسکەنووری شاوەیس، سەرەتا بەخێرهاتنتان دەکەین بۆ لقی ئاوارەو پێمان خۆشبوو کە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گزنگ لە هۆو مەبەستی سەرەدانی وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران باس بکەن:**

□ پێشەکی سوپاستان ئەکەم. سوپاسی لقی ئاوارەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ئەکەم بۆ ئەم فرسەتە کە بتوانین بۆبرادەران بۆ لاوان، بەتایبەتی لاوانی ئاوارە لە کۆماری ئیسلامی ئێران، چەند زانیارییەك، ئەوەی لەلای ئێمەیە یاخود ئەو دەنگوباسانەی کە هەن، ئەو بیرو بۆچوونانەی کە لە لای ئێمەیە، پێتان رابگەیێنین لە رێگەی گۆڤارە خۆشەویستەکەتان.

لە ئەساسا، سەرەدانی ئێمە بۆ ئێران، لە جوملەی ئەو هەوڵو تەقەللایانەیە، کە ئەدرێت، چ هەوڵو تەقەللای دەوروبەرو دراوسێیەکانو دۆستانی میللەتەکەمان، بۆ مەسەلەی بەرپاکردنی ئاشتییەکی سەراسەریو لابردنی بارودۆخی شەڕ لە کوردستانا. کەگەورەترین زەرەری بە میللەتەکەمان گەیاند لەم ماوەیەدا.

ئاشکرایە لە لای زۆربەی برادەران کە کۆششێکی زۆر کرا، ئێمە بەهاری پار لێرەبووین. کۆتایی مانگی سێ، پاشان مانگی چوار، پاشان مانگی حەوت، بۆ هەوڵو تەقەللادان کە بگەینە چارەسەرییەك، رێگەیەکی ئاشتی .ئەوەبوو، بە راستی مەوقفی برادەرانی یەکێتی نیشتمانی هەرسێ جارەکە، کە جەنابی کاك مەسعود لە مانگی سێ کەئێمە هاتینە ئێرە، یەك لایەنە لە سەر داواکاری حزبەکانی بەرەی کوردستانیو حزبە کوردستانی یەکانی تر لە کوردستانی عێراق دوو هەفتە ئاگربەسی درێژ کردەوە. پاشان لە سەر داواکاری کۆماری ئیسلامی ئێران مانگێك درێژی کردەوە. بەڵام لە هەموو کاتێکدا بەداخەوە برادەرانی یەکێتی ئاگربەسیان ئەشکاندو هێرشیان دەست پێئەکرد. تا ئاخیرەکەی ئەوەبوو لە مانگی حەوتا، هەردوو لامان بڕیاری ئەوەماندا ( سێی حەوت بوو یان چواری حەوت بوو) کە ئاگربەس بە ماوەی مانگێکیتر درێژ بکەینەوە. ئەوەبوو لە٧/٨دا هێرشی برادەرانی یەکێتی دەستی پێکرد بە هەدەفی ئەوەی ئێمە لە زێ بکەن بەو دیوا.

لە مێحوەرەکانی کەپکی حەمەداغاو دۆڵی بالیسانو چیای زەردەکانو زیارەتو کەسنەزانو

هەموو جێیەکانیتر.

بە تەئکید هەڵوێستی پارتی هەر ئاشتی بووە، چ لە ناوەوەی کوردستان کە حزبەکانی کوردستان هەولیان دابێ، یا دۆستان یان کەسایەتی کوردی، ئێمە بۆچوونمان هەر بۆچوونی ئاشتییانە بووە یا خود دەرو دراوسێ یەکان ئێران بوو بێت، تورکیا بووبێت، هەر چلایەك کە هەوڵێکی ئاشتییانەی دابێ، تەنانەت ئەمریکاش کە لە سەر داواکاری ئەو برادەرانمان چوونە ( درۆگیدا)و بۆ (دوبلن).

لە درۆگیدا چەند ئیتتفاقێکی مەبدەئی کرا. برادەرانی یەکێتی ئیمزایان کرد ئێمەش ئیمزامان کرد. بەلام لە دەوری دووەمی دوبلن برادەرانی یەکێتی پاشگەز بوونەوەو باسی ناکەین بۆ پاشگەز بوونەوە. بەلام ئاشکرایە پاشگەزبوونە کە لە بارودۆخێکا بوو کە بە راستی شەڕێکیتر بە سەر پارتی دیموکراتی کوردستانا سەپێنرا. ئەویش شەڕی (P.K.K) بوو. کە بەبێ موبەرر بەبێ هیچ هۆیەك، بەقەرارێکی یەکلایەنەی غەڵەت و سەر شێوێنەر لە گەلی کورد، هێرش کرایە سەر مەقەڕاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەزگا حکوومی یەکانی دەوروبەری پارێزگای دهۆك. رەنگە برادەرانی یەکێتی ئەو هەلەیان قۆستبێتەوە، تەسەورێکیان هەبوو بێت کە وا(P.K.K) شەڕ ئەکا لەگەڵ پارتی و شەڕێك ئەکا پارتی تێ ئەشکێنێ و فرسەتێك ئاسان ئەکا بۆ ئەوان ئەگەر شەڕ هەڵگیرسێتەوە ئەو ئەهدافانەی کە هەیانبوو بە خەیاڵی

■ لە درۆگیدا چەند ئیتتفاقێکی مەبدەئی کرا. برادەرانی یەکێتی ئیمزایان کرد ئێمەش ئیمزامان کرد. بەلام لە دەوری دووەمی دوبلن برادەرانی یەکێتی پاشگەز بوونەوە.

خۆیان کە ئێمە ئاوەدیوی زێ بکەن، یاخود لەوێش شەڕمان پێ هەڵگیرسێنن. چونکە ئێمە ئاگادارین کە هەندێ کەوادریان، هەندێ کەسانیان، تەوجیهێکی کەوادرو قەواعدی خۆیان کردووە کە ئەمە شەڕی سەراسەرییە، لە زاخۆ تا خانەقین، بۆ لەناو بردنی پارتی. بەلام ئەلحەمدولیللا بە قۆڵوبازووی پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی و جەماوەری گەلەکەمان بە تایبەتی جەماوەری دەوروبەری بادینان کە ئیسباتی ئەوەیان کرد پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی مێژوویی یە، رەگوریشەی لەناو میللەتا هەیە، لەناو خاکی کوردستانا هەیە، بە ئەفکارێکی سەرلێ شێواوو هەڵەشەیی لە کوردستانی عێراقا هەوڵبدا لەناوی بەرێ، خەیاڵی خاوەو ئێمە پێی ئەڵێین خەونی حوشتر، کە نایەتە دی...

مومکینە لەگەڵ پارتی و سەرکردایەتی پارتی کە سەرکردایەتیەکی هاوچەرخەو زمانی وتوویژ ئەزانێ، بە وتوویژو موناقشەو بە گفتوگۆ زۆر دەسکەوت دەستبکەوێ. بەلام کەبوو بە شەڕو شت سەپاندن بە سەریا، ئەوە مەحاڵە نە حزبەکان و نە دەوڵەتانیش، ئەتوانن بە سەر پارتی یا بسەپێنن.

ئاشکراشە لای هەمووان ئەوەی موعاملەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاناکردبێ، ئەویش ئەیزانێ...

...ئێمە لێرە تەئکید ئەکەینەوە وەکوو پارتی، ئەو وتوویژانەی درۆگیداو ئەوانی دوبلنیش یەك زەڕە شتێکیتر باسنەکراوە جگە لە رێککەوتنی نێوان دوو حزب. چونکە ئەسڵەن مەجالمان نەبووە. ئەوە ئێمە دە رۆژە لە ئێرانین، هیچ شتێکی ترمان باس نەکردووە جگە لە گیروگرفتی نێوان دوو حزب، بۆ حەلکردنی مەسەلەکان.

نازانم ئەو قیامەتەی دەوڵەتانی دەوروبەرمان بۆ روویدا. شەڕ ئەکەین پێمان ئەڵێن شەڕکردن خراپە. ئاشت ئەبینەوە، ئەڵێن ئاشتبوونەوە خراپە! ئەی چی بکەین؟! ئێمە نازانین چی بکەین. با رێگا چارەیەکمان بۆ دابنێن ئەم دەوڵەتانەی دەوروبەر. ئێمەش بابزانین بە دڵمانە یا بە دڵمان نییە. راستییەکان لە خۆیان و لە ئێمە شا ئەشارنەوە. ئێمە نەچووینەتە دوبلن بۆ ئەوەی موئامرە نە دژی ئێران و نە

دژی سووریاو نە دژی تورکیاو نە

**■ دەوڵەتێك بێت ئاسایشی من تەهدید بکا، وڵلا تا پێم بکرێ ئاسایشی تەهدید ئەکەم. بەڵام ئەو ئاسایشی من بپارێزێ، من تا پێم بکرێ ئاسایشی ئەپارێزم. ئەمە راستییەکە ئەبێ ئەم دەوڵەتانە بزانن.**

دژی کەس بکەین. چووینەتە دوبلن بۆ ئەوەی شەڕ لە کوردستانا نەمێنێ. ئاشتی بێ، گەلەکەمان بحەوێتەوە، شەرعییەت بگەڕێتەوە بۆ حکوومەتی هەرێمو پەرلەمانەکەی دەسبەکار بێو ئیدارات ئیش بکا. ئێستاش نەهاتووین بۆ ئێران بۆ ئەوەی دژی تورکیاو دژی سووریاو دژی ئامریکاو دژی یەکێکیتر ئیش بکەین. هاتووین بۆ ئێران بۆ ئەوەی ئێمەو یەکێتی دانیشین، ئاشتی بکەین، ئاشتی بەرپا بێت لە کوردستانا. ئەوەی خۆی بە دوژمنی بەرپابوونی ئاشتی بزانێ لە کوردستانا، وابزانم دوژمنی کوردیشە. کەسێك حەز بە شەڕ بکا لە کوردستانا ئەبێ دوژمنی گەلی کوردبێ. ئەمە راستییەکە ئەبێ ئەم دەوڵەتانە بیزانن. کە ئێمەش روونی ئەکەینەوە لە هەموو جێگەیەکو لە هەموو لا باسی ئەکەین. بۆ ئێمە لە پێش هەموو شتێکا مەسلەحەتی گەلەکەمان، ئەوسا مەسلەحەتی خەڵکیتر. راستە هەقی ئەم دەوڵەتانە یە ئێمە کارێکی وا نەکەین، ئەمنی ئەم دەوڵەتانە بکەوێتە مەترسییەوەو ئێمەش کاری وامان نەکردووە. بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر حەریسە لە عیلاقاتیا لەگەڵ



دەوڵەتەکانی دراوسێ. بەڵام عیلاقات یەك لایەنە نییە، دوو لایەنەیە. دەوڵەتێك بێت ئاسایشی من تەهدید بکا، وڵلا تا پێم بکرێ ئاسایشی تەهدید ئەکەم. بەڵام ئەو ئاسایشی من بپارێزێ من تا پێم بکرێ ئاسایشی ئەپارێزم. ئەمە راستییەکە ئەبێ ئەم دەوڵەتانە بزانن. لەم وتووێژانەی ئەم دووایییە لە ئێران کەکراوە، بە رەئی من ئەمە تەواو کەرەوەی ئەو هەموو هەوڵو کۆششانەیەکە رەنگە بڵێم لە سەرەتای شەڕ هەڵگیرساندنا، دەستی پێکرد. چ کۆششەکانی حزبەکانی کوردستانی ناوەوە، چ کۆششی دەوڵەتەکانی جیهانی دەرەوە، ئەوە ئەمریکایە، بەریتانیایە، فەرەنسایە، هەر چلایەك بێت ئەو رێکەوتنەی پاریس کەکرا لە ساڵی پار، ئەمانە هەمووی کۆششێکن بۆ ئەوەی ئاشتی بەرقەرار بێ لەکوردستانا. ئەم کۆششانە هەمووی جێگەی سپاسن. هەرچی لایەنێك دەستی خێری نابێو هەوڵێکی دابێ، ئێمە سپاسیان ئەکەینو ئەمە بە دۆستایەتی ئەزانین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا، خۆتان ئاگادارن

ئەمە ١٧تا١٨ مانگە، ئێمە لە شەڕداین. برینەکان زۆر قووڵ بوون. مەشاکیلەکان گەورە بوون.

برادەرانی یەکێتی دەهۆڵو زوڕنای گومرگ لێ ئەدەن کە شەڕ لە سەرگومرگە. باشە ئەوە ئێمە گریمان مانگی ١٢ شەڕ لەسەر گومرگ بوو، ئەی مانگی (٥)ی پار. خۆ گومرگی ئیبراهیم خەلیلو هەموو جێگەکان تەسلیمی خەزێنەی مەرکەزی لە هەولێر ئەکرا کە ١٦ ملیۆن دۆلاری تێدا بوو. بێجگە لە چەند ملیۆنێ دینار کە یەکێتی پاشان بردی. تا وەکوو چواری مانگ پارەی هەموو گومرگی ئیبراهیم خەلیل بە نووسراوی رەسمی چووە بۆ خەزێنەی مەرکەزی لەهەولێر.

بە قەناعەتی من برادەرانی یەکێتی هیچ شتێکیان نییە، عوزرێکیان نییە بۆ ئەم شەڕەیان، مەجبوورن مەسەلەی برایمم خەلیل بێننە پێشەوە.

کە ئێمە باسی هەولێر ئەکەین ئەڵێین گرنگە، چونکە هەولێر فەرقی هەیە لەگەڵ دهۆکو فەرقی هەیە لەگەڵ سلێمانیش. بە قەراری خۆمان هەولێرمان کردووە بە ناوەندی پەرلەمان، هەولێرمان کردووە بە پایتەختی هەرێمی کوردستان. تەرەفێك بێت پایتەخت داگیر بکات، شەرعییەت داگیر بکات، واتە ئینقلابی کردووە. ئیتر بە هەموو مەفهوومێکی سیاسی، عەسکەری، کومەڵایەتی، چۆنی باس ئەکەی ئینقلابی کردووە.

بۆ ئەوەی ئاشتی ببێ، ئەبێ لە پێش هەموو شتێکا مەزاهیری ئەو ئینقلابە نەمێنێ، کە ئەویش داگیرکردنی پێتەختە. پێتەخت ئازاد بێت بۆ هەموو کەسێك، بۆ هەموو لایەك. ئینجا خاڵەکانیتر باس ئەکرێت. ئەمە لە مەبادئی درۆگیدا بوو، لێرەش تێیابوو، لێرە موافقەتیان لەسەر ئەوەکرد.

**■ بەڕێز برووسکە باسی گومرگی برایيم خەلیل ئێستا لە جیهان دەنگی داوەتەوە. ئایا لە کوردستان هەر ئەوگومرگە هەیە ؟ ئەگەرگومرگیتریش هەیە ئەی بۆ پارتی باسی ناکا؟**

□ من حەز ئەکەم ئەمە بە دووخاڵی سەرەکی وڵام بدەمەوە:

خاڵی یەکەمیان لەناو قسەکانی پێشووما باسم کرد، کە ئەم شەڕە گریمان لە مانگی دوازدە لەسەر گومرگ بوو خۆ مانگی (٥) کە هەڵیان گیرساند لەسەر گومرگ نەبوو. پارەی هەموو گومرگەکان دەچووە خەزانەی مەرکەزی تا٥/٤، تا شەڕەکە خەست بوو. یەعنی بەکوردی پەتی تا سلێمانییان گرت. تامەقەڕاتی ئێمەیان لە سلێمانی گرت.

ئەم شەڕە لە ئەساسا لەسەر سوڵتەیە. جەنابی سەرۆك بارزانی لە مانگی دووی ساڵی ١٩٩٤ لە موناسبەتی دامەزراندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ١٨ی شوباتا بۆ کۆمەڵێك کەوادری لاوو قوتابیو خەڵکیتر لە نەدوەیەکا باسی کردو وتی: ئەم مەسەلەیەی (فیفتی ـ فیفتی)یە ناڕوات زەرەر لە گەلی کورد ئەدات. لەبەر ئەوە ئێمە ئەبێت لە ماوەی ساڵێکدا هەڵبژاردن بکەین.

لەگەڵ ئەوەشا جەنابی سەرۆك بارزانی فەرمووی کە: هەر لایەنێکیش بیباتەوە ئەمڕۆ رۆژی موعارەزە نییە چونکە ئێمە هێشتا نەبووین بە هیچ، ئەبێ (تحالف) دروست ببێ. بەڵام (تحالف) لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنەکەی کە دروست ئەکرێ.

ئەوە بوو ئێمەش سەفەرمان کرد چووین بۆ سلێمانی چووین بۆ کەرکووك لەسەر ئەساسی ئەو مەوزووعە حەفەلاتمان کرد، ئاهەنگمان کرد. تەوجیهی خەڵکمان کرد بەرەو هەڵبژاردنو ئەوان لەو رۆژەوە دەستیان بەم بەزمە کرد. واتە ئەوەی باس ئەکاکە شەڕ لەسەر گومرگو پارەیە، ئەسڵەن هەر شتێکی عەیبە. ئێمە دانەنیشتووین لەگەڵ یەکتری شێروخەت بکەین، تۆ پارەت زیادەو من پارەم کەمەو بیکەین بە شەڕ.

مەسەلەی گومرگو ئەمانە، خۆ لە رۆژی دامەزراندنی حکوومەتەوە تەسلیمی حکوومەتی هەرێم کراوە. ئێستاش لایەزال پارتی ئەڵێ هەموو گومرگەکان لە گومرگی ئیبراهیم خەلیلەوە تا ئەگاتە سەرتەك و دەربەند بێلوولەو پێنجوێنو پارەی مەعاملو

زەڕائیبو رسوومات‌و ئەمانە هەمووی کە حکوومەتی هەرێمی تازە دامەزرایەوە ئەبێ بچێتە حکوومەتی هەرێم‌و حکوومەتی هەرێم دەستی بە سەردا بگرێت. ئێستاش لایەزال‌و لە دروگیداش باسمان کردووە لە دوبلنیش باسمان کردووەو لێرەش باسمان کردووە، ئێمە هیچ هەقێکمان نییە ئەو پارەیە دەستی بە سەردا بگرین‌و بۆ خۆمانی سەرف بکەین. ئەوە پارەی گەلی کوردە. هەموو پارەیەك چ لە پێنجوێن بێت‌و چ لەوێ بێت، چ لە کارگەکان بێ‌وچ لە لایەکیتر بێت، بۆ گەلی کوردە. بەڵام ئەمان شەرێکیان سەپاندووە تاکە شەرتە بە دەستی ئێمەیە کە ئەوان بۆئاشتی رابکێشین. ئەمە جانبی یەکەم.

خاڵی دووهەم کە باسی گومرگ ئەکرێت بۆ زانینی جەنابت کە باس ئەکەن ئەڵێن مەسەلەی نەوت‌و گازو چی‌و چی کە ئەڕوا بۆ تورکیا. حەز ئەکەم ئەمانە زۆر روون‌و ئاشکرا بێ لە لای برادەرانی ئێمەوە کە راستییەکە، ئەویش ئەوەیە کە هەر سەیارەیەك لە دووهەزار لیتر زیاتربۆی نییە ببات. هەر لۆرییەك دووهەزار لیتری بۆ دیارکراوە. یەك لیتری زیاد بێ مەمنوعەو ئەو تانکێرە کون ئەکرێ‌و ئەکرێ بە دووهەزار لیتر. هەر لیترێکیش نیو دیناری لێ ئەسەندرێ. رۆژی‌وا هەیە یەك سەیارەش ناڕوا مەسەلەی سنووری تورکیایە، تورکیا سنوورەکەی دابخات تەواوە. رۆژی واش هەیە دووهەزار سەیارە ئەڕوات. تەنانەت ئەگەر لەسەر یەك رۆژانە هەزار سەیارەش بڕوا، رۆژێ یەك ملیۆن دینار ئەکا. گومرگی ئەساسی کە ئەو نەوتە نییە. با بڵێین کە ئەو ملیۆن دینارە موقابلی مەعمەلی جگەرەو مەعمەلی چیمەنتۆی سلێمانی. باسی شتی تریش ناکەین. ئەوانیش کە دەقاودەق لە مەعمەلی چیمەنتۆی سلێمانی کە بە دۆلار ئەیفرۆشن‌و لە مەعمەلی جگەرەی سلێمانی‌و لە شوێنەکانیتر ئەو مەعمەل مافوورەی کە لە هەولێرە مەعمەلی خوری‌و رستنە لە کفری‌و تا دووایی. وە زەڕائیبی حکوومەت کە (٣)پارێزگا لە دەست ئەوانایەو ئاوە، کارەبایە، زەریبەی ئەقارە، هتد... ئەی ئەمانە هیچیان دەست نەکەوتبێت خۆ لەو ملیۆنە دینارە زیاتر دەست ئەکەوێت.

من حەز ئەکەم شتەکە بە حیساب‌و بە(منطق)بۆت حیساب کەم، بە ژمارە بۆت حیساب کەم، بە خەیاڵ باسی نەکەم. خۆ گومرگ لەسەر خواردەمەنی نییە نە لەسەر خواردەمەنییە نە لەسەر شتێکیتری غەزایی. ئەوەی گومرگە لە سەر جگەرەو مەشرووباتی رۆحی‌و پێپسی کۆلاو ئەمانەیتر. ئەمەش نەك هەر ئەوەی دێتە دهۆك لەوێ ئەمێنێتەوە نەخێر لە دهۆکەوە دێت ئەچێ بۆ هەولێر، ئەچێ بۆ کەرکووك، ئەچێ بۆ سلێمانی، جگە لەو بەشەی کە ئەچێتە ناو حکوومەتی عێراق‌و بەشێکی دێتە ئێران، بەشێك تێپەڕ ئەبێ بۆ ئەفغانستان‌و پاکستان. بەشێکی رەنگە بگەڕێتەوە بۆ تورکیا. هەرزانە، ئەم مەوادەی کە دێتە ئێرە هەرزانە، گومرگی هیچ لەسەر نییە. تەنیا ئەوەیە کە لە کوردستانی عێراق وەردەگیرێ.

واتە ئێمە گریمان سەدی سی ئەم مەسەلانە لە پارێزگای دهۆك‌و ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەستی پارتین. دیسان سەدی حەفتای دەمێنێ کە لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دایە. من راستییەکەی پێتان ئەڵێم. ئێمە لەسەر کارتۆنێك جگەرە ١٨دۆلار وەردەگرین، ئەوان ٢٨دۆلار وەردەگرن. واتە قەرەبووی ئەو سەد دەر سی‌یەیان کردووە. چاولێکە ئێمە چەندمان دەست ئەکەوێ، ئەوان چەند. واتە یەکێتی نیشتمانی ئەگەر زیاتری دەست نەکەوێ کەمتری دەست ناکەوێ. ئەمە لە گومرگی ئیبراهیم خەلیل. جگە لە گومرگی پێنجوێن، لە گومرگی شاوەیس، لە گومرگی حکوومەتی عێراق، لە گومرگی سەرتەك، لە گومرگی قاچاخ‌و جگەلە سەرانەو جگە لە تیجارەت‌و جگە لە (ضرائب). لەو رسووماتانەی کە حکوومەتی هەرێم لە هاووڵاتیانی ئەو سێ پارێزگایە وەرئەگرێ‌و جگەلە راووڕووتی دیکە. ئینجا ئەگەر ئەم پارەیە دەستی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی

ناکەوێ با سەرکردایەتی یەکێتی بچێت موحاسبەی کاربەدەستەکانی خۆی بکا کە لەسەر ئەو شوێنانە دایناوەو ئێمە دڵنیاین ئەو پارەیە زیاتر دەست ئەوان ئەکەوێ تا ئێمە. ئەمە راستی یێکە ئەبێ پیاو بۆ هەموو شوێنێك بڵاوی کاتەوە.

تێبینی یەکەی جەنابت زۆر زۆر راستە. پارتی تا ئێستا باسی ئەوەی نەکردووە. چونکە بە راستی مەوزووعی باس نەبووە. ئێمە لەم شەڕو پێکدادانەی لە نێوان ئێمەو ئەوانا قەناعەتمان نییە هەر باسی ئەو شتە بکەین کە لە سەرگومرگ‌و ئەم نەوعە شتانەیە . ئەمە لەسەر دەسەڵاتە. ئەویش چۆنیەتی وەرگرتنی دەسەڵات. ئێمە ویستوومانە بە ئیقراری جەنابی سەرۆك‌و هەموو سەرکردایەتی حزب‌و قاعیدەی حزب‌و دەزگا جەماوەری یەکانی‌و هەموو رێکخراوەکانی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان یا لایەنگری پارتی، بە شێوەی دیموکراسی حەلی کەین، ئەویش هەڵبژاردنە. برادەرانی یەکێتی ویستویانە بە رێگەی نادیموکراسی واتە عەسکەری‌و بە ئینقلابی عەسکەری دەسەڵات بگرنە دەست.

هەنگاوی یەکەمی ئینقلابی عەسکەرییە کە لە مانگی (٥) دەستی پێکرد. تەسەوریان ئەکرد ئێمە راو ئەنێن. ئێمە دوور ئەخەنەوە لە مەواقعی خۆمان، واتە بە کوردییەکەی ئاودیومان ئەکەن

▣ ئێمە سالّی (١٩٦٨)کە شەڕمان ئەکرد دژی حکوومەتی مەرکەزی کە هەر ئەم حکوومەتە بوو، خۆ سەددام خۆی (سیدالنائب) بوو. ئەو وەختە ئەحمەد حەسەنولبەکر سەرۆك کۆمار بوو، ئا ئەوکاتە مام جەلال لە کوێ بوو؟ لە چ بەرەیەك بوو؟ ئێمە مەجالیش نادەین بەکەس نیشتمانپەروەرێتی پارتی تەحدید بکا. جەماوەری گەلی کورد، نیشتمانپەروەریی پارتی تەحدید دەکەن. پارتی وەتەنی‌یە یا وەتەنی نییە ئەوە جەماوەر دەبێ بلّێت.

لەوبەری زێ.

بەوەش رازی نەبوون مانگی (١٢)ش دەستیان پێکردەوە. ئەوە راستی یێکە کە دەبێ گەلی کورد بیزانێ. دەبێ دۆستانی گەلی کورد بیزانن. بەلای کەمەوە دەبێ هەموو پارتی یەك بیزانێ‌و هەموو لایەنگرێکی پارتی بیزانێ. ئەمە راستی یێکە ئێمە لە هەموو جێگەیەکیشا دانیشتووین لەگەڵ ئەوانا، ئەمەمان بۆ باسکردوون. رەنگە ئێمە لە سەر زۆر شت ئیتتفاق بکەین بە وتوویژ بە گفتوگۆ، چونکە زمانی ئەم چەرخە گفتوگۆیە بارودۆخێکە کەوا کۆتایی سەدەی بیستەم دێت. لە هەموو دنیا خیلافات ئەبێ بە وتوویژ حەل ئەکرێت‌و پارتی هەمیشە ئامادە بووە بە وتوویژ بگاتە ئامانج.

**■ لەم دووایی‌یانە تۆمەتی پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی عێراق ئاراستەی پارتی کراوەو وتراوە پارتی پیلانی حکوومەتی بەغدا بەرێوە دەبات. جەنابت چ دەڵێی لەم بارەیەوە؟**

□ پارتی دیموکراتی کوردستان ئەلحەمدولیللا تەبیعەتی حزبەکەی وایە، شتی پێ ناشێردرێتەوە. هەرچی شتێکیش بکا هەر بە ئاشکرا ئەیکا. هەر لە زەمانی دامەزراندنی لە (١٩٤٦)ەوە تا وەکوو ئەمڕۆ ئێمە ئەگەر بمانەوێ موفاوەزات بکەین لەگەڵ عێراقا عیلاقات ببەستین لەگەڵ ئێرانا، لەگەڵ تورکیا، لەگەڵ سووریا، زۆر بە ئاشکرا ئەچینە سەر تەلەڤزیۆن‌و بۆ میللەتیش باس ئەکەین. ئەگەر ئێستا ئێمە بزانین، ئەم دەقیقەیە پارتی بزانێ موفاوەزات لە مەسلەحەتی گەلی کوردە لەگەڵ بەغدا، یەکو دووی لێ ناکەین، دەچین موفاوەزات دەکەین. لە کەسیش ناترسێین. پێویستیشمان بەوەی نییە لەکەس بترسێین، ئەگەر لە مەسلەحەتی کوردبێ.

بەڵام من ئەو پرسیارەی جەنابت بۆ بووق‌و پرۆپاگندەکانی یەکێتی بە

شتێك وڵام دەدەمەوە. ئێمە ساڵی (١٩٦٨) کە شەڕمان ئەکرد دژی حکومەتی مەرکەزی کە هەر ئەم حکومەتە بوو، خۆ سەددام خۆی (سیدالنائب) بوو. ئەو وەختە ئەحمەد حەسەنولبەکر سەرۆك کۆمار بوو، ئا ئەوکاتە مام جەلال لە کوێ بوو؟ لە چ بەرەیەك بوو؟ ئێمە مەجالیش نادەین بەکەس نیشتمانپەروەریتی پارتی تەحدید بکا. جەماوەری گەلی کورد، نیشتمانپەروەریی پارتی تەحدید دەکەن. پارتی وەتەنی‌یە یا وەتەنی نییە ئەوە جەماوەر دەبێ بڵێت.

ئەمڕۆ ئەی بینین کە خەتەرێك دێتە سەر پارتی، هەموو بەماڵو منداڵو بچووكو گەورە دێن پشتی حزبەکەی خۆیان دەگرن. وە ئێمە پێویستیمان بەکەسانێك نییە کە رابردووی خۆیان رەش بێت، بێن دەرسی وەتەنییەتیو نیشتمانپەروەری بە پارتی دیموکراتی کوردستان بڵێن. هەر پێشمەرگەیەکی پارتی مومکینە لە سەرکردەیەکی ئەو لایەنانە پاکترو پاکیزەتر بێت، رابردووشیو ئێستاشیو داهاتووشی. چونکە نەهجی حزبەکەی ئێمە ئەوەی بە مەسلەحەتی گەلەکەی بزانێ، بزانێ لە مەسلەحەتی ئەم گەلەیە، ئەیکاو بەکو دووی لێ ناکاو لە هیچ شتێکی تریش ناترسێ.

**■نێوانی پارتیو(I.N.C)بە تایبەت لەم دواییانە کە هەندێ مەسەلە لەلای هەندێ کەسایەتی(I.N.C)هاتە گۆڕێ چۆنەو دەوری (I.N.C)لە عێراق تاچرادەیێکە؟**

□ (I.N.C) دەتوانم بڵێم تاقە گرووپی بەرفراوانی بەرهەڵستکاری عێراقی‌یە. ماوەیەکی زۆری خایاند تا توانرا هەرچی گرووپە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی هەیە لە دینی یەوە تا وەکوو علمانی، تا وەکوو قەومی هتد هەمووی پێکەوە کۆ بکەینەوەو لە ژێر چەترێکدا کە ناوی (I.N.C) بوو هەموویان پێکەوە دانیشن. بە تەئکید ئەمە گیروگرفتی هەیە.(I.N.C) هەندێ گیروگرفتی هەیە ئێمەش ئەندامی (I.N.C)نو بە رای ئێمە دەبێ (I.N.C)چاك بکرێت نەك هەڵوەشێنرێتەوەو هەوڵێتر بدرێت بۆ ئەوەی جارێکیتر چەند بەرەکی بخەینەوە رێزەکانی موعارزەی عێراقی. بە پێچەوانە ئەبێ یەکی بخەینەوەو دانیشینو ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکەین.

یەکێ لەو گرفتانەی باسم کرد، یەکێك لە هۆیەکانی ئەو سستی یەی کەوتە ناو (I.N.C)یەوە ئەو بیرواییی یەی کەوتە ناو(I.N.C)یەوە بە راستی ئەو شانۆگەرییە هەزلە بوو کە مانگی ٣ی بەهاری پارکرا. کە گوایە ئینقلاب ئەکرێو شۆڕش ئەکرێو سەددام ئەگۆڕێو کابرایەکی وەکوو وەفیق سامەڕایی کە ساڵەهای ساڵە مدیری موخابراتی گشتی عێراقی بووە گوایە رایکرد، پارتی ئەو کابرایەی هێنایە دەرەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەردەستی سەددامو بکوژرێتو ئاکامەکەی ئەوە بوو کە کردی. ئەگەر نیزامی عێراقی بەگرتنی یەك رەبیەو دوو رەبیە بڕووخێت، حەوت زەمانبوو کرابوو لی بێوە. بە قەناعەتی من ئەو شانۆگەرییە سەددامی بە هێزکرد چونکە لە جیهان پێشانی‌دا ئا ئەمەیە موعارزەی عێراقی. ئەمەیە (I.N.C). هەموو هێزی خۆی کۆ ئەکاتەوە بەناو ئەمریکاو بەناوی کێوکێو ناتوانێ دوو رەبیە بگرێ. نەیتوانی رەبیەکانی بانی مەقام بگرێ.

شانۆگەرییەکەیان دروستکرد ئینجا شانۆگەرییەکە بە قەناعەتی من هەندێك ئەزەماتی (I.N.C) خۆی بوو کە ویستیان تەصریفی کەنو زۆریشی ئەزەماتی یەکێتی نیشتمانی بوو کە ویستی بە واسیتەی (I.N.C)یەوە تەصریفی کات. ئەمە زەرەرێکی دا لە (I.N.C). بەس ئەمە مانای ئەوە نییە کە (I.N.C)تەواو، ئەبێ هەڵیوەشێنین، چونکە نەختێ مەواقفیان هەبوو بەرامبەر بە پارتی . ئەمە فکری ئەو برادەرەیە یائەو کەسەیە کە لە ناو (I.N.C)بووەو وای زانیوە پارتی هاوکاری لەگەڵ ناکاتو ئێمە قەناعەتمان هەیە هەر لەو کاتیشدا ئەوانیش گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە مەوقفی پارتی راست بوو. ئێستاش پارتی هەر ئەندامیەتیو هەوڵ ئەدەین بە هێزی کەین . چونکە ئەوە تاکە گرووپی عێراقی‌یە

که هەموو موعارزەی کۆکردۆتەوە. ئەگەر بێین و جارێکیتر دابەشی کەین بۆ گرووپی قەومی و عەرەبی و گرووپی قەومی کوردی و گرووپی ئیسلامی سونی و گرووپی ئیسلامی شیعە، ئەوا جارێکیتر زەرەرێکی گەورەمان لە هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی دایەوە.

مادام ئەوەمان هەیە ئێمە ئەوە چاك بکەین. ئەمە رای پارتی یە.

**■ بەڕێز برووسکە نووری شاوەیس ئەم شەڕە ناوخۆییە گەلێ گرفتی بۆ گەلەکەمان خولقاند. یەکێك لەوانە تیرۆرکردنی کەسایەتیە کوردییە کانە کە بە داخەوە تائێستا چەندین کەسی ناوداری کورد تیرۆر کراون و زۆرجاریش هەردوولا دەڵێن ئێمە نەمان کردووە. کەسیش نازانێ کێ دەیکا. رای بەڕێزتان لەم بارەیەوە چییە؟**

□ بە گشتی مەسەلەی تیرۆرکردنی کەسایەتییەکان لە کوردستانی عێراقا مەسەلەیەکی مەرفووزە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانا. پارتی قەت پەنای نەبردووە بەر تیرۆرکردنی خەڵك، گەر ناکۆکی سیاسی هەبووبێ لەگەڵیا. تیرۆرکردن حاڵ و هەوایێکی ناهەموارو ناعەمەلی ئەگونجێنێ. خەڵك لە جێگای خۆیەوە ئەترسێ ئێمە ئەگەر بێین خشتەیێ دروست بکەین بۆ ئەوانەی کە تیرۆرکراون کە سەربەکێ بوون، سەربە چ لایەنێ بوون، لایەنگیری کێ بوون، روانین و بیروبۆچوونەکانیان چی بووە. من دڵنیام و ئەتوانم بڵێم ئەگەر سەدی سەد نەبێ سەدی ٩٨ی ئەو خەڵکانە لەبیروبۆچوونی پارتی یەوە نزیك بوون. شەرت نییە ئەندام بووبن، شەرت نییە لایەنگیر بووبن، یا لە بنکەکانی حزبی ئیشیان کردبێ بەڵام ئەم بۆچوونەی پارتی و دیموکراتییەتخوازی پارتی و ئاشتیخوازی پارتی، بیرکردنەوەی ئازادکە لە ناو پارتییایە، ئەوەیان پەسەند بووە رەچاویان کردووە. هەندێکیان ئاشکرایە، پێویست ناکا زۆر لێی بکۆڵدرێتەوە. چونکە بەر هەڵستیان کردووە لەگەڵ ئەو ئیدارە ناشەرعی یە. واتە زۆر ساکارە تۆ تاوانباریان بکەی. بەڵام تاوانبارکردن و شتی وا ئەبێ مرۆڤ بەڵگەی (مثبت)ی هەبێ. وێرای ئەوە زۆر گرووپ و دەزگای ئیستخبارات و موخابەراتی وڵاتانی دەوروبەرو عێراق خۆی هەیە بۆ هەندێ ئاواتی ئاشکراکار دەکەن. بۆ وێنە بڵێم ئەگەر زانکۆیێکی رێك و پێك لە کوردستانی عێراقا هەبێت کەوادری علمی دروستکاو دانی پێ نرابێ لە لایەن وڵاتانی دەرەوە، دەرو دراوسێکانمان پێی رازی نابن. واتە سروشتییە هەوڵ بدرێت کەوادری ئێمەو ئەو زانکۆیە تێك بدرێت. لە نیزامی عێراقی ئەگەر گۆرانی بێژێك ناودار بووایەو خەڵك لێی کۆ ببوایە ئەیانکوشت. کابرایەکی بەستەزمانی وەکوو بەشار زاخۆلی گۆرانی خۆشەویستی ئەوت، دڵی گەنج و لاوانی خۆش ئەکرد کوشتیان کاکە. وە ئاشکراشە کە موخابەراتی حکوومەتی عێراقی کوشتی. چونکە دیتی ئەمە جەماوەری لەگەڵدایە. یاریزانێکی وەرزشی لەکوردستانا هەڵکەوتایەو ناوی دەربکردایە، دژایەتی ئەکرا ئەگەر بگەشتایە شتێ ئەیانکوشت. جا نەخوازە یەکێکی خاوەن فکر. بە داخەوە هەندێ حزبی کوردستانی لە عێراقا ئیمانیان بە نەزەرییەی عونف هەیە ئیمانیان بەوە هەیە کە ئەگەر پێت بکرێ رقەبەری سیاسی بە شێوەی عەسکەری لە ناوبەرە.

من بۆم باسکردن کە شت ناشاردرێتەوە. سەردەمی ئەوە نەماوە. ئەمرۆ ئەگەر ئاشکرا نەبێ، سبەینێ ئاشکرا ئەبێ سبەینێ نەبێ، ساڵێکیتر ئاشکرا ئەبێ. ئەو حزبانە مەبەستیشم لێرە یەکێتی نیشتمانی یە، با واز لە بیری تیرۆرکردنی خەڵك بێنن. ئێستا ئەو بیرە کە جەماوەرێك بە ترس و تۆقاندن لە لایێك بکەنەوە، دەوری نەماوە. فەرموو ئەو بۆمبایەی لە زاخۆ تەقاندیان، ئیستفادەکەی چی بوو؟ رەنگە ئەوەش کە دۆستایەتی یەکێتی لە زاخۆ کردبێ لێیان رەنجابێ. ئەوە ئاکامەکەی بوو. ئێستاش لێیان نەرەنجابێ دە ساڵیتر ئەرەنجێ. چونکە ئەمە ئەبێ بە مۆرێکی شەرمەزاری بەناو چاوانی ئەو لایەنە.

ماموستایەکی وەکوو دکتۆر محەممەد قەرەداغی کە عەمیدی کۆلیجی ئیدارەو ئیقتساد بووە لە زانکۆی سەلاحەددین، باشە کێ ئیستفادە ئەکا لە کوشتنی ئەم کابرایە. با بلێین من پارێزکاری هەولێرم و ئەو بە قسەی من ناکات، ئەم کابرایە بەشداری کاروباری سیاسی نەکردووە من وەکوو پارێزگاری هەولێر دەمەوێ بەزۆر سیاسەتی بەسەردا بسەپێنم. ئێ نایسەلمێنێ. ئەمە پیاوی زانستە علم بەکار ئەهێنێ لە زانکۆ. باشە مەعقولە من بچم تیرۆری کەم؟

باشە ئەگەر ئێستا نەکرێت من ریسوا بکرێم لە سەر ئەوکارە، سالێکیتر ئەکرێ. دووانیتر ئەکرێ. سێیانیتر ئەکرێ. چواریتر ئەکرێ. زەمانی ئەوە نەماوە کەس بەوە بلێ ئافەرین تۆ فلانت تیرۆرکرد، شتێکی باشت کرد. کەس نییە دیفاع لە تیرۆر بکاو سروشتییە کەسیش نییە تیرۆر بکاو هاوار بکات من تیرۆرم کرد. بەلام ئینسان دەبێ تۆزێ ئەقڵی خۆی بەکار بێنێ. باشە ئەم کابرایە بە چ بۆچوونێکی فکری ئیشی ئەکرد یا لە چ بۆچوونێکی فکری نزیك بووە. ئەگەر بۆچوونە دژەکە ئەوی نەکوشتبێ، دۆستانی ئەو بۆچوونە دژە ئەویان کوشتووە.

**■ هەڤاڵ برووسکە لەم قوناغەدا دیارە هەندێ لە رووناکبیرانی کورد رێگەی بێلایەنی لە هەردوولا یان هەڵبژاردووەو خزمەت بە کورد لە دووربوون لە هەردوو حزب و تەنانەت تێکەڵ نەبوون لە سیاسەت دەبینن. رای جەنابتان لەم بارەیەوە چییە؟**

□ من رووی قسەم بەتایبەت لەو رووناکبیرانەی دەرەوەیە. ئەوان ئەمەیان کردووە بە بیانووەك بۆ ئەوەی نەیێن بۆ کارکردن. ئەگەر راست ئەکەن با بێن بفەرموون هەریەکێ لە مەجالی خۆیا زەحتێك بەکار بێنن لەسەر دوو حزبەکە. بابێن رۆژانە خۆ پێشاندان ساز بکەن، بچنە سەر جادەکان خەڵك کۆ بکەنەوە بڵێن ئەم شتەی ئێوە ئەیکەن خراپە. ئەم دوو حزبە کە تەماشایان کرد جەماوەر پێیان ئەڵێ خراپە، واز ئەهێنن و ئیشە خراپەکە ناکەن. بەلام ئەمە بیانوویێکە یا خود عوزرێکە بۆ ئەوەی خۆیان دوور بوەستن و قسەی زل بکەن و من ئەو نەوعە کەسانە بە رووناکبیر نابینم. بە پێچەوانە بە تاریکبینیان ئەبینم. من ناویان ئەنێم کوردی لە دوو جەژنە بوو. لە (ثقافت)ی کوردەواریش بووە لە(ثقافت)ی ئەورووپیش فێر نابێ. چونکە مەسەلەیەکی کوردی خۆشمان هەیە دەلێن: کە پیاو بە گەورەیی فێری پلاو خواردن بوو، کەوچکەکە ئەبا بۆ لووتی. ئەمانە نە ئەوە فێر ئەبن و لە کوردەوارییەکەی خۆشمان بوون. ئێستا ئەیکەن بە عوزرێك کەوەللا ئەم دوو حزبە خراپن و ئێمە دوور ئەکەوینەوە وە بەمەکوردایەتی ئەکەین.

من ئەڵێم نەخێر وانییە. ئەوەی رووناکبیرە برۆ ببینە ئەوەی لە ئەورووپاش هاتووە، ئەوە هەوڵ ئەدا یان لە نزیك یان لە دوور، پێوەندییەکی هەیە. مەرج نییە سەربە پارتی بێت یا بە یەکێتی. ئەوە شووعی هەیە زەحمەتکێش هەیە، ئاشووری هەیە، ئیسلامی هەیە، خەڵکی ئازاد هەیە، پارتی کار هەیە، چەشنەها حزب هەیە. کاکە ماشاڵلا خۆ هەر بیرۆکەیەك لە موزەنبیق دروست بووبێت، بە ناشوکری نەبێ نوێنەری لە کوردستانا هەیە.

لەبەر ئەوە بە رای من، ئەمانە لە واقع رائەکەن. راست ناکەن. ئەمە عوزرێکە بۆ خۆیان ئەدۆزنەوە. من یەك داوایان لێ ئەکەم ئەمانە بێن بزاڤێکی جەماوەری دروست کەن. ئەڵێن بزاڤی جەماوەری پارەی ئەوێ باشە هەر یەکە لە مووچەی خۆی با یەك دۆلار بدات ئێمە ملیۆن و نیوێك کوردی عێراقیمان هەیە لە دەرەوە واتە مانگانە ملیۆن و نیوێك دۆلار کۆ ئەبێتەوە کە گەورەترین بزاڤی جەماوەری دروست ئەکاو هەر پێشیانەوە دیارنییە. دەبا بچن ئەوە بکەن ئەگەر راست ئەکەن. با لەگەڵ حزبەکانا نەبن. با نەفی هەردوو حزبەکە بکەن. خۆکەس زۆریان لێ ناکا. بەس ئەمە ناراستییە لە وانەوە. خۆیان دوور ئەخەنەوە لەو مەوزووعە. رەنگە لە ناو حزبی خۆشماناکەسانێك هەبن لەگەڵ هەموو بۆچوون و هەڵوێستەکانی

حزبەکەی خۆمان رازی نەبێ بەس ئەوە بە مانای ئەوە نییە یەکسەر دژی بوەستێ بڵێ دەی ئیتر خودا حافیز تۆ بەکەڵك نایێی. ئەوە راکردنە لە واقیع. ئەگەر راست ئەکەن بۆ نموونە باباڵێین ئیشی لاوانی دیموکراتی کوردستانو ئەم سکرتاریەتە ئیشەکانی باش‌نییە. من ئەندامێکی لاوانم ئەبێ هەوڵ بدەم بە موناقشە، بەکار، بە ئیش، لەگەڵیان ئەو ئیشە چاك بکەم. وەکوو لاوێکی کورد شعوورم هەبێ ئەگەر ئەم یەکێتی لاوانەم بە دڵ نییە رێکخراوێکی تری لاوان کە باشبێ لەگەڵ فکرو بیروبۆچوونی منا، لەگەڵ ئەوا ئیش بکەم. نەك دوورە کەنار بوەستمو قسەی بێ گومرگ بکەم. هەموو کەس ئەتوانێ قسەی وابکا. گرنگ ئەوەیە ئەو قسەی کە ئەیکەیت گومرگی لەسەر بێ. گومرگەکەی ئارەقی خۆتە، توانایی خۆتە، کە سەرفی کەی لە وڵاتەکەی خۆتا.

تۆ مامۆستای؟ وەرە مامۆستایەتی بکە. ئەندازیاری؟ وەرە ئەندازیارێتی بکە. راستە بارودۆخی شەڕ نانو ئاوی بڕیوە لە خەڵك. ئەمە راستی‌یێکە، زۆر کەس هەیە بەهۆی گوزەرانی ژیان رائەکا. ئەوانەی تازە رائەکەن لە ماوەی ئەم ساڵو حەوت مانگەی دووایدا کە بەهۆی شەڕ رایان کردووە، زۆری بە دووای نانا ئەگەڕێ. بە دووای ژیانا ئەگەڕێ. چونکە ئیشی نییە، کاری نییە، وەزعی تاڵە، ژیانێکی ناهەمواری هەیە. من باسی ئەوانە ناکەم. باسی ئەوانە ئەکەم کە خۆیان بە رۆشنبیر ئەزانن‌و قسەی بێ گومرگ ئەکەن. کاکە زۆر ئاسانە ئێمە دانیشین‌و رەخنە لە هەموو کەس بگرین. بەڵام وەرە چی بکەین؟ من ئەڵێم با بفەرموون ئەو رۆشنبیرانە بەرنامەیەکی کار دابنێن بەڵکوو ئەو دوو حزبە هۆشمان بێتەوە بەرخۆمان‌و بە قسەی ئەوان بکەین. باشە تاقییان کردۆتەوە؟ هیچ بەرنامەیێکیان داڕشتووە بۆ ئێمە کە کوردستان چۆن بەرین بەڕێوە؟...

کامەیان لەو رۆشنبیرانەی کە تۆ باس ئەکەی ـ من نەختێ رقم لەو قسانەیە چونکە بەڕاستی ئەیان ناسم ـ کامەیان کە هەرە رۆشنبیرەکە رەخنە لەم دوو حزبە ئەگرن، یەکێك لەم حزبانە پێی بڵێ وەرە جەنابت سەرۆك وەزیرانی کوردستانی، بزانە دێت یا نایێت. وڵلاهی بە سەرمەقوولات دێت. هەر بە تەقلە لەوێوە دێت تا ئەگاتە هەولێر بۆ سەرۆك وەزیری‌یەکە. بە قسەی حزبەکەش ئەکات. راستە تۆ ئازادی بە من بڵێی تۆ غەڵەتی، بەڵام کاتێك لێت قبووڵ ئەکەم کە پێم بڵێی تۆ غەڵەتی، کە بەرنامەیەکی باشترت لەمن داڕشتبێت. هەروا بە ئاسانی بڵێی تۆ غەڵەتی شتی وا نابێ. لە دونیا نییەو دیموکراتییەت قبووڵی ناکات.

ئینجا بۆیە من پێت ئەڵێم وەکوو کوردی لە دوو جێژنە بوویان لێ هاتووە. (ثقافت)و کەلەپووری نەتەوەکەی خۆمانیان لە بیر چۆتەوە، فێری ئەوی تریش نەبوون، ناشیبن. چونکە تۆ ئەبێ لە زگماکی‌یەوە لەگەڵ جموجۆڵی کۆمەڵگای ئەورووپی رابێی. من ئێستا بەتەمەنی (٤٠) ساڵی‌یەوە ئەچم بۆ ئەورووپا ئەوەی پێم ئەکرێ فێری ئەبم. بە دڵنیایی پاش دوو ساڵ نابم بە چل‌و دووساڵی‌یەکی ئەورووپی. ئەمە واقیعە چونکە من لە منداڵی‌یەوە لەگەڵ ئەوانە نەژیاوم.

ئەوان فێری دیموکراتیەت بوون کە تۆ ئازادی بڵێی ئەمە غەڵەتە. کاکە ئەمە بەرەڵلایی یە. بەرەڵلایی لەلای خۆشمان هەیە لەسەر جادەکان‌و لە چایخانەکان‌و لە ناو هەموو عالەم بەس چییە بەرنامەیان نییە.

فەرموون بەرنامەی خۆتان داڕێژن. کێ ئەڵێ بە قسەیان ناکەین؟ یەعنی کەس هەیە حەز بە مردنی خۆی بکا؟ کەسێك ئیشێکی باشی بۆ دابڕێژێ بزانێ مەنتقی‌یە، بزانێ باشە (فعلاً) ئەیکات.

**■ هەڤاڵ برووسکە دەوری رێکخراوە جەماوەرییەکان لەو شەڕوشۆقە چۆن بووەو چۆنی هەڵدەسەنگێنن؟**

▣ من ئەتوانم بڵێم بەتایبەتی لاوان لە دەوریان لە پاڵپشتی پارتی دەورێکی زۆر کاریگەرو باشیان هەبووە. من ئەتوانم باسی ئەوە بکەم کە تەنانەت لە

**کاروباری عەسکەریشا بەشدارییان کردووە.**

□ لە راستیدا لە قۆناغی یەکەمی شەڕا ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەورێکی باشیان هەبوو. ئەتوانم بڵێم تا وەکوو مانگی دووانزەش دەورێکی باشیان هەبوو. حەرەکەیان ئەکرد، ئەجووڵانەوە، کۆڕو کۆبوونەوەیان هەبوو، بۆ وەستانی شەڕ، بۆ بەرقەراربوونی ئاشتییەکی عادیلانە، بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێ بە ئاسوودەیی بژیت. هەر ڕێکخراوێك بە پلەی خۆی دەورێکی هەبوو. بەڵام لە مانگی دووانزە بە دوواوە شەڕ نەك هەر بوو بە دژی پارتی بەڵکوو بوو بە دژی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی تریش بە توندی. بارەگاکانی ئەوان گیرا، دەزگای راگەیاندنی ئەوان گیرا، لێدران، تەعدایان لێکرا، بەندکرانو تادووایی. واتە هیچ مەجالێك نەهێڵدرایەوە بۆ ڕێکخراوە جەماوەرییەکان کە دەوری جەماوەری خۆیان ببینن. ناچار هاتن پاڵپشتی لایەنێکیان گرت. من ئەتوانم بڵێم بەتایبەتی لاوان لە دەوریان لە پاڵپشتی پارتی دەورێکی زۆر کاریگەرو باشیان هەبووە. من ئەتوانم باسی ئەوە بکەم کە تەنانەت لە کاروباری عەسکەریشا بەشدارییان کردووە. بە بیروبۆچوونی فکری بەشدارییان کردووە هەوڵیان داوە هەمیشە بە هۆی راگەیاندنیانەوە لە ڕێگەی کۆبوونەوەو هاتوچۆو جموجۆڵیانەوە، ئەو خەڵکە تێ بگەیێنن مەوزووع چییە. ئەم شەڕە لەسەر چییە. ئەم شەڕە بۆ خراپە ئەگەر بەردەوام بێ، ئاشتی بۆ باشە ئەگەر بەرقەرار بێ. بە پێی مەجال هەوڵی خۆیان داوە. قوربانییەکی زۆریان داوە لە پێناوی سەرکەوتنی قەزیەکەیان. شەهیدیان داوە، بەندییان داوە، بریندارییان داوە، من ناتوانم بڵێم ڕێکخراوی جەماوەری دەوری نەبووە. لە ڕێکخراوێکەوە بۆ ڕێکخراوێکیتر فەرقی بووە. بەراست ناتوانم هەموویان بخەمە تای تەرازوویێکەوە. هەندێ ڕێکخراو هەبووە رەنگە زۆر زۆر سست بووبێ. هیچی نەکردبێ. وابووە کە ئەمە قەزییەی ئەو نەبێت. دانیشتووە گوێی نەداوەتێ. بەس هەندێ ڕێکخراومان هەبووە بە تایبەتی ئەتوانم بڵێم لاوان، هەندێك ئافرەتان، قوتابیانیش خوا هەڵناگرێ، دەوریان دیوەو جموجۆڵیان هەبووە. بەس بەداخەوە ڕێکخراوەکانی ترمان دەوری عەمەلی خۆیان نەدیوە. بۆ وێنە جووتیارانمان، کرێکارانمان، دەوری خۆی بە تەواوەتی بۆ نەبینراوە. قسەم لە نەقابات بەگشتییە. پزیشکانمان دەوری کەم بووە، ئەمەش تۆ ناتوانی تاوانباریان بکەی بڵێی ئەمە خەتای ئێوەیە. وەکوو دکتۆر یا وەکوو کرێکار. بارودۆخێکی وا هاتووەتە پێشەوە کە تۆ لە شارێکی وەکوو هەولێرا ئەگەر باپیرەت پارتی بایە ئەهاتن بەخەیان ئەگرتی. دەورێکی ترسناكو بارودۆخێکی ئەزیەتدانو دەرکردنو ئەشکەنجەو ئەمانەیان دروست کرد. قوناغی یەکەم لە سلێمانی کردیانو قوناغی دووەم لە هەولێر. بەس بەگشتی ئەگەر سەیری بکەین ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بۆ خۆیان ئیشێکی باشیان کردووە. من ئێستا ئاگام لە مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان نەماوە چونکە ماوەیەکی زۆرە لێی دوورم. بەڵام بە رای من ئەکرا ئەم مەکتەبی ناوەندییە ببایە ئالقەی پێوەندیو یەکگرتن لە نێوان ڕێکخراوەکان. زیاتر بجووڵاینەوە ئەکرا باشتر بێ.

نازانم ئەوانیش زرووفی خۆیان هەیە، مرۆڤ لە خۆیەوە ئیتهامی باتڵ نەڵێ. رەنگە ئیمکانییاتیان لەبەر دەست نەبووبێ. رەنگە کاتێکی کافییان نەبووبێ، یەعنی گیروگرفتی جۆراوجۆریان هەیە. بەس بەگشتی من ئەتوانم بڵێم لاوان دەوریان دیوە، ئافرەتان، پاشان قوتابیان، ئەمانە دەوریان دیوەو سروشتییە کە ئێمە بەم بەزمە رازی نین. حەز ئەکەین زیاتریش دەور ببینن. خۆشیان ئازادن لە هەڵبژاردنی دەورەکەیان. من هەر ئەتوانم ئەوە باسکەم، فەرموو من ئێستا زیاتر ئاگام لە سوپای رزگاریە لە کەرکووكو سلێمانی. ئەتوانم پێتان بڵێم هەموو

فەرماندەی هێزەکانمان لە تەمەنی لاوایە. لەو تەمەنە دایە کە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دایناوە وەکوو مەرجی تەمەن بۆ ئەندامەکانی و ئەمەش هەر بە هۆی ئەم بۆچوونەمانە کە لاوان دەتوانن سەرپەرشتی کارەکان بکەن و بە کەڵك بن. چ ئەمڕۆ چ سبەینێ.

**■ هەڤاڵ بەروون و ئاشکرایی بفەرموون لە دۆخێکی ئاسایی حزبێك دەبێ چی بکات بۆ ڕێکخراوێکی جەماوەری و لەبەرامبەر ڕێکخراوی جەماوەری دەبێ بۆ حزب چی بکات؟**

□ ڕەنگە بۆچوونی من لەگەڵ هەندێ برادەرا جیاوازبێ سەبارەت بە ڕێکخراوی جەماوەری.

بە بڕوای من ڕێکخراوی جەماوەری ئەتوانێ کار بکاتە سەر حزب. چونکە ڕێکخراوی جەماوەری قاعیدەیە. مەرج نییە ئەوەی لە ڕێکخراوی لاوانایە ئەندامی پارتی بێ. بەڵکوو کابرایەکی بێلایەن بێ، شوعی بێ، ئیسلامی بێ، شتێکیتربێ، بەس ئەم ڕێکخراوە جەماوەرییەی لاوانی بە دڵە، ئەمەی هەڵبژاردووە. لەبەر ئەوە قاعیدەی حزب تەرجومەی سیاسەتی حزب یاخود ڕاستکردنەوەی تەرجومەی سیاسەتی حزب بە زەختی جەماوەر ئەبێت. حزب بۆ کێ یە؟

بۆ جەماوەر نەبێ بۆچییە؟ حزب کۆمەڵێ برادەرن دانیشتوون بە یەکەوە وەکوو لێژنەی ئیداری کارگەیێك. بەڵام ئەو قاعیدەیە، ئەو جەماوەرە، تەحدیدی سیاسەتی ئەم حزبە ئەکا. یەعنی من ئەڵێم ئەبوایە پرسیارەکەت بە پێچەوانە بکردایە. کارتێکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بۆ سەر حزب چییە؟ بەداخەوە زۆر برادەری ئێمە هەیە، زۆرکەسی ئێمە هەیە لەحزبەکانی کوردستانییاو دڵنیام لەناو پارتیشا هەیە، وا سەیر ئەکا ئەبێ ڕێکخراوە جەماوەرییەکە بووقی من بێ. کە من وتم ئەلیف، ئەو ئەبێ بڵێ یا.

نەخێر ئەو ئەبێ بۆ من بڵێ چ زەروورییە من بیکەم. بەرنامە بۆ چی دابنێم. چونکە ئەو تەماسی هەیە لەگەڵ جەماوەرا، لەگەڵ هەموو لاوانا. لەگەڵ هەموو کوروکچێکی گەنجی گەلی کورد، ئێوە تەماستان هەیە. ئافرەتان لەگەڵ هەموو ئافرەتان تەماسی هەیە. ئەندازیار لەگەڵ ئەندازیاران تەماسیان هەیە. پزیشکان لەگەڵ پزیشکان. من کابرایەکەم لێرە دانیشتووم ئەگەر ئێوە لە نزیکەوە نەناسم و یەکتری نەبینین، نازانم موعاناتی ئێوە چییە. بەس ئێوە خۆتان موعاناتی کۆمەڵگەکەی خۆتان ئەزانن. من چوزانم موعاناتی ئافرەت چییە. ئەگەر دوور بم لە ئافرەتانەوە. بەس ئافرەت خۆی موعاناتی خۆی هەیە. ڕۆژانە لە ماڵەوە، لەسەر ئیش، لەدەرەوە. یا هەروەها ئەندازیارو دکتۆر ئەمانە ئەتوانن بە ئێمە بڵێن ئەم شتە باشە، ئەم بەرنامەیە بەم شێوەیە بە ڕێوە بچێ باشە، بۆ ئەوەی جەماوەر کۆبێتەوە.

من لە یەکێك لە موناسبەتەکانا وابزانم ساڵونیو زیاتر بە سەریا چووە، وابزانم لە کۆنگرەی ئازادی بوو وتم ئێوە ئەبێ فەرزی بکەن وەکوو لاوان وەکوو قوتابیان وەکوو داهاتووی گەلی کورد، فەرزی بکەن بەسەر حزبەکانەوە بە سەر حکوومەت و پەرلەمانیشا بەرنامە دابنێ بۆ بێکاری، بەرنامە دابنێن بۆ نان پەیاکردن بۆ خەڵك، بۆ ئیش پەیاکردن بۆ خەڵك، بۆ دروستکردنی داهاتوویێك. لە دونیای شارستانییا وایە. من نموونەتان بۆ دێنمەوە. حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی ڕەنگە وەکوو ئەندام (١٥٠) هەزار ئەندامی هەبێ لە وڵاتێکی وەکوو ئەڵمانیاکە (٨٥) ملیۆن نفووسیەتی. سەدو هەشتا هەزار ئەندامیەتی. بەڵام تەماشا ئەکەی هەموو سەندیکا کرێکاری یەکان کە ڕەنگە (٢٠) ملیۆن کەس بن. پشتگیری سیاسەتی ئەو ئەکەن. کە ئەچێتە هەڵبژاردنەوە بە جارێ (٣٠) ملیۆن کەس دەنگی بۆ ئەدات. ئەمە ئەگەر بیدۆڕێنێ، ئەگەر بیباتەوە (٤٠) ملیۆن دەنگی بۆ ئەدات.

دەبزانە ڕێکخراوی جەماوەری چ کارتێکردنێکی هەیە. بۆ؟ چونکە ئەمانە ئەو سیاسەتەی کە تۆ دای ئەڕێژی وەکوو حزب، ئەمان تەرجومەی ئەکەن. نەك بچن بە زۆر بە سەریانا بیسەپێنن. ئیستفادەی نەبێ بۆ لاوان، تۆ بڵێی نەخێر هەر ئیستفادەی هەیە. شتی وا نابێ. لەبەر

ئەوە هەر ئەبێ لاوان کار بکاتە سەر

■ **ئـــەوە ڕێکـــخراوی جـــــەماوەرییە کـــــە کاردەکاتەسەرحزب.لە هەموو دنیا وایـە. ئـەبێ ئێمەش وابکەین. نەکوو ببن بە تووتی ئێمە.**

حزب، قوتابیان، ئـافرەتان، کـار بکـەنە سـەر حـزب. بۆ ئـەوەی بـەرنامەیەك دابـڕێژن. چونکە تۆ موعاناتی لاوی کورد ئەزانی، حزب چو زانێ. بۆ وێنە تۆ ئەزانی موعاناتی گەنجی کورد لەگەڵ خوێندنی تەواو ئەکا، زانکۆ تەواو ئـەکـا، چییە. لە کوێ ئیشی دەسکەوێ، چۆن ژنـێ بـــێنێ قـوربەسەرە، ژن نـرخـی گەیشتوتە (١٠٠) هەزار دینار. ئـێ خۆ حزب بیر لەوە ناکاتەوە. حزب بیر لەوە ئەکاتەوە ئەم لاوە چۆن بێنێ بێئیشی کات، تفەنگەکی بداتێ بچێ شەڕی بۆ بکا. تۆ سەیری ئەو دژایەتیە بیرییە بکەوە. حـزب حـەقی چییە بەسەر ئەوە کە تۆ ژن دێنی یا نایێنی. مـاڵ دروست ئـەکـەی یـا دروست نـاکـەی. ڕەنگـە لەکـاتی شـەڕا لە مەسلەحەتی حزب بێ تۆ بێکاربی.

نەخێر بۆ ئەوەی شەڕ نـەبێ، تـۆ ئەبێ کارت هەبێ. کە کاریش هەبێ، تۆ ناچار نابی بۆ هەزار دینار تفەنگ هەڵگری. کە کاریش هەبوو ئەتوانی ژنـیش بـێنی، ئـەتوانـی مـاڵیش دروستکەی، گیروگرفت نییە.

ئەم بەرنامەیە ئـەبێ تـۆ بـە مـنی بدەی. من وەکوو کابرایەکی حزبی پێم ناخۆشە کە ژنیش بێنی ماڵیشت هەبێ. نـاڵێم وەکـوو شـەخسی، بـە گشتی باس ئەکەم. جا ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە.

ئەوە ڕێکخراوی جەماوەرییە کە کار دەکاتە سەر حزب. لە هەموو دنیا وایە. ئەبێ ئێمەش وابکەین نەکـوو ببن بە تووتی ئێمە.

■ **ئایا پارتی ئێستا وادەکات کە جەنابت باس دەکەی؟**

□ ئەبێ بیکەین. ئەگەر نەیکەین زەرەر ئەکەین. ئەبێ بیکەین. ئـەمە مەسەلەیێکی حەتمی‌یە. ئەبێ بیکەین وەکوو پارتی دیموکراتی کوردستان وا مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوەکـانمان بکەین بۆ ئەوەی زەرەر نەکەین.

ڕەنگە ئاستی گەلی ئێمە ئـاستی ڕۆشنبیری کـۆمەڵایەتی گـەلی ئـێمە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیە. بەڵام خۆ ئەبێ دەستپێکەری هـەبێ. ئـەبێ چـەند کـەسانێك دەست بکـەن بـە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی بگـەینە هەنگاوی دووەم. بڵێین وەخت نییە، وەخت نییەو دابنیشین لە جێگەی خۆمان، کەس بۆ ئێمە ناکات. خـۆ کابرایەك نایێ لە ڤەنزۆێلا دابنیشێت کە دەیکاکە لاوان ئەمە ئیشتە. ئەبێ خۆمان بیری لێ بکـەینەوە. خـۆمان قەراری بۆ بدەین. چونکە ئەمن ئەو هەستە ئەبینم. واتە لەنـاو کـەوادری ئێوە چ لاوان بێ چ قوتابیان بێ، خوا هەڵناگرێ ئافرەتان، بیرو بۆچوونەکە هەیە. هەڵسوکەوتەکـە هـەیە. بـەس بەداخەوە بێ بڕانەوە لە هەندێ شوێن تووشی دیوارێکـی ئـاسنین ئـەبێت. واتە ناتوانێ لەم دیوارە تێپەڕێ.

ڕەنگە من کابرایەکـی بـەرپرسم دانیشتووم. ئەو بـرادەرانـە دێـن کـە گرفتێکی لاوان باس بکەن بڵێم ئەی بـێقەزابـی کـەی وەختێ لاوانو کۆبوونەوەی لاوانە. بڕۆن دانیشن جارێ خەریکی شتێکی ترین. جارێ خەریکی گومرگم یا نـازانـم جـارێ خەریکی شۆفێل ئاودیو کردنم.

نەخێر ئەگەر ئەمەوێ سەرکەوم ئەبێ مەجالی ئەو بدەم ئەبێ ببم بـە حزبێك، حـزبی جـەماوەر. ئـەگـەر بـمەوێ ئـەو پـارتە دیـموکراتـە کـــوردستانەی کـــە لە (٤٦)ەوە دامـەزراوەو لە خـەباتی (٥٠) سـاڵە بەردەوام بووە داهاتووشی وەکـوو ئەم (٥٠) ساڵەی پیروز بێ، ئەبێ ئەو مەجالە بدەین. دونیا پێش ئەکەوێ. من عالمی غەیب نیم بزانـم هـەموو شتێك بۆتۆ دابنێم. کە تۆ چی بکـەی باشە، چ نەکەی خراپە. ئەبێ خـۆت وەکـــوو قـاعیدەی حـزب کـە مـن قـاعیدەی حـزب بـە ڕێکـخراوە جەماوەرییەکان ئەزانم، بەشداربی لە دروستکردنی قەرار، لەبەر دوو هۆ:

هۆیەکیان تۆخۆت بەشداری لەو قـەرارە، مـوعاناتی خـۆتت تـەعبیر کردووە لەو قەرارە، ئەزانـی چیت ئەوێ. بۆیە باستکردووە.

دو: سبەینێ کەحزبیش وتی ئـەم

قەراراتانەت بۆ تەنفیز نەکردووە کاك فڵان یا فڵان ڕێکخراو، تۆ ناتوانی بڵێی وەڵلا ئەم قەرارە بە سەرمنا فەرز کراوە. من دەست ئەبەم ئەم جگەرەیە ئەکێشم، دووایی بۆڵە بۆڵیش ناکەم. خۆم قەرارم داوە ئەو ئیشە بکەم. کە ئەوە زۆر زۆر گرنگە کە حزبێك مۆدێرن بێ، بیەوێ بەرەو پێشەوە بڕوا، سەرکەوتنیتر بەدەست بێنێ، ئەبێ وابێ.

**■ هەڤاڵ برووسکە حەز ئەکەین ڕای جەنابت سەبارەت بە لقی ئاوارەو جەماوەری ئاوارە بزانین؟**

□ وەڵلاهی لەڕاستیا بەگشتی ئەو برادەرانەی ئێمە کەوا تووشی دەربەدەری بوون، هەر لە ساڵانی ١٩٧٥ەوە ئەمانە هاتنە ئێرانو ژیانی دەربەدەریو ئاوارەیی بە پەناهندگی ژیان، بەڕاستی جێگەی فەخری ئێمەیە بە عام باسی ئەکەین. ئەمانە هەر ئەو برادەرانە بوون جارێکیتر نووزەی شۆڕشەکەیان بەرز کردەوە، کردیان بە دەنگێکی زوڵاڵ لە شۆڕشی گوڵان. ئەرکی سەرەکی کەوتە سەر شانی ئەو برادەرانەو قووتو سووتەمەنی جارێکیتر لە مانەوە دەستی پێ کردەوە، چووە ناو کوردستان. ئەمە خۆی لە خۆیا جێگەی تەقدیرو ڕێزە. من ئەزانم ئەو برادەرانەی لێرە کار ئەکەن بێمە سەر خوسوسییات، ئێستا وەکوو بڵێن لقی ئاوارەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان. ئەم برادەرانە ئەرکێکی گەورەیان لەسەرە. چ لە ڕووی فەرهەنگییەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، چ لە ڕووی ئیدارەو ئیقتیسادەوە. لە ڕووە فەرهەنگییەکەیەوە مومکینە نەفەرێکیان هەر لێرە لە دایك بووبن لە ساڵی ٧٦ـ٧٥ لەدایکبووە ماشائەڵڵای لێ بێ ئێستا عومری ٢٠ـ١٩ ساڵە، لاوێکی ڕێکوپێکە. هەندێکیان مومکینە چوار پێنج ساڵی عومر بووە یا ١٠ ساڵی عومر بووە کە هاتوونەتە ئێرە، بمانەوێو نەمانەوێ ئەو فەرهەنگەی ئێران، ئەو مەکتەبی ئێران، ئەو بیروبۆچوونی فکری ئێرانە تەئسیری تێ دەکات. ئەرکێکی زۆر گەورە ئەکەوێتە سەر شانیان کە بیروبۆچوونو خووو ڕەوشتو کەلەپووری نەتەوایەتی کوردی خۆمان لەناو ئەو لاوانە بڵاوکەنەوە کە گوم نەبن. یەعنی زۆر زەحمەتە چونکە ئەمە بتەوێو نەتەوێ وڵاتێکی ترە. کەلەپوورێکی تری هەیە ... ڕاستە نزیکە بەڵام وەڵلاهی وەکوو کابرایەکی ڕووسو کابرایەکی سوئێدی وایە. یەعنی بتەوێو نەتەوێ، ئەمە کەلەپوورێکەو ئەوە کەلەپوورێکە. ئێوە ئەرکێکی گەورەتان لە سەرە، بۆ موحافزە کردنی ئەم کەلەپوورە. ئەمە بەچی ئەکرێ؟ بە دانیشتنی موستەمر لەگەڵ یەکترا، کۆڕو کۆمەڵگای یەکتری بەسەر بکەنەوە. زیارەتتان زیادبێ، ئەم مەجەللەیەتان باسی شتی کەلەپووری، شتی نەتەوایەتی زۆری تیابێ، بۆ ئەوەی ئەم خەڵکە بزانێ لە کوردستان، بۆ نموونە چلۆکەباب ناخورێ برنجوبامیە ئەخورێ. بۆ نموونە. من بە بەسیتی باسی ئەکەم. یا مەسەلەن لە کوردستان شەرت نییە ئافرەت ئیللا مانتۆی لەبەرا بێ. ئەمن مەسائیلی بەسیت باس ئەکەم کە شتی عەممەلییە. ئەم نەوعە شتانە واجبی ئێوە بێ. ئەرکی لاوانمان لە کوردستان چییە، یەعنی ئێوە ئەرکێکی دەبڵتان کەوتۆتە سەر:

موحافزەی لاوانی خۆمان بکەن لەو کەلەپوورو لەو کۆمەڵگای کوردەواری دوورنەکەونەوەو لە هەمان کاتدا نەك بە عەقلییەتی ساڵی ٧٥ ئێمە چۆن بووین لەوێ ئەو ئەقلییەتە لێرە بەردەوام بێو تەتەور نەکات نەخێر ئەبێ بە ئەقلییەتی ئەمڕۆ ئیش بکەین. یەعنی ئەرکەکەتان زۆر زۆر قورسە. جێگەی سوپاسە. من ئەزانم ئێوە موعاناتتان زۆرە، من باسی ئەوە ناکەم باسی سکرتاریەتتان ئەکەم کۆڵێ موعاناتی هەیە. عەجەبا چۆن لقەکەتان نابێ.

وەختێك من مەسئوولی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بووم، زۆر هەوڵماندا کە کاك برایم ڕەنگە ئاگاداربێ. بەس بەعزێ شت هەیە لە دەسەڵاتی ئێمە دایە، ئینسان ئەیکات. بەعزێ شت هەیە ڕەنگە لە دەسەڵاتی ئێمەشا نەبێ. بەس موهیم ئەوەیە لە حەقی خۆتان قەت پاشەگەز نەبنەوە. لە هەوڵو تەقەللای

خۆتان پاشەگەز نەبنەوە. ئەمڕۆش وەری نەگرین سبەینێ سبەینێش وەری نەگرین (١٠)ساڵی تریش بێ وەری گرین هەر باشە. ئیستیفادەی هەیە بۆ ئەو کۆمەڵە لاوو کۆمەڵەگەنجەی کە چ لێرە بن چ لە جێگەیەکیتربن. تەماسی موباشرتان هەبێت لەگەڵ برادەرانا چونکە خۆشیان ماوەیەکی زۆر وەکوو ئێوە ئاوارە بوون لە ئێرانو ئەمانە ئێستا زیاتر تەماسیان هەیە لەگەڵ پێشمەرگە لەگەڵ جەماوەرە کە لەگەڵ خەڵکەکە رەنگە تۆزێك زەحمەتیش بێ بەڵام ئێوە خۆتان ئیختیاری ئەم رێگەیەتان کردووە، هەڵتان بژاردووە، کاری تێیا ئەکەن. رەنگە ئیشی ئێوە لە ئیشی ئێمە گرانتر بێت. ئێمە تەماسمان لەگەڵ میللەتەکەی خۆمانە، یان ئیشێکی سیاسیيە یان ئیشێکی عەسکەریيە، بەس تۆ دوو ئیشت بەسەراکەوتووە. یەك لە وڵاتەکی ترای، عاداتو تەقالیدی شتێکی ترە، تۆش عەداتو تەقالیدێکت هەیە دەبێ ئەوکۆمەڵە وانەبێ لێرەش دووا بکەوێ خەڵك لێرەش سەیری بکات بڵێ وەڵا ئەمە موخالیفی ئەم قەوانینەیە یان دوواکەوتووە یان خراپە. واش نەبێت دوور بکەوێتەوە لە نەتەوەکەی خۆی. بە هەر حاڵ دیسان سپاستان ئەکەمو داوای سەرکەوتنتان بۆ ئەکەم.

— **ئێمەش سوپاستان دەکەین مامۆستاو هیوادارین سەرکەوتوو بن.**

□ □ □

## سـەرنـج:

خوێنەرانی هێژای گۆڤاری گزنگ ئاگادار دەکەینەوە لە ژمارەی داهاتوو پێشبرکێی گەورەی گۆڤاری گزنگ بە رێوە دەچێت. لەم پێشبرکێیە سەد پرسیار ئاراستەی خوێنەران دەکرێت کە هەرکەس وڵامی هەشتا پرسیار بداتەوە بەشدار پشك هاوێژی دەبێت. گشت پرسیارەکان لە سەرچاوەکانی خوارەوە دەرهێنراون:

- گوڤاری گزنگ ژمارە ١ تا١٢.
- شەرەفنامەی بتلیسی وەرگێرانی مامۆستا هەژار.
- جنبش ملی کرد.
- مشاهیر کرد.
- دا نشمندان کرد درخدمت علم و دین.
- کرد در تاریخ همسایگان.
- شوق آموختن.
- مێژووی ئەدەبی کورد (علاءالدین سجادی).
- کردو کردستان (واسیلی نیکیتین).
- کردها، ترکها، عربها.
- قیام افسران خراسان.
- صد چهره.

خەڵاتەکان بریتین لە:

- نەفەری یەکەم بایی پازدە هەزارتومەن پەرتووك بە دڵخواز.
- نەفەری دووەم بایی دە هەزارتومەن پەرتووك بە دڵخواز.
- نەفەری سێیەم بایی پێنج هەزار تومەن پەرتووك بە دڵخواز.

**چاوەڕوان بن.**

**خوێنەرانی هێژای گۆڤاری گزنگ ئاگادار دەکەینەوە کە لە خزمەت هەڤاڵی بەڕێز ئیبراهیم مستەفا داینو چەند پرسیارێکیان ئاراستە دەکەین.**

**بەڕێز سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق سەرەتا بەخێرهاتنتان دەکەینو تکایە بفەرموون چۆن بوو سەرەدانی ئێرەتان کرد؟**

□ دەمێك بوو لە سنووری لقە تێکوشەرەکەتان دوور بووینو لە نزیکەوە ئاگادارنین لە بارودۆخی دەڤەری چالاکیتان. پێ خۆشحاڵین ئەمڕۆ لەگەڵ ئێوە لاوانی ئاوارەو خۆراگرو ستەمدیدە بە یەك دەگەینەوەو سەرفراز دەبم لە ڕێگەتانەوە سڵاوی وەفاداریو سۆزدارانە پێشکەش بە یەکە یەکەی کادیرانوئەندامانو جەماوەری تێکوشەرو فیداکاری لاوانو بە گشتی ئاوارەکانی کورد بکەم. ئومێدەوارم وەك هەمیشە هەر سەرفرازو بەختەوەر بنو لە نزیکترین کاتدا بگەڕێنەوە وڵاتی دایکتان بۆ کوردستانی خۆشەویست.

■ **بارودۆخی ئێستای کوردستان لە چۆنەو ئایندەمان چۆن دەبینن؟**

□ بەداخەوە ئەمڕۆ لە کوردستان



جگە لە نیگەرانیو خەمو خەفەت لە بەرەنجامی سیاسەتی حزبایەتی بەرتەسكو هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆو داسەپاو دا ئایندەی سیاسی لە پێکهێنانی ئەو نیمچە کیانەی کە خەریك بوو لەسەر پێ بوەستێو ئاسۆیێکی گەشەدارمان لە پێش بێ وا بەرەو هەڵدێر دەبردرێ.

**□ بە ڕەئیمان ئەوانەی کە ڕەوشتوکردەوەی نامەسئوولانەو دیکتاتۆریانەیان لە پێش گرتووە، هەر خۆیان بەرپرسیار دەبنو سەرەنجام تووشی رقی شۆڕشگێرانەو سزای ڕەوای گەلو جەماوەر دەبن.**

کاری کردۆتە سەر کەمایەتی نەتەوەی گەلی کورد. ئەگەر حاڵیش هەروا بڕوات مەترسی دەبێ لەسەر بەرهەمی ئەو هەموو تێکۆشانو فیداکارییەی پێشمەرگەو جەماوەری کۆڵنەدەری کوردستانو دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی مەزنی بەهاری ساڵی ١٩٩١.

هەرچەند مرۆڤ دەبێ لە کاری سیاسیو تێکۆشانی میللیدا هیچ کاتێك نائومێد نەبێو بۆ هەر قۆناغێك پێویستە لە ئاستی ڕووداوەکاندابینووزەو تواناکان بۆ کاری ئیجابیانەو ڕێککەوتنو گەڕانەوەی شەرعییەتو ئاشتیو پرۆسەکردنی دیموکراتییەت وەگەڕ بخرێت. ئومێدەوارین هەوڵە خێرخوازییەکانی ناوەوەو دەرەوە سەربگرنو هەست کردن بە لێپرسراوەتی هەبێ لە چارەسەر کردنی کێشەو گیروگرفتەکانو گەشەدارکردنی چارەنووسی بزووتنەوەی کوردایەتیو ئەو سەر ڕەقیو توندوتیژییە لە سیاسەتا دابنێنە سەر مێزی زمانی نەرمیو گفتوگۆو تێکگەیشتنو بەرژەوەندی گشتی گەلی کوردو ئایندەمان لەبەر چاو بگیرێت. بە پێچەوانەش بە

رەئیمان ئەوانەی کە رەوشت و کردەوەی نامەسئوولانەو دیکتاتۆریانەیان لە پێش گرتووە، هەر خۆیان بەرپرسیار دەبن و سەرەنجام تووشی رقی شۆڕشگێرانەو سزای رەوای گەل و جەماوەر دەبن.

**■ رۆڵی یەکێتی لاوان لەم بارودۆخەی شەڕدا چ بووەو وەکوو ئاگادارین سەرەنجام دەستتان داوەتە چەکیش؟**

□ لە شەڕی ١/٥ و جەولەی دووەمدا ئێمە وەکوو یەکێتی لاوان نەك هەر تەنها نابێ بەشداری لە شەڕ بکەین بەڵکوو پێویست بوو تائەوسەر بەتوندی دژی شەڕ بوەستین و لاوانی کوردستان چیتر نەبنە سووتەمەنی شەڕێکی بەتایبەتی ناوخۆیی. بەڵام بەداخەوە لە هەردوو جەولەی شەڕداو پێش شەڕەکانیش، لاوانی دێموکرات و بارەگاکانمان بەتوندی هەڕەشەی لێکراو چەندین کادیرو ئەنداممان شەهیدو بریندارو بێ سەرو شوێن کران و بارەگاکانی لق و ناوچەکانمان دەستیان بەسەر داگرتن و کارگەیشتە داگیرکردنی بارەگای مەکتەبی سکرتاریەتیش. بەو شێوە رەفتارمان لەگەڵ دەکراکە ئێمەین لە سەنگەری پێشەوەی ئەم شەڕانە. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە زۆر هەوڵماندا بە ئاراستەکردنی بیر خەرەوەی کراوە بۆ هەردوو لایەنی شەڕکەرو گشت سەرکردایەتی لایەنەکانی تری سەر ساحەو لە زۆر لاوە بە تایبەت لە بوردی رێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستانی، بە هەموو لایەنەکانەوە لە پایتەختی هەولێرو لە خۆ پێشاندانەکاندا کە رێگە لە بەرپابوونی شەڕ بگرین سوود لە رێککەوتنەکانی ستراتیژی وەرگرین و شەڕ دووبارە نەبێتەوە. لە هەندێ لەو حاڵەتانەداگیانی هەڤاڵانمان دەخستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی بەشداری لە هەوڵە ئاشتیخوازانەکاندا بکەین. بەڵام بەداخەوە شەڕو دژایەتی کردن گەیشتە رادەی نائومێدبوون و هەڕەشەی کرد لە چارەنووسی گەلی کورد. پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی ئیفلیج کردو هیچ شەرعییەتێك بۆ ئیدارەکردنی وڵاتیان نەهێشت. بۆیە وەکوو ئەرکێکی سەرشان، لە پێناو بەرگری کردنا لە شەرعییەت و لەبوونی کاریگەرانەی لاوان لە بوارە جۆربەجۆرو رووداوەکانداو رەتکردنەوەی غەدرو دیکتاتۆریەتی حزبی و پێشیلکارییەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی بیروڕای سیاسی و لە پێناو بەرگری کردن لە کوردستان و لە خۆمان. وەکوو بارزانی نەمر فەرموویەتی (لاوانی کورد شوورەی پۆڵایینن بۆ پاراستنی کوردستان) لاوانی دیموکراتی، شان بەشانی ئەرك و چالاکیتر چەکی شەرەفی بەرگری لە شەرعییەتی هەڵگرتووەو رێگە نادا هیچ دیکتاتۆرێك چ بێگانەو چ ناوخۆ بە زۆر خۆی بەسەر ئەم گەلە ستەمدیدەیەدا بسەپێنێ و هەرەشە لە سەروەرییەکانی ئەم گەلە بکات. لە هەمان کاتیشدا بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆیی یەکان بەزمانی تێگەیشتن و نەرمی و گفتوگۆ چارەسەر بکرێت و بەرژەوەندی گشتی گەل رەچاو بکرێت. نەك حزبایەتی بەرتەسك و یاری بە چارەنووسی گەلەکەمان بکرێت.

**■ روانگەتان لەمەڕ دەوری رێکخراوە جەماوەرییەکان بەگشتی لە هەڵسووڕاندنی کاروباری کۆمەڵایەتی باری ئێستای کوردستان چییەو ئێستا لە کوردستان رێکخراوە جەماوەرییەکان لە چ ئاستێکدا دەبینن؟**

□ رێکخراوە جەماوەری و پیشەیی یەکان هەر یەکەو بە پێی تایبەتمەندی خۆی هەوڵ و تەقەللاو کۆششی هەیە بۆ بەشداری کردن لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەتی یەکێتی ئافرەتانی کورستانی تێکۆشەر لەم بارەیەوە زیاتر ئەم ئەرکە پیرۆزەیان لە سەرشان گرتووەو بە پێی بارودۆخی کوردستان هەر ئەوەندە لە دەست دێ. شایانی باسە نەبوونی ئارامی و ئەو ئاڵۆزییە لە بارودۆخی کوردستاندا لەرووی سیاسیەوەو لە هەمان کاتدا دوو ئابلۆقەی ئابووری لەسەر کوردستان و نەبوونی سەرچاوە

بەرهەم هێنەرەکانو بێکاریو گیروگرفتیتری کۆمەڵ، بارودۆخێکی وای خولقاندووە کە لە زۆر کێشە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵ ناچارینو دەستمان لەبن بەردەو مخابن کە نەك لە ئیرادە بە دەرە بەڵکوو ئەگەر شەڕو ئاڵۆزیش لە کوردستان نەمێنێو شەرعییەتیش بگەڕێتەوەو حکوومەتی کوردستانیش دەست بەکار بێ وەکوو پێویست ناتوانین گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکان چارەسەر بکەین.

ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو شارستانییەتی کۆمەڵی کوردەواری گرێدراوە بە دانانی پرۆژەو نەقشەو پلانی چڕو تێروپڕ لە لایەن حکوومەتێك کە لە رووی سیاسیو ئابوورییەوە لەسەر پێ وەستابێو گشت شوێنەوارە کۆنو تازەکانی نالەبارییەکۆمەڵایەتییەکان لە دووای دیراسەکردنێکی زانستیانە لەبەر دەست بنو بۆ ماوەیێکی درێژ هەوڵی جدی بۆ بدرێت لە چارەسەر کردنی کێشە بنەڕەتییەکان. هەم دیسان بە رەئیمان نابێ خەباتی کۆمەڵایەتی کەمتر لە خەباتی سیاسی حساب بکرێتو زۆر گرنگە لەم بوارەدا وەکوو ئەرکێکی نیشتمانی پیرۆز حاڵەتی گشتی هەبێ لە کەم کردنی کێشەو گرفتەکانو پێش چاو روونکردنی کۆمەڵی ستەمدیدەی کورد بۆ ئەوەی لە رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی سەردەمدا دووا نەکەوێ.

**■ زۆر هەن کە دەڵێن رێکخراوە جەماوەرییەکان زیادین. رای بەڕێزتان لەم بارەیەوە چییە؟**

□ بەداخەوە دیارە ئەوانە لە نزیکەوە وشیاریو پێش چاو روونییان نییە، لە هەبوونی کاریگەرو پێویستی رێکخراوە جەماوەری پیشەییو ئەکادیمییەکان لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی داو هاوچەرخی بوونی کۆمەڵو لە هەمان کاتدا ئاگاداری مێژوو و رۆڵی ئێستاو ئایندەی ئەم رێکخراوانە نین لە بنیاتنانی کۆمەڵو ئاوەدانکردنەوەو ئەرکی پیرۆزی نیشتمانی لە زۆر بواردا.

بە رەئیمان پێویستە رێکخراوە جەماوەرییەکان زیاتر خۆیان ماندوو بکەنو زیاتر رۆڵی کاریگەری خۆیان لە ئەرکو چالاکی پسپۆڕیو نیشتمانیدا بگێڕنو حکوومەتو حزبیش پشتگیریو هاوکاری پتریان بکات. تائەم رێکخراوانەش لە ئەرکو پسپۆڕی خۆیان دوورینو رۆڵی گرنگیان نەبێ. ئەوکات کارەساتێکیترە بۆ بزووتنەوەی کوردایەتیو مەحاڵە ئەوکۆمەڵە پێش بکەوێو کاریگەربێ لە گۆڕانکارییە ئیجابییەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا.

**■ بەڕێزتان وەکوو سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان چیتان هەیە بۆ قوتابیانو لاوانی ئاوارە لە کاتی گەڕانەوە؟**

□ ئومێدمانە قوتابیانو لاوانی ئاوارە بگەڕێنەوە وڵاتی دایكو خزمەتی کوردستانی خۆشەویست بکەن لە گەڕانەوە. هەر دڵسۆزو کوردپەروەرێكو بە تایبەتی ئەوەی بە مێشكو بازوویێکی زانستیو بە ئەزموونێکی شایستەو رەوشتی بەرزی کوردایەتییەوە دەگەڕێتەوە یەکجار خۆشحاڵو سەرفەراز دەبێو کوردستان زۆر پێویستی بە هەبوونی کادری دڵسۆزو پسپۆڕو قوتابیو لاوی کۆڵنەدەرە لە مەیدانی بەرگری کردنو بنیاتنانو ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا. بە راشکاویش دەڵێین کوردستان ئەمڕۆ لە بارودۆخێکی نالەبارو پڕ گیروگرفتدا دەرباز دەبێت بۆیە دەبێ ئامادەبێ سایکۆلۆژیو گیانی شۆڕشگێڕانەوکۆڵنەدانیان هەبێ ئەوانەی نیازی گەڕانەوەیان هەیە.

**■ گزنگ چۆن دەبینن؟**

□ گزنگ خۆشەویستەو دەبێ ئەو چاوەڕوانییەشمان هەبێ لە گزنگ کەگۆڤارێکی دەوڵەمەندتربێ لە ناو رۆژنامەگەری پێشکەوتووی کوردیدا. بە تایبەتی لەناو دەریای رۆژنامەگەریدا دەژی لە ئاوارەیی داو زیاتر سوود وەرگرێ لە رووی تەکنیکیو ناوەرۆکدا. هەرچەندە ئاگادارین کەمی ئیمکانیاتی ماددیو دەزگاو پێداویستییەکانی چاپ. دەستتان خۆشبێو سەرکەوتووتربن لە پێش چاو روونکردنی قوتابیانو

لاوانی ئاوارەو خوێنەری گزنگی تێکوشەر.

**■ بۆچی لاوانی کورد هەموویان لەناو یەك ڕێکخراودا کۆ نابنەوەو یەکێتی لاوان بۆ گەیشتن بەم ئاواتە چی کردووە؟**

□ ئەم پرسیارەتان لە دووبەش پێکهاتووە. ئەمەوێ سەرەتا باس لە بەشی یەکەمی بکەم.

دامەزراندنی ڕێکخراوێکی لاوان لەناو هەر میللەتو وڵاتێکدا بێت پێکانی خۆی هەیە لە دابینکردنی مەبەست، ئامانجو بۆچوونەکانی خۆی گەلاڵە دەکا لە ناو بەرنامەیەکی داڕێژراو. ئێمە وەك لاوانی دیموکراتی زیاتر لە قەوارەی پەروەردەیی کە لە (بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیو ڕۆشنبیریدا) خۆی دەنوێنێو نەمانی شەڕو چەك لە کوردستاندا (ئاشتی)و بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەتو گشت پیلانە گڵاوەکانی دوژمنانی کوردستان کە گوندو سەرچاوەی ئیمرۆی ئابووریی کوردستانو شارو شارۆچکەکانی کوردستان کاول کردووەو سەر لە نوێ بە شێوەیەکی نوێ خوازیو بەرنامە داڕێژراو بنیادیان بنێنەوە واتە (ئاوەدانکردنەوە) خۆمان دەنوێنین. هەر لاوێکی کوردستان ئەم بۆچوونانەی هەبێ دەتوانێ خۆی لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکەماندا بێت بەڵام عەقلیەتی خۆسەپاندنو نەبوونی گیانی تەباییو لێبووردن کە لە لایەن هەندێ حزبی کوردستانی بەتایبەتی جەلالیەکان خۆی دەنوێنێ، ناچار بووین لە پێناو چەواشە نەکردنی لاوانی کوردستان بە واقعییەتێکی ترەوە بکەوینە خەباتکردن. دەکرێ لەو وڵاتانەی کە باوەڕیان بە فرە حزبایەتی هەیەو پرۆسەی دیموکراسیو ئازادی بیروڕاو پێشبڕکێی سیاسییان هەیە لە چوارچێوەی فیدراسیۆنێك یان شێوە بەرەیەك یان لێژنەیەکی هاوکاریدا بۆ ئەم ئەرکو چالاکییە هاوبەشانە خەباتی هاوبەش بکەن. بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، لاوانی دیموکراتی هەمیشە لەگەڵ گیانی تەباییو هاوکارو بە یەکەوە خەبات کردندا بووە. بۆ ئەم مەبەستەش هەر لە خەباتی شاخەوە بگرە تا دووای ڕاپەڕین کە خۆی لە ناو شاردا دەنواند، دەستپێشخەری یەکەم بووینە لە دانانی لێژنەی باڵای هاوکاری کوردستانیو عێراقیو لەم بارەیەوە چەند جارێك ئەم لێژنانە دامەزرانو بەشداری لە فستیڤالەکانی لاوانی جیهان داکرد. بە تایبەت لە ١٩٨٥ کەلە مۆسکۆ، لە ١٩٨٩ کە لە پیۆنگ یانگ بەستران ئەمەو جگە لە چالاکیو زۆر کاری هاوبەشیتر. بەداخەوە لە دووای ڕاپەڕین مونافسەیەکی ناشەریفانەی حزبایەتی بەرتەسك کاری کردە سەر کاری ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش، نەتوانرا یەکبوون یان یەکگرتنی ئەم ڕێکخراوانە سەربگرێ بەتایبەتی بۆ قوتابیانی کوردستان کە زۆر پێویستە لە مەڵبەندە پیشەییو ئەکادیمیەکاندا یەکجار ئەرکێکی پیرۆزی نیشتمانی بوو.

**■ سوپاستان دەکەینو داوامان وایە ئەگەر لە کۆتایی پەیامێکت بۆ لاوانو قوتابیانی ئاوارە هەبێت بفەرموون.**

□ بە فورسەتێکی لەبار دەزانم کەلێرە تەئکید لەسەر مەسئەلەی زمان بکەم. زمانی دایك زۆر گرنگە ئەو ئاوارانە خۆیان بزر نەکەن لە ناوزمانی بێگانەداو زمانی خۆشیان لەبیر بچێت ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە مەسئەلەی ئیستیبعدادو خۆ ئامادەکردن بۆ گەڕانەوەی وڵات، ئەمە دیسان لە ئەرکێکی نەتەوەییو نیشتمانی پیرۆزدا خۆی دەبینێ ئەمە لەبەر چاویانبێ قەت نابێ گەلو وڵاتو نەتەوەکەی خۆیان لەبیر بکەنو دەبێ هەمیشە خۆیان بە نەتەوەیێکی ستەمدیدەو زوڵم لێکراو حیساب بکەنو دیسان خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی ئاییندەی ئەم گەلە لە سەرشانی ئەوانەو دەبێ بەرێوەی ببەن. لە کۆتاییشا تەنیا ئەوە دەڵێم: هەڤاڵان هەوڵ بدەن بگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆتانو کار بکەنە سەر ئەم دۆخەی لە کوردستاندا هەیە، بە کاری ئیجابیو خزمەتی شۆڕشگێڕانە.

**■ گەلەك سپاس بەڕێز ئیبراهیم مەستەفا**

١٨/١٠/١٩٩٥

**بەڕێز مەحموود محەممەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی سەرپەرشتی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، سەرەتا بە خێر هاتنتان دەکەین‌و داواتان لێ دەکەین بفەرموون ئاکامی کۆبوونەوەکانی نێوان یەکێتی‌و پارتی چی لێهات؟**

□ هەر وەکوو ئاگادارن کۆمەڵێك کۆبوونەوە لە نێوان پارتیمان‌و یەکێتی بەستراوە. بەلام بە تەئکید مەبەستتان کۆبوونەوەکانی دبلن‌و تارانە.

وەفدی پارتیمان کە ڕۆییشت بۆ دبلن، بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ شەڕی داسەپاوو دژی شەرعییەت بوو. لە گەڕی یەکەم لە سەر چەند خاڵێکی بنەڕەتی گفتوگۆ کراو هەردوولا ڕازی بووین‌و پێکهاتنێکی سەرەتاییمان واژۆ (ئیمزا) کرد. گەلی کوردستان کە ئەم شەڕەی بە دژی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی دەزانیی‌و زۆر خۆشحاڵ بوون‌و چاوەڕوان بوون لە گەڕی دووەمدا کە لە هەمان شارکۆ دەبوونەوە هەموو شتێك تەواوبێت‌و ڕێکەوتن ڕابگەیەندرێ، بەداخەوە هەر وەکوو کاك سامی گوتی وەفدی یەکێتی هاتبوون بۆ دبلن بۆ ئەوەی ڕێکەوتنەکە واژۆ نەکەن. یەکێتی لە هەندێ لەو خاڵانەی بنەڕەتی کە



**▣ ئەنجامی کۆبوونەوەکان، تەنیا شەڕ بەو قەوارە گەورەی پێشووی نییەو ئەویش پارتیمان خۆی لێ دەپارێزێ. ئەگینا ئەگەر پارتیش وڵامی هەموو دەست درێژی‌و خورووقاتی ئەوانی دابایەوە، شەڕ لە جاران گەرمتر دەبوو.**

پێکهاتبووین ژێوان ببووەو هەندێ شتی تازەی هێنابوو کە بە پێچەوانەی گفتوگۆکانی پێشوو بوون‌و هەر لەوێ سەرۆکی وەفدەکەیان نووشیروان مستەفا ڕایگەیاند کە ئیلتیزام بە ڕێکەوتنەکانی سەرەتایی‌و ئاگربەست ناکەن.

بەرژەوەندی گەلی کوردیان لە بەرچاو نەگرت‌و دڵیان بەگەمەیەکی تری سیاسی خۆشبوو کە ئەوانیش‌و خەڵکی تریش هەڵەیەکی مێژووییان کرد... پاش چەند ڕۆژێك لە بەئاکام نەگەیشتنی گەڕی دووەمی گفتوگۆی دبلن یەکێتی گەیشتە قەناعەت کە لەو مراهنەی‌دا هەڵەیەکی مەزنی کردووە بۆیە مەکتەبی سیاسی‌یان بەیانێکی دەرکرد کە پابەند دەبن بە ڕێکەوتنەکەی گەڕی یەکەمی دبلن.

هەوڵی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بۆ ڕاوەستانی شەڕو ڕێککەوتن کاریگەریەتی هەبوو و یەکێتی ئەوەی لە دبلن لێی پاشگەز ببۆوە لە تاران نەرمتر ببوو. شاراوە نەبێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتاوە هەوڵی‌دا کە نێوانمان بکات بەلام ئەوەی ڕاستی بێت پرۆسەی ئاشتی لە کوردستان جێگیر نەبووەو یەکێتی چەندینجار خەرقی ئاگربەست‌و خاڵە سەرەتایەکانی کردووەو لە چەندین مێحوەرە تەقەیان لە سەنگەری پێشمەرگەو خەڵکی گوندەکان کردووە. ڕاوەدوونان‌و گرتن‌و ماڵ تاڵانکردن بەردەوامو لەو سنوورانەی لە ژێر دەسەلاتی ئەواندایە دیاردەی تیرۆر یەکجار زۆر بووەو هەندێکیشیان بە ئاشکرا خودی یەکێتی ئەنجامی دەدا. کەواتە ئەنجامی کۆبوونەوەکان تەنیا شەڕ بەو قەوارە گەورەی پێشووی نییەو ئەویش پارتیمان خۆی لێ دەپارێزێ. ئەگینا ئەگەر پارتیش وڵامی هەموو دەست

درێژیو خورووقاتی ئەوانی دابایەوە، شەڕ لە جاران گەرمتر دەبوو. بەڵام پارتی لە روانگەی بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەییمان لە راست ئەم خرووقاتانە تەنیا بە خەڵکیان رادەگەیێنێ بۆ ئەوەی خەڵکی دراوسێو دەرەوە بەگشتیو کوردستانی گەورە بە تایبەتی ناوەرۆکی شەڕخوازانەی سەرانی یەکێتی تێ بگەنو بەرچاویان روون بێت.

**■ مامۆستا هەموو خەڵك دەڵێن شەڕی ناوخۆیی زیان دەگەیێنێتە بزاڤی ئازادیخوازی کوردو تەنانەت مەترسی لە کیسچوونی ئەم دەرفەتەشمان هەیە. ئەی بۆ پارتیو یەکێتی گەلی کورد تووشی ئەم چارەنووسە دەکەن؟**

□ گومان لەوەدا نییە ئەم شەڕە داسەپاوو دژی پارتیو دژی شەرعییەتو یاسا زیانی هەبوو بۆ سومعەی گەلی کوردو کاریگەریەتی هەبووە لە سەر تێڕوانینی گەلان بۆ کێشەکەمان. لەوانەیە بپرسی دژی پارتیمان زانی بەڵام دژی شەرعییەت بۆچی؟

چونکە بەراستی یەکێتی دەیەویست بە زۆری زۆرداری دەسەڵاتی بە دەستەوە بێنێتو پارتی رابکێشێ بۆ ناوسەنگەری دژی هەڵبژاردنو دژی دیموکراتییەتو لە چەند کۆبوونەوەی هاوبەشیدا ئەم بابەتەیان دەخستە خشتەی کارەکان. جاری یەکەم وتیان هەڵبژاردن بۆ چەندین ساڵێتر دووا بخرێ. پارتیمان ئەم شتەی بە پێچەوانەی دیموکراتییەتو ئیرادەی گەل زانیو پەسندی نەکردو پێی داگرت لەسەر هەڵبژاردن. جاری دووەم بە شێوەیەکیتر هاتنەوە مەیدان وتیان باشە هەڵبژاردن بکرێ بەڵام هەردووك لامان بە یەك قایمە دابەزین. یەعنی دیسان ٥٠بە٥٠ ی پارتیو یەکێتیو ئەمەشمان بە شەرعیو دیموکراتی نەزانی. جاری سێیەم بە شەڕ هاتنە مەیدانو ویستیان ئینقلاب بکەن بەڵام سەرنەکەوتنو ئەم پەلەقاژێیە بوو بە هۆی پەکخستنی پەرلەمانو حکوومەتی هەرێمو زیانگەیاندن بە گەلی چەوساوەو ستەمدیدەی کوردستان. هەر بۆیەش پێویستە خەڵکی کوردستان ئەم راستییانە بزانـنو پارتیو یەکێتی بە یەکەوە لەتای تەرازوو دانەنێنو خاوەن هەڵوێست بن. چاکەو خراپەوەکوو خۆیان باس بکەن نەك تێکەڵاویان بکەن.

**■ ئەگەر سەرکردەکانی پارتەکوردستانییەکان لە ئاست رووداوەکانو ئالوگۆڕییەکانی جیهانیو ناوچە دابنو جەماوەر خۆی دوورە پەرێز نەکات، ئاییندەی کورد بە باشی دەبینم.**

سەرۆکی خۆشەویست کاك مەسعوود بارزانی پێش شەڕو لەکاتی شەڕیشدا زۆر هەوڵیدا ئەم شەڕە نەکرێ یا رابوەستێ. بەڵام بەداخەوە لایتر (ینك) چونکە بە بڕیار شەڕەکەیان دەستپێکردبوو سوور بوون لەبەردەوامی شەڕەکە. هەر بۆیەش یەکێتی بە تەنیا تەحەمولی مەسوولییەتی ئەم شەڕە نەویستە دەکات.

**■ داهاتووی کورد بەگشتی چۆن دەبینن؟**

□ ئەگەر سەرکردەکانی پارتە کوردستانییەکان لە ئاست رووداوەکانو ئالوگۆڕییەکانی جیهانیو ناوچەدا بنو جەماوەر خۆی دوورە پەرێز نەکات، ئاییندەی کورد بە باشی دەبینمو گەشبینمو بە پێچەوانەشەوە بەداخەوە تووشی ناخۆشیو هەڵدێر دەبین.

هەنگاوەکانمان لە رووی واقیعی ئێستای ناوخۆییو دەرەوەیی دابێو هەلومەرجی نوێی جیهانی لەبەر چاو بگیرێ. زمانی دیپلۆماسیمان بە هێزترو پەیوەندیمان لەگەڵ گەلانی دنیا توندوتۆڵتربێ. واز لە دووبەرەکیو سێبەرەکیو هتد... بهێنینو یەك زمانمان هەبێ بۆ ئاخافتنو داواکاریەکان. هەموو هێزو تواناکان لەهەموو بوارەکاندا لە خزمەتی کێشە رەواکەمان دابێ.

هەندێ حزبی کوردی بگەنە قەناعەت کە حزب بۆیە دروست

دەبێ کەلە چوار چێوەیەکی ڕێکوپێك خەبات بکرێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردو حزب بکەوێتە خزمەتی کێشەی گەل، نەك بە پێچەوانەوە کێشەی کوردو خودی گەلی کورد بخرێتە خزمەت حزبەکەیان. ڕووداوەکانی جیهانیو ناوچەو ئالۆزیەکان مژدەی خۆشیو باشی دەدەنو لە هەموو گرنگتر ئالوگۆڕی کەوتۆتە هەڵوێستی زۆر حکوومەتو شەخسیاتی ناسراوی جیهانیو رای گشتی جیهانی لەگەڵ کێشەکەمان. بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر بۆ خۆمان وەکوو کورد بەگشتی لە ئاست ئەم بارودۆخە دابین، داهاتووی کورد بە دڵی کورد دەبێ.

**■ یەکێتی ئیتهامی چەك وەرگرتن لەوڵاتە دراوسێیەکان دەخاتە پاڵ پارتی. وڵامی جەنابتان چییە؟**

□ ئەم حزبە ئەوەی لەدەستی هاتبێ لەبواری عەسکەریو ئیعلامیو سیاسیو دیپلۆماسی، لەدژی پارتیمان درێغی نەکردووە. بۆ درۆو دەلەسە هەڵبەستن وەستای چاکن. بەڵام شانس یارییان ناکاتو زوو زوو ڕاستییەکان دەردەکەون. پارتی دوێنیو پێرێ دروست نەبووەو هۆکاری دروست بوونیشی دژایەتی پارتو کەسایەتی کوردیو لە رووی رقو کینەو تۆڵەو رابردووپیسییەوە نەبووە بەڵکوو وەکوو پێویستییەکی مێژوویی بۆ یەکخستنی هێزو تواناکانی گەلی کوردو خەباتو تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەل دروست بوو... پارتی ناسراوە بە رەفتاری مەعقوولو مەوزونو خۆراگریو هەمیشە پەیوەندییەکانی ناوخۆییو ناوچەییو دەولی لە سەر ئەساسی واقیعو مەنتق دارشتووە.

پارتی دەیان ساڵە خەباتی چەکداری دەکاتو چەکی بە ئەندازەی پێویستی خۆی دابین کردووە. یەکێتی تا چەند رۆژ بەر لەئێستا دەهۆڵی ئەوەی لێ دەدا کە پارتیمان چەك لە رژێمی عێراق وەردەگرێو لەو کاتەشدا بەزۆری چەكو فیشەك لەرێگای کەرکووكو هەولێرو مەخموورو هەولێر بۆ چەکدارەکانی یەکێتی دەهات... گەلی کورد لەگەڵ ئەم بەندو باڵۆرانەی، بە یەکێتی راهاتووە.

**■ رۆلی حزبەکانی تری کوردستانی لە شەڕی ناوخۆ چی بووە؟**

□ رۆڵی حزبەکانی کوردستانی بەرچاو بوو بۆ ناوبژیوانیکردنو راوەستانی شەڕ. (١٧) حزبی کوردستانی بە یەکەوە هەوڵیان دەدا. دووایە دابەشبوون دوو گرووپی ٧ حزبیو ٨ حزبی پێکهاتنو پەیوەندیان لەگەڵ هەردوو لامان دەکرد. بەداخەوە یەکێتی هیچ نرخێك بۆ هەوڵو کۆششی ئەوان قایل نەبوو. هەندێکجار متتەهەمی دەکردن کە لایەنگیری پارتیمان دەکەن. جارێك سکرتێری گشتییان بە حزبی شووعی گوتبوو هەرچییان بۆ بکەین ویارمەتییان بدەین هەر لایەنگیری دەکەنو مەسئەلەی قرناقەو پشتئاشانیان لەبیر ناچێتەوە. بە پێچەوانەوە پارتیمانو سەرۆك بارزانی ڕێزی تەواوی هەبووەو هەیەتی بۆ پارتە کوردستانییەکانو هەوڵە خێر خوازەکانیان بۆ بەرقەراری ئاشتی لەکوردستان.

**■ هەندێ کەس دەڵێن هاتنی هەردوو وەفد بۆ ئێران دووای درۆگیدا رەنگە ببێتە هۆی تۆرانی ئەمەریکاو زیان بە کورد بگەیێنێ. رای جەنابتان چییە؟**

□ کۆماری ئیسلامی ئێران حکوومەتێکی دراوسێی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەو گەلی کورد پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ئێران هەیەو ئەم پەیوەندییەش نوێ نییە بەڵکوو زۆر کۆنە. کۆماری ئیسلامی ئێران چەندین ساڵە پەناگایەك بووە بۆکۆمەڵێکی زۆر لە رۆڵەکانی گەلەکەمان لە دووای ڕووداوەکانی ١٩٧٥و هەروەها کۆماری ئیسلامی ئێران کاتی هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی سەرۆکی نەمربارزانی باوك کارێکی وای کرد کە لەبەرچاومان بێتو هەروەها کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەو زۆر ڕووداویتر تاکاتی کۆچرەوەکەی بەهاری ١٩٩١و گێرانەوەی تەرمی پیرۆزی سەرۆکی نەمر بارزانی باوكو رۆڵەی شۆڕشگێرو

سیاسەتمەدار کاك ئیدریس بارزانی جوانەمەرگ بۆ هەرێمی کوردستان، هەموویان لەبەرچاوی گەلی کوردستانی عێراقن.

پارتیمان لە چەندین بۆنەو هەتا لە کۆنگرەی پارتیش‌دا باسی لەم هەڵوێست و کردەوانە کردووەو ستایشی کردوون.

جاری یەکەم نییە کە ئێران هەوڵ بدات بۆ ناوبژیوانی کردنمان و تەقدیرمان هەیە بۆ هەوڵەکانیان و تەقدیری هەوڵی ئەمریکاش دەکەین بۆ چارەسەری کێشەکەمان و لەم دوواییەشدا پارتیمان بەیانێکی بڵاوکردەوە وابزانم لە ٢٠/١٠/١٩٩٥ دابوو بە راشکاوی رای خۆی تێدا دیار کردووە سەبارەت بە هەوڵی خێرخوازانە لە دبلن. هەموو لایەك وەزعی ئێمە لە هەرێمدا دەرك دەکەن و سوپاسی ئەوانە دەکەین کە بەتەنگ بابەتەکەوەیەو هەوڵێکی خێرخوازانە دەدات. کوردیش وەکوو هەرگەل و وڵاتێکیتر پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بەرزی گەل رێك دەخات و لەکوێ لەگەڵ یەك دەکەوینە سەنگەرو بەرژەوەندیمان پارێزراو دەبێ و لەکوێ هەڕەشە دەکەوێتە سەر بەرژەوەندیمان. یەعنی هەنگاوەکانمان دەبێ بە بەرچاو روونییەوە بێ. ئەمریکاش هەلومەرجی ئێستای کوردستان و مەوقعییەتی جوگرافییای دەرك دەکات هەوڵ دراوە لەمەو دوواش بەردەوام دەبێ ئەوکردەوەو رەفتارانە بکەین کە بەرژەوەندی گەلی کوردستانی تێدابێ. دراوسێکانیشمان وەزعی هەرێم دەرك دەکەن.

**■ ئەمەریکا نیگەرانی خۆی لە چوونی چەکدارانی سەربە (مجلس الاعلا) بۆ کوردستان دەربڕیوە. رای جەنابتان لەم بارەیەوە چییە؟**

□ ئەمریکا نیگەرانی خۆی لەو بارە لەگەڵ (P.K.K)پێکەوە نیشان داوە. لەو کاتەوە کە ئەم دەنگوباسە پەیدابووە لە کوردستان دوورم. زانیاری تەواوم لەم بارەوە نییە بە تایبەتی کە دەبێ ئەو هێزانە چووبنە ئەوشوێنانەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی داوای لێبووردن دەکەم.

**■ ئەرکی رێکخراوە جەماوەرییەکان لە کوردستان چییەو ئایا ئەم ئەرکانەیان بەجێ گەیاندووە؟**

□ دەبوایە ئەرکی رێکخراو جەماوەرییەکان کۆ کردنەوەو تەعبیەی جەماوەر بوایە بۆ راگرتنی شەڕو رەئیی دروست کردن بۆ ریسواکردن و داوای موحاسبە کردنی شەڕەنگێزان لەبەر ئەوەی یەکێتی چۆن دژایەتی حزبەکانی کوردستان دەکات ئاوەهاش دژایەتی رێکخراوە جەماوەرییەکان دەکات و ئەوانەی تەئییدی سیاسەت و بۆچوونەکانیان نەکەن نەك هەر دژایەتی بەڵکوو دوژمنایەتیشیان دەکەن. بە باوەڕی من ئەمەش لەو روانگەیەوە هاتووە کە ئەم حزبە هەر وەکوو چۆن لە پێش راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی جەماوەری کوردستان باوەڕیان بە هەبوونی رێکخراوە جەماوەرییەکان نەبوو، ئێستاش هەر لەو باوەڕە دان بۆیەش نەتواندرا ئەنجومەنێکی رێکخراوە جەماوەرییەکان لە هەرێم دروست بکرێ. یەعنی (بوردی رێکخراوە جەماوەرییەکان).بەو مانایە نەبێ کە هەوڵی بۆ نەدراوە بەڵکوو لە بەهاری ساڵی ١٩٩٤ ئەم بابەتە گفتوگۆی لەسەر کراو لێژنەیەکیشی بۆ پێکهات تا ئەو کاتەی کە یەکێتی هەستی کرد کە جڵەوی کارەکەی لە دەست نەچووە لەگەڵ بابەتەکە هاتە پێش. بەڵام دووای ئەوەی جڵەوی بابەتەکە لەدەست ئەوان هاتە دەرو بەپێی نەخشەو پیلان ئیشی بەڕێوە نەچوو، هەوڵی تێکدانیان داو نەدەهاتن بۆ کۆبوونەوەکان وەیا هەوڵیان دەدا تەنیا وەقت بە سەربردن بێت. نوێنەریان لە بوردەکە داوای لە هەڤاڵانمان دەکرد لەو رێکخراوانەی لە لایەن پارتیمانەوە هاوکاری دەکرێن کە ٥٠بە ٥٠مەسوولییەتەکان دابەش بکرێ. کاتێ لەگەڵ ئێمەو مەکتەبەکەمان باسکرا، بەکارێکی نادیموکراتیانەو دژبە رێکخراوەکانی حزبەکانی تری کوردستانیمان زانی و پەسندمان نەکردو وتمان دەبێ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی هەڵبژاردن بکرێ.

نـــموونەی تـــری بـــاوەڕنەبوونیان بەکاری ڕێکخراوەیی، لە سەندیکای کرێکاران هەڵبژاردنـی لیژنەی بـاڵا کـــراوە، پێشتر نـوێنەری یـەکێتی بەرپرسی لیژنەکە بوو. وە نـوێنەری حزبی شووعی بـوو بـە مـەسئوولو هەڵبژاردنەکـەیان تـەئیید نـەکـردو هەولێاندا هەڵبوەشێنەوە. تاگەیشتە ئـــەو رادەیـــەی نـــوێنەریان لەو سەندیکایە هاتە لای من لە هـەولێر. دووای ئەوەی تەبریراتی دەهێنایەوە کە هەڵبژاردنەکە شەرعی نییە، دیارە دەیگوت لەگەڵ چەند حزبێك پێشتر ئـیتتفاقیان کـــردووە بـەڵام فـێڵیان لێ کردوون. دیـاربوو چـەندجاریتر تکـــراری کـــردەوە کـــە مـــنو مەلابەختیار کە بەرپرسی مـەکـتەبی ڕێکـــخراوە دیـــموکراسییەکـــانی یەکێتییە، یەکتر ببینینو ئەم بـابەتە حەل بکەینو پێمان گوتن کـە ئـێمە ئـەوەی کـراوە تـەئییدی دەکـەینو لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە نین.

لەگــەڵ ئـــەم بـــارو دۆخـەشدا ڕێکـــخراوەکـــان لە رووی کـــاری ڕێکخراوەیی رۆڵـی خـۆیان بـینیوە. چەندینجار بەتاکـی یـا بـە کـۆمەڵ بـــەیانو تـەسریحیان دەرکـردووەو هـــەڵوێستیان هـــەبووە لەســــەر ڕووداوەکانی کـوردستانو نـاوچە. بەتایبەتی یەکێتییەکـەتان یـەکـێتی لاوانـــی دیـــموکراتی کـوردستانو یەکێتی قوتابیانی کوردستانو یەکێتی ئـافرەتانی کـــوردستانو یـــەکێتی مـــــامۆستایانی کـــوردستانو

■ **یــــەکـــێتی لاوانـــــی دیموکراتی کــوردستان، شـــــانـبــــــەشـــانی ڕێکـــخراوەکـانی تـری کـــــوردستان ئـــەرکی نیشتمانیو ڕێکخراوەیی خـــۆی ئـــەنجام داوە. خـــاوەنی دەیـان سـال خەباتەو لەم پێناوەشدا قـــوربانی یـــەکـجار زۆری داوە.**

مـــــافپەروەرانو کــــۆمەڵەی هـونەرمەندانو هـتد....جێی داخـە هەڤاڵانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان کـــەوتنە بـــەر شـاڵاوی ئـیرهابو تیرۆری یەکێتیو تارادەی تەسفیەی جەسەدی. لە ســـلێمانیو هـــەولێر چـــەندینجار هـــەڤاڵانی لاوانو قـوتابیانو ئـافرەتانو مـامۆستایانو هتد... دەستگیرکرانو ئیهانە کراون... تیرۆر کردنی موهەندس شێرزاد لە هەولێر کە ئەندامی ئـەندازیـارانـی کـــــوردستان بـــوو. بـــە دەســـتی چەکدارانی یەکێتیو هەروەها تیرۆر کـــردنی مـــامۆستا دکـــتور مـحمد قەرەداغی عەمیدی کۆلیژی ئیدارەو ئیقتساد هەڕەشە کـردن لە عـەمیدی پەیمانگای هونەری مامۆستا فـازلو ئەگەر بەخۆ رانەگـەیشتبایە هـەمان چـــارەنووسی شــــەهید دکـــتۆر محەممەد قەرەداغی دەبـوو. جگـە لەوەی زۆر قوتابی بە هۆی ئەم بارە نالەبارە نەیانتوانی لە تاقیکردنەوەکان بەشداری بکەن.

دەبێ ڕێکـخراوەکـان ئـیش بـۆ دروست بـــــوونی رەئـــی گشـتی کوردستانی بکەن کـە بـەو شێوەیە بتوانن فیشار بخەنە سەر هـەرکەسو لایـەنێك کـە لەگـەڵ بـەرژەوەندی بـــەرزی گـــەل نـاجوولێتەوە. ئـەمە وێـــــڕای کـــاری ڕێکـــوپێکی ڕێکـخراوەیو بـەدیهێنانی ئـامانجە پیشەییەکان...

ئـەگـەر ڕێکـخراوەکـان لەبـەر هـەلومەرجـی تـایبەتی کـوردستانو گرفتاری ئابووری نـەبێ دەتـوانـن پرۆژەی باشو لێوەشاوەو بەکەڵکیان هــەبێ. چ لە رووی فـەرهەنگی یـا کـــۆمەلایەتیو رۆشـــنبیرییەوە. وە دەشـــبێ لەمـــەو دووا هـەر وابـنو تایبەتمەندیو موشکلاتی ئـابووری نـەبنە ئـاستەنگ بـۆ پـێشکەوتنیانو بۆخزمەتی گەلو وڵات.

■ **مــــــاوەیەکـــــە بـــــاسی هەڵوەشاندنەوەی یـەکێتی لاوانـی دیموکراتی کوردستان دەکرێ هەم لەلایەن هەندێ کـەوادری پـارتیو هـــــەندێ هـــەڤاڵی لاوان. رای جەنابتان لەم بارەیەوە چییە؟**

□ ئەگەر رەئیەکی وا هەبووبێ، هەڵە بووە. یەکێتی لاوانی دیموکراتی کــــــوردستان، شــــــانبەشانی ڕێکـــخراوەکـانی تـری کـوردستان ئەرکی نیشتمانیو ڕێکخراوەیی

▣ دەبــێ یــەکـێتی لاوانــی دیــموکراتــی کوردستان، شانازی بـە لقی ئاوارەوە بکات. کە هەموو یەکێتی لاوانـی دیموکراتـی کـوردستان وە یــەکـێتی قـوتابیانی کـوردستان قـەرزداری ئــەم ئــاوارانــەن کـە نەیانهێشت پـەرچـەمی یەکێتی یەکەیان بکەوێتە ســـەر زەوی‌و ئــەم ئــاوارانــە بە بـەرزی هێشتیانەوە. هەر وەکوو چـــۆن پــــارتیشمان قەرزداری ئاوارەکـانە. پـاڵپشت‌و سـووتەمەنی چەندین ساڵە بـوون لە هـــەموو بـــوارەکـــانی خەبات‌و تێکوشاندا.

خـۆی ئـەنجام داوە. خـاوەنی دەیان ساڵ خـەباتەو لەم پێناوەشدا قوربانی یەکجار زۆری داوە. کاتێك بـاس لە هـەڵوەشاندنەوە دەکـرێ ئەگەر:

١ـ ئامانجی رێکخراوەکە بەدی هاتبێ.

٢ـ رێکخراوەکە نەتوانێ رۆڵی خۆی ببینێ.

٣ـ بـەشێوەیەکـی مـۆدێرنترو گونجاوتر دروست بکرێتەوە.

ئەوەی من هـەستی پـێ دەکـەم ئـێستا هـیچکام لەم سـێ خـاڵەی سەرەوە لە بەردەم یەکێتی لاوانـی دیموکراتی کوردستان نییە. کـەواتـە دەمێنێ‌و رۆڵی خۆی بەپێی پرۆژەی نوێ‌و گونجاو دەبینێ.

■ **لقی ئاوارە چۆن دەبینن؟**

□ دەبــێ یـەکـێتی لاوانـی دیموکراتی کـوردستان، شـانازی بـە لقـی ئـاوارەوە بکـات. کـە هـەموو یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان وە یـەکـێتی قـوتابیانی کـوردستان قەرزداری ئەم ئاوارانـەن کـە نـەیان هێشت پەرچەمی یەکـێتییەکـەیان بکەوێتە سەر زەوی‌و ئەم ئاوارانە بە بەرزی هێشتیانەوە. هەر وەکوو چۆن پارتیشمان قـەرزداری ئـاوارەکـانە. پـاڵپشت‌و سـووتەمەنی چـەندین سـاڵەبوون لە هـەموو بـوارەکـانی خەبات‌و تێکوشاندا. ئەوەندەی مـن ئاگادارم هـەموو لایـەکـمان رێـزو تـەقدیری تـایبەتیمان بـۆ هـەڤاڵانی ئاوارەی ئێران هەیەو خـۆشەویستی جەماوەرن.

■ **پەیامتان بۆ لاوان‌و قوتابیانی ئاوارە ؟**

□ لەم چـەند رۆژەی رابـوردو بـــەئامادەبوونی لقـــەکـــەتان دانیشتنێکمان هەبوو لەگەڵ قوتابیانی زانکۆو هەڤاڵانی لاوان، بـاسم کـرد کە لە وڵاتێکی بـە فـەرهەنگ‌و تـا رادەیـەك پێشکەوتوو دەخـوێنن‌و دەژیەن. زۆر شـتی بـاش‌و بـەسوود لەناو ئەم وڵاتەدا هەیە سوودیان لێ وەرگرن‌و شتە باشەکان فێربن.

پەناهندە بوون لەگەڵ هـەبوونی کۆمەڵێك شـتی نـاخۆش‌و خـراپە. بەڵام کۆمەڵێکیش ئیمتیازاتی هـەیە، کە ئەگـەر بـتوانـدرێ بـە بـەرچـاو روونییەوە هەنگاوی بـۆ بـهاوێژرێ ئومێد دەکـەم هـەر وەکـوو چـۆن پـەناهندە بـوونتان خـێرو قـازانـجی گـەلی کـوردی تـێدابـوو لە رووی سیاسییەوە لەکاتی خۆی‌و ئێستاش لە رووی کـــۆمەڵایەتی‌و ئـابووری‌و رۆشـنبیریەوە سـوود بگـەیەنن بـە گەلەکەمان لەکاتی گەڕانەوەتان بـۆ وڵات.

■ **زۆر ســـپاستان دەکـــەین مامۆستا .**

سەرکەوتوو بن.

